پێویستبوون بە داماڵینی
چەکی کۆمەڵکوژ

هاوبەشەکان برەو بە ڕاهێنان دەدەن
لە ’شێری تامەزرۆ‘ لە ئەردەن

لوبنان گۆڕانکاریی نوێگەری لە پەیڕەوەکەیدا
دەکات بۆ فەرماندە سەربازییەکانی داهاتوو

# UNIPATH



## زاڵبووون
## بەسەر هێرشی ناهاوسەنگ




ژنانی قرغستان کارە دەستییەکانیان نمایش دەکەن لەمیانی فیستیڤاڵی ڕاوکردنی سالوبورون لە چەنکوراچك جورج لە مانگی ئابی 2022.

AFP/گێتی ئیمەیجس




سعوودییەکان بەشداریی ’گۆڕانی 22‘، کە ڤیستیڤاڵێکی هونەری سەرشەقامیی ساڵانەیە، لە ڕیازی پایتەخت، لە تشرینی یەکەمی 2022.
AFP/گێتی ئیمەیجس



# پێڕست


**6** **ڕێگریکردن لە لەناوچوون**

بەرپرسانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وانە لە دەستنیشانکردن، ڕێگرتن و لەناوبردنی هەر هەڕەشەیەکی کیمیایی، بایۆلۆژی و تیشکدانەوە وەردەگرن

**14** **هێزی جەنگی فڕیووە ئاسمانیەکان**

**عەقید عەمار یاسری،** هێزی ئاسمانیی عێراق

هێزی ئاسمانیی عێراق بەرپرسیاریەتی وەرگرت لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی ئاسمانی دژ بە داعش

**18** **هێزی نوێی دەریایی نێودەوڵەتی جێبەجێکار بۆ باشترکردنی ئاسایشی دەریای سور**

**ناوەندی دەرایای ئەمریکا بۆ کاروباری گشتی**

**20** **هاوبەشە تامەزرۆکان**

مەشقی سەربازیی "شێری تامەزرۆ 22" زیاتر لە 5,000 سەربازی بەرەو ئەردەن ئاڕاستەکرد بۆ نیشاندانی توانای سەربازی

**26** **پرچەککردنی خراپەکاران**

**لیوای ئەردەنی (خانەنشین) عەودە شوزەیفات**

تاوانبارە نێونەتەوەییەکان سنورەکان تێدەپەڕێنن لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە

**28** **ڕێنماییە سەردەمییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیە سەردەمییەکان**

کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی فوئاد شەهابی لوبنان تەواوکەری ڕاهێنانی ئەفسەر دابیندەکەن بە سەردانکردن بۆ زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمریکا

**32** **پێکهێنانی شێوەی نوێ لە هاوکاریی ئاسایش**

**د. خالید بن موحەمەد عەتیە،** جێگری سەرۆك وەزیرانی قەتەڕ و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگری

**34** **بەرپەرچدانەوە هەڕەشەکانی بەزاندنی سنور**

سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئاسیا لە میانەی مەشقی هاوکاریی ناوچەیی 22ی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

**38** **خزمەتکردنی یەمەن**

**عەمید فەیسەڵ ئەلجەمال،** نوێنەری نیشتمانیی یەمەن لە فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا

فەرماندەی باڵای سەربازیی یەمەن لە پێناو ئاشتی و سەقامگیری لە وڵاتەکەیدا دەجەنگێت

**42** **باشترکردنی شیکردنەوەی هەواڵگری**

**موقەدەم د. خالید محمد قەهتانی،** هێزی بەرگریی بەحرەین

ئاگادارکردنەوەی داڕێژەرانی سیاسەت لە هەڕەشە ئەگەرییەکان پێویستی بە وەرگرتنی تەکنیکەکانی هەواڵگریی هاوچەرخ هەیە

**46** **فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا سواری ژێردەریایی وێست ڤێرجینیای ئەمریکی هەڵگری موشەکی بالیستی دەبێت**

**48** **بەحرەین پابەندبوونی خۆی بە گەڕانی ئاشتیانەی بۆشایی ئاسمان دووپات دەکاتەوە**

**50** **ئۆزباکستان هاوبەشیی ستراتیژی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بەهێزدەکات**

**عەقید موزەفەر رەخمانەتولا،** پسپۆڕی سەربازیی باڵویزخانەی ئۆزبەکستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان

کارکردنی پێکەوەیی قوڵ دەبێتە لە دوای زیاتر لە سێ دەیە لە پەیوەندیی دیپلۆماسیی گرنگ

**54** **پرۆفایلی سەرکردەی باڵا**

لیوای هێزی دەریایی موحەمەد یوسم عەسام، هێزی دەریاریی شاهانەی بەحرەین فەرماندەی هێز

**58** **لە سەرانسەری ناوچەکە**




**لەسەر بەرگ**

**پێویستە هاوبەشانی ناوچەیی یەکبگرن بۆ شکستهێنان بە هەڕەشە ناهاوسەنگەکانی وەك سیستەمی ئاسمانی خۆکار لە دەستی نەیاراندا.**

شێوەسازی "یونیپاس"


UNIPATH

**بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناهاوسەنگەکان**

بەشی 12، چاپی 1


**فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا**

فەریقی یەکەم مایكڵ "ئێریك" کوڕیڵا




**پەیوەندیمان پێوە بکە**

**Unipath**
c/o Commander
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

**CENTCOM.
UNIPATH@MAIL.MIL**



"یونیپاس" گۆڤارێکی پیشەیی سەربازییە کە بەشێوەی وەرزی لەلایەن فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە وەکو کۆڕبەندێك بۆ ئەفسەرانی سەربازیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەکرێتەوە. هەر تێڕوانینێك کە لەم گۆڤارەدا دەخرێنە ڕوو بەهیچ جۆرێك دەرخەری سیاسەت و بۆچوونی ئەم فەرماندەییە یان هەر دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا نییە. وتارە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن دەستەی "یونیپاس"ەوە نووسراون، بە ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکەکانی تر ئەگەر پێویست بێت، وەزیری بەرگری ئەوەی ڕونکردەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە گرینگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی کاروباری گشتی وەک ئەوەی داواکراوە لە وەزارەتی بەرگری بەگوێرەی یاسا.

# پەیامی سەرەکی سەرۆک



بوون بە سەرەڕم بۆ ڕاوەدوونانی پاشماوەکانی قاعیدە لە میزۆپۆتامیا و تێکشکاندنی تۆڕەکانی و کوشتن و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی، دەزگای دژەتیرۆری عێراق (CTS) لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە ساڵی 2003، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە جەنگی دژ بە تاقمە تیرۆرستیەکان و گروپە لە یاسادەرچووەکان. ڕۆڵی دەزگای دژەتیرۆر تەنها پەیوەست نەبووە بە جەنگی گروپە چالاکەکانی تیرۆرستان لە ناو عێراق بەڵکو ئەرکی تریشی ئەنجامداوە لە ناویاندا دامرکاندنەوەی توندوتیژیی تایەفی (ئاینی) لە ساڵی 2006. بە یارمەتی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا، دژەتیرۆری عێراق سەرکەوتووبوو لە دروستکردنی هێزێکی تۆکمە کە بتوانێت ئەکنەلۆژیای سەربازی نوێ بەکاربهێنێت لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی هەڵگەڕانەوە و تەکنیکی دژە گەریلا.

سەرکەوتنەکانی دژەتیرۆری عێراق لە بوارەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ توانای پیشەیی، نیشتمانپەروەری، و سەرکردایەتی سەربازەکانمان و بەهێزکردنیان بە مەشقی پێشکەوتوو، ڕێنمایی و دابینکردنی بەردەوامی کەرەستەی پێویست لەلایەن هاوبەشە ئەمریکیەکانەوە کە ئەوان شان بە شانی دژەتیرۆری عێراق بە درێژایی ساڵە دژوارەکان کاریان دەکرد. لەم کاتە سەختانەدا هاوڕێکان تاقی دەکرێنەوە.

پاش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە ساڵی 2014، دەزگای دژەتیرۆری عێراق وەکو هێزێکی شەڕکەری ستراتیژی دەرکەوت کە توانی شوێنی خۆی بگرێت لە سەربازگەی غەزلانی، سەربازگەی سپایکەر و پاڵاوگەی بێجی و بەرپەرچی هێرشە بێ ئاکامەکانی تیرۆرستان بداتەوە. شانازی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەربازەکان، باوەڕیان بە دادپەروەری دۆزەکەیان، سەرکردایەتی ئازا، ئاستی بەرزی مەشق و کەل و پەل و پشتگیری دەرونی گەورە کە لەلایەن گەلی عێراقەوە پێمان بەخشرابوو.

هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگدابوون بۆ پاککردنەوەی شارەکان لە چەتە تیرۆرستیەکانی داعش. کاتێك تیرۆریستان خۆیان لەنێو دانیشتواندا قایم کرد، ئەرکی پاککردنەوەی شارەکان سەخت بوو و پێویستی بە وردبوونەوەی زۆر و بەرچاوڕوونی هەبوو. بۆ خۆ بەدورگرتن لە کوژرانی هاوڵاتیان ناچاربووین هێرشەکانمان بە هێزی هەڵگری چەکی سوك ئەنجام بدەین. دوای ئەمە، هەواڵگری بوو بە هۆکاری سەرەکی تێکشکانی داعش و گروپە تیرۆرستییەکانی تر. لەم بوارەدا پێویستە ئێمە ڕۆڵی گەورەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەلایەن فڕۆکەوانانی هاوپەیمانانەوە بەرز بنرخێنین بەدەر لە ئەرکە لەپێشینەکانیان.

سەرەڕای بەردەوامی چاودێریکردنی پاشماوەکانی داعش، هێزی دژەتیرۆری عێراق لە ئەرکەکانی ڕۆژانەی بەردەوام بوو کە بریتی بوون لەمەشق و پێشخستنی تواناکانی جەنگ لەسەر ئاستی تاك و یەکەکاندا.

بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکان. ناتوانرێت تەنها لەلایەن سوپاوە چارەسەر بکرێت. پاش سەرکەوتنە گەورەکە کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە بەدەست هات، دەستمان کرد بە پێشخستنی ستراتیژی دژەتیرۆر، بەستنی کۆنفڕانس و دەستنیشانکردنی ستراتیژی بنیاتنراو لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی لە پێناو تێگەیشتنی هۆکارە ڕاستەکانی توندوتیژی توندڕەوەکان.

کارکردن لەگەڵ سەرکردەکان و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکدا بۆ ڕێگەگرتن لە توندڕەوەکان بۆ جێخۆشکردن و ڕاکێشانی سۆزی خەڵک لەناو کۆمەڵگەدا.

دوای ئەزموونێکی درێژخایەن لە شەڕکردن بەرامبەر بە چەتەکانی تیرۆرستان و لەناوبردنی سەرکردایەتییان، ئێمە ئەوەمان زانی کە سەرەکیترین خاڵ بۆ ئەم ئۆپراسیۆنانە بریتییە لە هێزێکی یەکخراو، چالاك و خێرا جوڵەکەر لەبەرئەوەی گروپە تیرۆرستییەکان پشت بەخێرایی جوڵەکانیان و توانای خۆحەشاردانیان دەبەستن. ئەمە وادەکات لەناوبردنیان سەخت بێت لەژێر شێوازە سەربازییە نەریتییەکان بە شوێنهەڵگرتنی ئامانج و هەماهەنگی سەرەتایی لەڕێگەی هێزە سەرەکیەکانی سوپا لەو ناوچانەی کە دەکرێنە ئامانج.

جەنگی نەوەی چوارەم ئالەنگاری نوێ بەسەر سوپاکاندا سەپاند بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تێچوو کەم بۆ لێدانی ئامانجە تێچوو زۆرەکان. تیرۆرستەکان سەرنجیان خستووەتە سەر بەکارهێنانی درۆنی بچووك بۆ بە ئامانجکردنی دامەزراوە گرنگە سەربازی و ئابووریەکان. بەردەستبوونی ئەم تەکنەلۆژیایانە لەسەر بازاڕی کراوە و ماڵپەڕە بازرگانییەکان ڕێگە بە گروپە تیرۆرستەکان دەدات درۆنەکان بکڕن و گۆڕانکاریان تێدا بکەن بۆ هەڵگرتنی بار و کامێرا هەواڵگرییەکان، دامەزراندنی پێشبڕکێیەکی چەکداری لە نێوان سوپاکان بۆ پتەوکردنی بەرگریی ئاسمانی لە دژی ئەم هەڕەشە دەرکەوتووە و گرووپە تیرۆرستییەکان لە بەرەوپێشبردنی ئەم چەکانە بۆ لێدانی بەرگریی ئاسمانیی سوپا ئاساییەکان.

لە جەنگی موسڵدا، ئێمە ئەو ئاستەنگانەمان چارەسەرکرد بو بەکارهێنانی تەکتیکی جامکردنی ئەلیکترۆنی و تەقەکردنی دەقیقی مەودا نزیك. لە ئەنجامدا، درۆنەکان هیچ سوودێکی تەکتیکیان بە دوژمن نەبەخشی. سەرەڕای ئەمەش، هێرشەکەی ساڵی 2019 بۆ سەر پاڵاوتگەکانی نەوت لە سعوودیە ڕاتەکانێك بوو بۆ جیهان و تیشکی خستە سەر ئەو ئامێرە بەدەستکەوتووە ئاڵۆزەکانی چەک و تەقەمەنی لەلایەن گروپە تیرۆرستییەکانەوە کە هەڕەشەن بۆ سەر یاسایشی نیشتمانی.

لە هێرشەکەی سعوودیە، درۆنەکان بە مەودای 100 کیلۆمەتر گەشتیان کرد، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە درۆنانە هەم نوێیە و هەم جیاوازە لەوانەی لە ساڵی 2017 ڕووبەڕووی بوونەتەوە. سپۆنسەرەکانی تری تیرۆر دەتوانن ئەم چەکانە پەرەپێبدەن بۆ هەڵگرتنی کەرەستە بایۆلۆجی و کیمیاییەکان بۆ زیادکردنی ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکان.

پێویستە جیهان زۆر بە توندی یەکبگرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئالەنگارییە و ئەو دەوڵەتانە بە بەرپرسیار دابنێت کە ئەم جۆرە تەکنەلۆژیانەبۆ گروپە تیرۆرستیەکان دابین دەکەن. هەروەک چۆن گەواهی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووین بۆ داعش، گەلانی جیهان کە خەمی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریانە، دەبێت زانیاریی هەواڵگری کۆبکەنەوە و بەدوای ئەو گروپە تیرۆریستیانەدا بگەڕێن کە درۆنی خۆکوژی بەکاردەهێنن بۆ دەستپێکردنی هێرشەکانیان بۆ سەر خەڵکی مەدەنی و دەستڕاگەیشتن بە دامەزراوەکانی حکومەت بە تەکنەلۆژیای سەربازیی پێشکەوتووی هاوشێوە.

وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان پێویستە زۆر کاربکەن بۆ هاوبەشکردنی زانیاری هەواڵگری بۆ وەستاندنی هێرشەکان. ئەوەش ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانی یەکگرتوودا کاردەکەن بۆ پاراستنی دامەزراوە گرنگەکان و پاراستنی سەروەریی ئاسمانی.

**فەریقی یەکەم عەبدولوەهاب سەعیدی**

**فەرماندەی دەزگای دژەتیرۆری عێراق**



دەستەیەك لە بەرگری شارستانی عێراق بینایەك لە شارۆچکەی تازە لە گاز پاکدەکەنەوە، شارۆچکەیەك کە لە ساڵی 2016 لەلایەن داعشەوە  بە موشەکی هەڵگری گازی نایاسایی خەردەل هێرشی کرایە سەر. AFP/گێتی ئیمەیجس

# ڕێگریکردن لە لەناوچوون

## بەرپرسانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وانە لە دەستنیشانکردن، ڕێگرتن و لەناوبردنی هەر هەڕەشەیەکی کیمیایی، بایۆلۆژی و تیشکدانەوە وەردەگرن

دەستەی "یونیپاس"

لە نێوان زۆربەی ئەو کارە دڕندەییانەی کە داعش بەسەر عێراقیدا هێنا، تیرۆرستەکان لە ساڵی 2016 شارۆچکەی 'تازە'ـیان لە نزیك پارێزگای کەرکوك تۆپباران کرد بە بەکارهێنانی تۆپهاوێژ و موشەکی دروستکراوی پڕکراو بە گازی خەردەل و کلۆرین. لە نێوان 45,000 دانیشتووی شارۆچکەی تازە، 1,800 هاوڵاتی بوونە قوربانی ئەو چەکە قەدەغەکراوانە، و زۆرێکی تر بە دەست ئازاری سوتانەوەی پیست و سییەکانەوە دەناڵێنن.

خواستی داعش بۆ چەکی کۆمەڵکوژ (WMD) - هەروەها تیرۆریستەکان هەوڵیاندا بۆمبی تیشکدەری کوشندە لە مادده دزراوەکانی نەخۆشخانە و تاقیگەکانی توێژینەوە دروستبکەن - ئەمانە هۆشیارکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ بەرپرسانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبارەی هەڕەشەی گەورەتر بۆ سەر ناوچەکە.

بەرپرسانی سەربازی، پاسەوانی سنور، ئەفسەرانی پۆلیس، زانایان و حکومڕانەکان کە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژییان پێ سپێردرابوو لە چوارەمین دیداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرێمی دژ بە چەکی کۆمەڵکوژی، بەرنامەی مەشقپێکردنی ئامادەبووانیان دامەزراند.

دیدارەکە لە مانگی تەمموزی 2022 لە گارمیش-پارتنکیرچن لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، وانەکان ئاوێتەکرابوون بە مەشقکردنی سەر کۆمپیوتەر کە لەلایەن شارەزایانی چەکی کۆمەڵکوژی سەرپەرشتی دەکران. نزیکەی 75 ئامادەبوو لە 11 وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتبوون: بەحرەین، میسر، عێراق، ئەردەن، کوەیت، لوبنان، عومان، قەتەر، سعودیە، ئیمارات و یەمەن.

هەوڵی کۆنفرانسەکە بریتیبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەریی وڵاتان لە بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژی لەڕێگەی بەهێزکردنی ئاسایشی سنور، و هەڵسەنگاندنی مەترسیەکان لەسەر بنەمای هەواڵگری، بەرەوپێشچوون لە ڕێکارە یاسایی و بەرپرسیاریەتیەکان بۆ ئاسانکردنی وەڵامدانەوەی نیشتمانی بۆ ئەم جۆرە هەڕەشانە.

ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئامادەبووان بریتی بوو لە پوچەڵکردنەوەی هەر هێرشێکی کیمیایی، بایۆلۆژی، ئەتۆمی یان تیشکدەر. وەك چۆن بەرپرسێکی سەربازیی باڵای عێراق کاریگەرییەکانی دوای هێرشی گازی خەردەلی داعشی خستە بەر باس: "من نامەوێت بگەمە قۆناغی کاردانەوە. بەڵکو دەمەوێت هێرشەکان ڕابگرم."

### ئەو هەڕەشانەی کە لە ئارادان

سەرەڕای ئەوە، هێشتا جیهان بە تەواوی ئامادە نییە بۆ دەستنیشانکردن و وەستاندنی هەڕەشکانی چەکی کۆمەڵکوژ. تەنانەت هیچ وڵاتێك ناوتوانێت هەموو سەرچاوە پێویستەکان کۆبکاتەوە بۆ شوێنگرتنی ئەو چەکانەی کە لە هەندێك بارودۆخدا دەکرێت لە گەراج یاخود لە حەمامدا دروست بکرێن بە بەکارهێنانی ڕێبەریی دروستکردنەکەی لەسەر ئینتەرنێت.. کەموکوڕییەکان زۆرن:

- خاکی نیودەوڵەتی و سنورە ئاوییەکان هێشتا وەکو بۆشایی و بوارێکی فراوان ماونەتەوە بۆ قاچاخچێتی.
- ئەو شێوانەی یۆرانیۆم کە بەکاردەهێنرێن بۆ ئامێری نایاسایی زۆر قورسە بە ئامێری هەستەوەری تیشکدانەوە دەستنیشان بکرێن. زۆربەی ڕێگرییەکان بەهۆی تێگەیشتنی ورد، بڕیاردانی خێرای پاسەوانی سنور و بەرپرسانی گومرکەوە ئانجام دەدرێن.
- پەتای کۆڤید-19 تیشکی خستە سەر شکستی ڕێکارییە تەندروستییە جیهانییەکان بۆ ڕێگریکردن لە ئازادبوون بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسە مەترسیدارەکان.
- مادده کیمیایی و بایۆلۆژییەکان کە دەکرێت لە دوو بواردا بەکاردەهێنرێن - ئەوانەی کە دەکرێت بۆ هەردوو مەبەستی ئاشتی و خراپ بەکاربهێنرێن - بە شێوازێکی لاواز کۆنترۆڵ دەکران. زیاتر لە 95%ی وڵاتان هیچ یاسایەکییان نییە بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانیان بۆ مەبەستە تاوانکارییەکان.





عێراقیەک ئامێری گەیجەر (Geiger) بەکاردەهێنێت بۆ گەڕان بەدوای پاشماوەی چالاکی تیشکی لە بەسرە.
ڕۆیتەرز

- هەڕەشەکانی چەکی کۆمەڵکوژی زۆر خێراتر لە توانای ڕێکخراوە حکومیەکان بۆ سۆراخکردنیان پەرەدەسێنن.

هەتا ئەم ساتە، جیهان بەبەخت بووە. هەوڵەکانی هێرشی چەکی تیشکدەر- لە نیوانیاندا دەستگرتنی داعش بەسەر نمونەی تیشکدەری نەخۆشخانە و تاقیگەکانی توێژینەوە لەماوەی داگیرکاری شاری موسڵ - هەرگیز نەگەیشت بە ئامانج. بڵاوبوونەوەی گازی بەچەککراوی سارین لە میترۆی ژاپۆن و بەریدە ژەهراویکراوەکان بە ئەنسراکس لە ئەمریکا بریتی بوون لە خراپترین هەرە دوو هێرشی چەکی کۆمەڵکوژی شێوە نا سەربازیی تیرۆرستی.

بەڵام لە ئەگەری سەرهەڵدانی گروپی تیرۆرستی پاڵپشتکراوی دارایی - سەرپەرشتیکراو لەلایەن هەندێك دەوڵەت - وە دەستکەوتنی ئامێری گوێزەرەوەی هەرزان و بەردەستبوو بەشێوەیەکی بەرفراوان لەوانە درۆنەکان هەستی پێویستی بەپەلەی لە نێوان بەرپرسانی ئاسایش زیادکردووە. سەرباری ئەو هەموو تەنگەژەیە، ڕژێمەکانی وەکو کۆریای باکوور ڤیدیۆیەکیان بڵاوکردوە کە تێیدا پێشنیاری ئەوە دەکەن کە چەکی ئەتۆمی ئامرازێکی ڕەوای زۆرەملێی دەوڵەتە.

بۆ ئەو تاوانبارەی کە هەوڵدەدات ماددەیەکی کیمیایی، بایۆلۆژی یان تیشکدەر بە قاچاخ لە سنوورەکانەوە بگوازێتەوە، پاداشتەکان زۆرجار لە مەترسییەکان زیاترن. یەکێك لە ژەنەراڵە لوبنانیەکان ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە چۆن بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکانیان ماددەکانیان لە هەناری ناو سندوق دەشاردنەوە. هۆشداریشیدا، ”ئەگەر بتوانن بە قاچاخ مادەی هۆشبەر لە هەناردا ببەن، دەتوانن هەر شتێک بە قاچاخ ببەن“.

## کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی کاری پێکەوەیی

بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسی بەرنگاربوونەوە دژی چەکی کۆمەڵکوژی سێ ڕێگای پێکەوە پەرەپێدا بۆ هەڕەشەکانی چەکی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی: ڕاگرتن، پاراستن و وەڵامدانەوە. پاراستن - لە نێوانیاندا باشترکردنی پاسەوانی سنور - زۆربەی سەرنجەکانی کۆنفرانسەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

هانی وڵاتەکان درا بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی هەڕەشە و مەترسیەکان بۆ هەر پۆلێنێکی چەکی کۆمەڵکوژی. ئایا تاوانبار و تیرۆریستەکان هیچ ئامرازێکیان هەیە بۆ بەدەستخستنی ئەم جۆرە کەرەستە مەترسیدارانە؟ ئایا هیچ شارەزاییەکی تەکنیکییان هەیە بۆ ئەوەی بیانکەن بە چەك؟ ئایا بەکارهێنانی ئەم چەکانە هاوئاهەنگە لەگەڵ بیروڕاکانیان و مەبەستەکانیان؟

شارەزایەکی چەکی بایۆلۆژیی ئەردەنی پشتگیری کرد لە چالاکییەکانی پشکنینی هەناردەکردن، مۆڵەتپێدان، دیپلۆماسی و قەدەغەکردنەکان بۆ ڕێگریکردن لەوەی چەکی کۆمەڵکوژ بکەوێتە دەستی کەسانی خراپەوە. جگە لەمەش، تەنانەت ئەگەر حکومەتەکان یاسایەك بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی مەترسیداری ماددە بایۆلۆژییەکان پەسەند بکەن، پیویستە دەزگا نیشتمانییەکان خاوەنی دەسەڵاتی یاسایی بن بۆ چەسپاندنی ئەو جۆرە کۆنترۆڵانە.

ڕێکخراوی دەرمانسازانی عێراق، کە ڕێخکراوێکی پیشەییە لە بواری چەکی کیمیایی، دەستی کردووە بە بەخشینی مۆڵەت بە ئەندامەکانی، دروستکردنی داتابەیسی ماددە کیمیاییە مەترسیدارەکان و بەدواداچوون بۆ بەکاربردنیان. عێراقیەکان ئاماژەیان بە ئەوە کرد 23 خاڵی پەڕینەوەی سنور لە وڵاتەکە وادەکات کە کێشەی شوێنهەڵگرتنی جوڵەی ماددە مەترسیدارەکان لە سنورە نێودەوڵەتییەکان خراپتر بێت.

هێزە چەکدارەکانی لوبنانیش (LAF) هەمان کێشەی هاوشێوەیان هەیە. سوپای لوبنان بەرپرسیاریەتی کۆنترۆڵکردنی سنورە ناجێگیرەکانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات و باکوری وڵاتیان لەگەڵ سوریا پێسپێردراوە. هەروەها وڵاتەکە نۆ وێستگەی چاودێریکردنی کەناراوی لە بەردەستە.

## تیرۆر لە لوولەی تاقیکردنەوە

### مەترسي چەکە بایۆلۆژیەکان

**1.** دەولەمەندکردنی ماددەی بایۆلۆژی یان ژەهراوی

**2.** تێکشکاندنی بەرگری یان کاریگەرپی کوتان

**3.** زیادکردنی بەرگرپی ماددەی بایۆلۆژی بۆ خۆبەدورگرتنی خۆدکار لە دەستنیشانکردن و پاراستنی

**4.** زیادکردنی جێگیری و ئاستی گوێزانەوەی ماددەی بایۆلۆژی

**5.** گۆڕینی جینەکانی ماددەی بایۆلۆژی لە پێناو فراوانکردنی جۆرەکانی خانەخوێ (ڤایرۆسی ڕووەکی گۆڕاوە بۆ ئەوەی توشی ئاژەڵەکان
ببێت، هتد.)

**6.** باشترکردنی ئاستی تووشبوونی دانیشوانی خانەخۆێ

**7.** دروستکردنی ماددەی بایۆلۆژیی ناوازە یان دووبارە زیندووکردنەوەی میکرۆبە لە ناوچووەکان.

سەرچاوە: ڤیڤان سمیس، خویندنگەی جۆن هۆپکینز بلومبێرگ بۆ تەندروستیي گشتی

## هەڵسەنگاندنی متمانەپێکراوی هەڕەشەی چەکی کۆمەڵکوژ

### مەترسیەکانی چەکی کۆمەڵکوژی زیاتر دەبن کاتێك ئەم پێوانانەی خوارەوە جێبەجێ بن




سەرچاوە: نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمریکا


iRobot

## سەرچاوە سوودبەخشەکان

**لقی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بۆ توانای دەوڵەتە هاوبەشەکان:** کە لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی بەرنامە و سیاسەت و ستراتیژی فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا کاردەکات، ئەرکەکەشی بریتییە لە هاوکاریکردنی نەتەوە هاوپەیمانەکان بۆ ڕێگریکردن لە چەکی کۆمەڵکوژ.

**خویندنگەی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشک و ئەتۆمیی ئەمریکا (CBRN):** بارەگاکەی لە ناوچەی فۆرت لیۆنارد ووده لە ویلایەتی میزوی لە ئەمریکا، خوێندنگەکە بانگهێشتی سەربازان لە سەرانسەری جیهانەوە دەکات بۆ ئامادەبوون لە خولەکانی بەرگری کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی.ی

**دەزگای نەهێشتنی هەڕەشەی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا:** بەرنامەی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژی دەزگای نەهێشتنی هەڕەشەی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا سەرپەرشتی ئەو بەرنامانە دەکات کە تیشک دەخە سەر ئاسایشی بەرفراوانتر و دەستنیشانکردنی چەکی کۆمەڵکوژ بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە چەکە مەترسیدارانە.

**ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی جیهانی:** ڕێکخراوێکە کە بارەگاکەی دەکەوێتە شاری ڤییەنا، کار لەگەڵ وڵاتاندا دەکات بۆ برەودان بە سەلامەتی، ئاسایش و بەکارهێنانی سەلامەتی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی. ناوەندی ڕوداو و دۆخی لەناکاوی ڕێکخراوەکە تیمێك لە شارەزایان فەراهەم دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەگەری هەر دۆخێکی نائاسایی ئەتۆمی.

**ئینەرپوڵ:** دەکەوێتە شاری لیۆن لە فەڕەنسا، ئەمە دەزگایەکی پۆلیسی نێودەوڵەتییە کە داتابەیسێکی ئێجگار فراوانی تاوانبارە ناسراوەکان و تاوانەکانیان هەڵدەگرێت.

بۆ ئامادەکردنی سەربازەکانی، حکومەتی لوبنان خوێندنگەی مەشقی سەربازیی یەکەی سنوری وشکانی کردووەتەوە کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت. بە هاوکاری بەرنامەی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژییەکانی دەزگای نەهێستنی هەڕەشەی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، هێزە چەکدارەکانی لوبنان توانیان مەشق و تەکنەلۆژیای باشتر وەربگرن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەسەر سنورەکانی وڵات.

بەهەمان شێوە دوو پێکهاتەی لە سوپای ئەمریکا هاوکارییەکی بێ ئەندازەیان گەیاندووە هاوپەیمانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە باشترکردنی ئەدای چالاکییەکانیان لەدژی هەڕەشەی چەکی کۆمەڵکوژ.

بەشی J5-CWMD لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بۆ پشتگیریکردنی هاوپەیمانەکان لە سەرانسەری هەرێمەکە، ساڵانە دەیان یەکەی مەشق و ڕاهێنان بە ئەنجام دەگەیێنێت و ژێرخانی بەهێز بۆکۆمەڵێک ڕێکخراوی سەربازی و مەدەنی بنیات دەنێت بۆ هاوکاریکردن لەو هەوڵانەدا. یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکان بریتییە لە خوێندنگەی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر، ئەتۆمیی (CBRN) سەر بە سوپای ئەمریکا. ئەفسەرانی نێودەوڵەتی و ئەفسەرانی نا ڕاسپێردراوی سەربازی سوودمەند بوون لە مەشقی مەیدانی و دواتر قارەمانانە لە وڵاتەکانی خۆیاندا خزمەتیان کردووە.

عەقیدی خانەنشینکراوی سوپای ئەمریکا و ئەفسەری کیمیایی سکۆت کیمێل کە وەکو جێگری فەرماندەی خوێندنگەی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی خزمەت دەکات، وتی بە گشتی ئامادەکارییەکان باشترین ڕێگریکردنە.

لەم بابەتەشدا، کیمێل و هاوکارەکانی تیشک دەخەنە سەر تەکنەلۆژیا و بەدیجیتاڵکردن بۆ ئەوەی شیکارکردنی ماددە گوماناوییەکان خێراتر بکەن. بەکارهێنانی ڕۆبۆتەکان وەکو وەڵامدەرەوەی یەکەم دەتوانێت مەترسی بەرکەوتەی سوپا بە ماددەی ژەهراوی بنەبڕ بکات.

"پێویستە ئێمە ئەفسەرانی بەڕێوەبەر لە مەترسیەکان دوربخەینەوە،" کیمێل ئەمەی بە ئامادەبووانی دیدارەکە وت.

## مەشقکردن لە دیدارەکەدا


بە مەبەستی تاقیکردنەوەی بنەما تایبەتەکان لە دیدارەکەدا، ئامادەبووان دابەشکران بۆ سەر هەشت تیم، هەر یەکێکیان کاریان لەسەر هەڕەشەیەکی دیاریکراوی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی دەکرد. مەشقەکە ئەم هێزە ئەرک پێسپێردراوە فرەنەتەوەییانەی ناچار کرد کە هەماهەنگی هەرێمی ئەنجام بدەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری مەترسیە کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشک و ئەتۆمییەکان.

ڕێکخستنەکە بریتی بوو لە سێ وڵاتی خەیاڵی کە لە خاك و کەناراوەکانیان لەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دەچوون. سیناریۆکە بە بارێکی نهێنی ماددەی مەترسیدار لە کۆریای باکورەوە دەستی پێکرد. بۆ ڕێگریکردن لە ڕودانی کارەسات، تیمە فرەنەتەوەییەکان چەند ئەرکێکی جۆراوجۆریان بەجێگەیاند: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی سوپا، ڕەوانەکردنی یەکەی ماددە مەترسیدارەکان، ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دەرکردنی فەرمانی قەدەغەکردنی جوڵەی دەریایی و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاگاداری بۆ خەڵک.

لە سەر یەکێك لە مێزە گەورەکانی کۆنفرانسەکە، ژەنەڕاڵێکی لوبنانی بەرپرسە لەسەر ئاسایشی سنور، فەرماندەی باڵای سەبازی سعودی لەگەڵ عەقیدێکی میسری و شارەزایەکی سەربازی ئەردەنی لە کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتومیدا وەڵامی مەترسییەکەیان دایەوە. تەواوکەری تیمەکە بریتی بوو لە ژەنەڕاڵێکی قەتەری، فەرماندەی دەزگایەکی عومانی و زانایەکی عێراقی کە پسپۆڕییەکەی بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی چەکی کیمیایی.

سەرەڕای جیاوازی لە بنەمای سەربازی، دامەزراوەی حکومی و سیستمی یاسایی لە وڵاتانی خۆیاندا، ئەم هێزە جێبەجێکارانە ئەرکەکانیان کۆتایی پێهێنا و ستایشتی ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکەیان بەدەستهێنا.

"جێگەی دڵخۆشییە کە دەبینین هەموو ئەم وڵاتانە کۆدەبنەوە، پشت دەبەستن بە شارەزایی تەکنیکیی یەکتر و دواتر پلانێك دادەڕێژن،" جۆن دروشال، عەقید و ئەفسەری کیمیایی خانەنشینکراوی سوپای ئەمریکا کە سەرکردایەتی لقی توانای نەتەوەی هاوبەشی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا دەکات ئەمەی وت. ✦



**سەربازێکی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن ڕاهێنان دەکات لەسەر ماددەی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی لە ماوەی مەشقی سەربازیی 'شێری تامەزرۆ'. بەکارهێنانی ئامێری ڕۆبۆتی بۆ کەمکردنەوەی بەرکەوتی مرۆڤ بە گازە ژەهراوییەکان.** عەریف زۆیێ مۆریس/سوپای ئەمریکا

# کارەساتی کتوپڕ

**تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت لە ساڵی 2020، دۆسیەیەکی تاقیکاری پێشەکش دەکات لەسەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هێزەکان لەکاتی کارەساتی چاوەڕوان نەکراو**

دەستەی "یونیپاس"

**لە** کاتژمێر 6:07 ئێوارە لە 4ی مانگی ئابی ساڵی 2020، هەورێکی قارچکی گەورە لەسەر بەندەری بەیروت دروست بوو. شەپۆلە ڕاتەکێنەرەکە لە بنەڕەتەوە - بەهۆی تەقینەوەی 2,750 تەن نیتراتی ئەلەمینیۆمی عەمبارکراوە دروستبوو - تەواوی گەڕەکەکانی پایتەختی لوبنانی خاپورکرد.

کارەساتەکە زیانی بە زیاتر لە 40,000 خانوو، شوقە، دوکان و نوسینگە گەیاند کە چی دیکە بۆ ژیان لەبار نەبوون. جگە لەمە، تەقینەوەکە 218 کوژراو، 6,500 بریندار دانیشووی بەیروتی لێکەتەوە لەگەڵ ئاوەرەبوونی 300,000 کەس لە ماڵ و شوێنی کاریان.

چوار نەخۆشخانە کە خزمەتی سەدان هەزار کەسیان دەکرد، لە کارکردن کەوتن. بینای سەرەکیی وەزارەتی تەندروستیی گشتی لوبنان لەگەڵ چەند ناوەندێکی تری تەندروستی وێران بوون.

ئەمە یەکێک بوو لە تەقینەوە هەرە گەورە نائەتۆمییەکان لە مێژوودا و لە ساتەوختێکی زۆر ناهەمواردا بەسەر لوبناندا هات، کە خۆیان بەدەست پەتای کۆڤید-19، قەیرانی ئابووری، ناسەقامگیری گشتی و قەیرانی پەنابەرانی سوریا دەیانناڵاند.

تەقینەوەکەی بەیروت وەکو کەیسی توێژینەوە بەکارهێنرا لە چوارەمین دیداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرێمی دژ بە چەکی کۆمەڵکوژ لە مانگی تەموزی ساڵی 2022. لە لایەکەوە ئەمە خۆڕاگری و بەخشندەیی و قارەمانێتی لە بەرامبەر کارەساتێکی پێشبینینەکراودا نیشان دەدا.

لەلایەکی ترەوە، بەرپرسانی لوبنان کارەساتەکەیان بە دەرەنجامی ناکارامەیی کارگێری و ڕێکاریەتی، گەندەڵی و بێباکی لە قەڵەمدا. تەنانەت هێشتا بەرپرسان هیچ بۆچوونێکی ڕوونیان نییە لەسەر ئەوەی چۆن ئەم بڕە زۆرە لە نیتراتی یۆرانیۆم گەیشتووەتە بەندەرەکە.

سەرەڕای ئەوەی لوبنان بە ڕێکەوت ئەم تەقینەوەیەی تێدا ڕوویداوە، هێرشێك بە چەکی کۆمەڵکوژیش تا ڕادەیەک هەمان وەڵامدانەوەی سەرەتایی دەبوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەدەنی و سەربازی. لە ڕاستیدا، لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی دوای تەقینەوەکە، زانایانی فیزیایی لوبنان پشکنینیان بۆ گۆڕەپانەکە کرد بۆ دەستنیشانکردنی هەرشوێنەوارێکی بڵاوبووونەوەی تیشکی چالاك.

هەرچەند دەرەنجامەکەی بەجۆرێك بوو تێیدا خوێندنەوەکان ئاسایی بوون، بەڵام هێشتا ترسی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی بەیروتی نەڕواندەوە کە لەوە دەترسان بووبن بە قوربانی هێرشێکی بە ئامنجکراوی ئەنقەست. ڤیدیۆی هەورە قارچکیەکە بەردەوام دەبێت بە ئەوەی دەنگۆی زیاتر بخاتە ناو جەماوەر.

## پەیوەندی بکە بە سوپاوە

وەکو دامەزراوەی هەرە باوەڕپێکراوی لوبنان (LAF)، هێزە چەکدارەکانی لوبنان ڕۆڵێکی نمونەییان نواند لە وەڵامدانەوەیان بۆ کارەساتەکە. تەنها لەدوای بیست خولەك لە تەقینەوەکە، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان لیژنەی بەڕێوەبەری هاوبەشی کارەساتی پێکهێنا بۆ هەماهەنگیکردنی وەڵامدانەوەی مەدەنی و سەبازی.

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم، 1,500 سەرباز لە ناوچەکە ئامادەبوون، داروپەردووەکانیان ڕادەماڵی، هاوڵاتیانی مەدەنیان دورخستەوە و بنکەی تەندروستیان دامەزراند بۆ چارەسەرکردنی برینداران. بە خێرایی ئەرکەکە گۆڕرا بۆ سەرژمێریکردنی زیانەکان، دابەشکردنی هاوکاری مرۆیی و پاککردنەوەی داروپەروی بەندەرەکە.

لە ساڵی 2009 و وەکو بەشێک لە فەوجی ئەندازیاریی سەربازی کۆمپانیایەکی هێزە چەکدارەکانی لوبنانی تایبەت بە کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدانەوە و ئەتۆمی (CBRN) دامەزرێنرا، کە سەرنجی ئەرکەکەی بریتی بوو لە ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی هەر ژەهراوی بوونێك کە بەهۆی دارمانی بەندەرەکەوە ڕویداوە. ئەوان کەرەستە مەترسیدارەکانی وەکو یاریی ئاگرین، گازە ژەهراوییەکان، شلە سوتێنەر و قڕکەرەکانیان دەستنیشان کرد و خستیانە لیستەوە.

زیاتر لە 6,000 لیتر لە شلەی سوتێنەر لە تانکیەکانەوە دزەیان کردبوو، و سەربازەکان و هاوڵاتیانی مەدەنی درزەکانیان چارەسەر کرد و ڕژانەکەیان وەستاند.

مانگێك لە دوای کارەساتە سەرەتاییەکە، کەوتنەوەی ئاگر لە کۆگایەکی تایەی بەندەرەکە مەترسیی دروستکرد لەسەر گرگرتنی هەزاران لیتر لە سوتەمەنی عەمبارکراوی قورسی نزیك بە ڕوداوەکە. هەوڵێکی هەماهەنگیی پێکەوەیی لە سەربازەکان، کارمەندانی ئاگرکوژێنەوە و هێزی ئاسمانی لوبنانی پێویست بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە.



سوپای لوبنان یارمەتی دانیشتوویەکی برینداری بەیروت دەدەن لە تەقینەوەی بەندەرەکە.

AFP/گێتی ئیمەیجس



فڕۆکەیەکی سەربازیی قەتەری پێکهاتەکانی نەخۆشخانەی کاتی و پێویستییە تەندروستیەکان دەگەیەنێتە لوبنان دوای ڕودانی کارەساتی بەندەرەکە.

AFP/گێتی ئیمەیجس

## هاوبەشەکان یارمەتی هاوبەشەکان دەدەن

وەڵامدانەوەی لوبنان بریتی بوو لە هاوکاریی هاوئاهەنگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەزگای نەهێشتنی هەڕەشەی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ڕۆڵێکی ڕەهای گێڕا لە دروستکردنی کۆمپانیای کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدانەوە و ئەتۆمی هێزە چەکدارەکانی لوبنان کە کارێکی مەزنیان کرد لەدوای ڕودانی تەقینەوەکە.

زانایانی فیزیا لە لێکۆڵینەوەکانیان لە ئەگەری ژەهراویبوونی ئەتۆمی لە بەیروت دوای هاوکاریان کرد لە 'ناوەندی دۆخی لە ناکاو' کرد لە بارەگای ڤییەنای ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی جیهانی. ڕێکخراوەکە دڵنیایی دا بە لوبنان لەوەی کە چەکی ئەتۆمی هیچ ڕۆڵێکی لە کارەساتەکەدا نەبووە.

خۆبەخشان لە 12 تیمی نێودەوڵەتی گەڕان و ڕزگارکرد گەیشتنە بەندەرەکە و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ دەرهێنانی ڕزگاربووان لەژێر داروپەردووەی بیناکان.

لە ماوەی تەنها یەک هەفتە لە دوای تەقینەوەکە، 162 فڕۆکەی هەڵگری هاوکاری مرۆیی لە لایەن 40 وڵاتەوە گەیشتنە لوبنان. چوار کەشی گوێزەرەوەی بار کەرەستە خێرخوازیەکانیان گەیاندە لەڕێگەی بەندەرە زیان بەرنەکەوتووەکانی کارەساتەکە. وەزارەتی تەندروستی گشتیی لوبنان خەرجیی تەندروستیی بۆ زیاتر لە 7,000 لە دانیشتوانی بەیروت دابینکرد.

## وانە وەرگیراوەکان

بەرپرسانی لوبنان بە هەردوو مەدەنی و سەربازییەوە تەقینەوەکەیان وەکو شکستێکی ئاسایی پێکهاتوو لە گەندەڵی و کەموکوڕی تەماشاکرد. لە قسەکردن لەسەر کارەساتەکە لە دیداری هەرێمی بۆ ڕوبەڕو بوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، یەکێك لە بەرپرسانی لوبنان داوای جێبەجێکردنی شێوەیەکی نوێی لە ڕێکاری بەرپرسیاریەتی لە نێو دەزگا و وەزارەتەکانی وڵاتدا کرد.

"هیچ دەزگایەک نایەوێت بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێت کاتێك شتەکان بەرەو خراپی دەڕۆن،" ئەو ڕایگەیاند.

دەرەنجامی نوێی لەم شێوەیە یاسای توندتر بۆ مادده مەترسیەکان لە بەندەرەکە لەخۆدەگرێت، باشترکردنی هاوکاربوون لە نێوان دەزگاکانی بەندەرەکە و سەرنجدانی زیاتر بە مەشقی مادده مەترسیدارەکان بۆ سەربازەکان و کارمەندانی فریاگوزاری سەرەتایی.


بەرپرسانی عێراقی بۆ وەرگرتنی ڕاوێژ لەسەر دەستنیشانکردنی مادده مەترسیدارەکان لە بەندەری سەرەکی عێراق لە بەسرە هانایان برد بۆ هاوتاکانیان لە لوبنان.

عێراقیەکان پێشنیاری دروستکردنی "نەخشەی ژینگە"ـیان کرد بۆ ئەوەی بەرپرسانی بەرگری مەدەنی بزانن چی جۆرە ماددەیەکی مەترسیدار عەمبارکراوە و لە کوێ. ئامانجەکە بریتیبوو لە خۆپاراستن لە کارەساتی هاوشێوەی بەیروت کە بەسرە خاپوور بکات.

بەڵام لە دوای 5 ملیار دۆلاری ئەمریکی لە زیان بەرکەوتن لە مانگی ئابی ساڵی 2020 - زیانێك کە ترسی دروستکردووە لە ئەگەری دووبارە ڕوودانەوەی کارەساتی هاوشێوە لە داهاتوودا - لوبنان سەرپەرشتی ووردترین شیکاریی خۆی دەکات. ✦

**هێلیکۆپتەرێکی لوبنانی هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگر دەدات لە دوای تەقینەکەوەکەی بەندەری بەیروت.** ئەسۆشەیتد پرێس





# هێزی جەنگی فڕیووە ئاسمانیەکان

## هێزی ئاسمانيی عێراق بەرپرسياريەتی وەرگرت لە ئەنجامدانی ئۆپراسيۆنی ئاسمانی دژ بە داعش

**عەقید عەمار یاسری**، هێزی ئاسمانیی عێراق

**لە** نیوەی دووەمی ساڵی 2021، هێزی ئاسمانیی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی خاوەنداریەتی ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی دژ بە داعش گرتە ئەستۆ. لە ڕاستیدا، ئێمە هێرشی زیاترمان ئەنجامدا لەنێوان حوزەیران بۆ کانوونی یەکەمی 2021 وەك لە هێزی هاوپەیمانانی نا-عێراقی لە هەمان ماوەی ساڵی 2020.

ئەم توانای پلاندانان و بەئەنجامدانی ئۆپراسیۆنە سەربەخۆیە هەنگاوێکی گرنگ نیشاندەدات لە بەرەوپێشچوونی توانای پێویستی خۆیی هێزی ئاسمانیی عێراق و زەبری دروستی داینامیکی عێراقی دابین دەکات کە هاوکاردەبێت لە دڵنیاییدان بە سەرکەوتنەکان لەجەنگی بەرەنگاربوونەووی داعش.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، سەرکەوتن ئالەنگاری خۆی هەیە. وەکو هەر هێزێکی ئاسمانی پێشکەوتوو لە جیهان، هێزی ئاسمامی عێراق (IQAF) پێویستە فێری ئەوە ببێت چۆن دەست بە کۆمەڵە کەرەستەیەکی بەهاداری سەربازی بگرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی بگات بە ئاستی بەرەنگاری هەڕەشە ئاسایشییە هەردەم گۆڕاوەکان. وە پێویستە ئەم کارە بکات لە بەرامبەر زیادبوونی ناسەقامگیریی جیهانی و تەوژمی پێچەوانەی ئابووری جیهانی.

### مێژوو و پاشخان

هێزی ئاسمانیی عێراقی لە ساڵی 1931 دامەزرێندرا، لەماوەی دەسەڵاتی بەریتانییەکان لە عێراق دوای جەنگی جیهانیی یەکەم. ئەم هێزە ئاسمانیە بەردەوام بوو لە گەشەسەندن لە ساڵی 1930ـوە بۆ 1990، لە ماوەی جەنگی درێژخایەنی ئێران - عێراق گەیشت بەوپەڕی ئاستی، کاتێک کەهێزی ئاسمانیی عێراقی پێکهاتبوو لە 1,029 فڕۆکە، کە 550 لەوانە فڕۆکەی جەنگی بوون. ئەمە وایکرد لەوکاتەدا ببێتە گەورەترین هێزی ئاسمانی لە ناوچەکە.

جەنگی ساڵی 2003 ژێرخان و موڵکەکانی هێزی ئاسمانی خاپوورکرد. ئەنجامی کەمبوونەووی ئامێرەکان و هێزی مرۆیی گەورەترین ئاڵنگاریی دەردەخەن بۆ هێزی ئاسمانیی عێراقی و هاوپەیمانان. لەو کاتەوە، هێزی

**هێزەکانی عێراق و ڕاهێنەرانی ئەمریکی پشوویەك وەردەگرن لە ماوەی مەشقی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە نزیك بەنداوی موسڵ لە ساڵی 2021. حکومەتی عێراق سەرنجی خستووەتە سەر پەرەپێدانی هێزی ئاسمانی بۆ بنیاتنانی توانای پشتبەخۆبەستن.** چاودێر تریڤۆر فرانکلیم/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا



ئاسمانیی عێراقی دەستکردووە بە کەمپینێکی بنیاتنانەوەی قورس و زۆر گرانبەها لە ڕووی داراییەوە لە لایەن فڕۆکەوانە ئەزموونداره‌کانی عێراق ئەنجام دەدرێت. هێزی ئاسمانیی عێراقی زۆربەی ڕاهێنانەکان و فڕۆکەکانی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەدەست دەگات.

لە ئێستادا، هێزی ئاسمانیی عێراقی پێکهاتووە لە 175 فڕۆکە و وەکو هێزی پشتوانی بۆ سوپای عێراق و هێزی دەریایی ئەرکەکانی ئەنجامدەدات، کە بواریان پێدەدات بە خێرای هێزەکانیان جێگیر بکەن.

## لەناوبردنی داعش

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2014، داعش بەشێکی زۆری لە خاکی عێراق و سوریا داگیر کرد. نزیکەی 30% ی پارێزگاکانی کۆماری عێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی داعشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوانگەی ناسەقامگیری و قەیرانی مرۆیی بەرفراوان وای لە نەتەوەکانی عێراق کرد بە خێرایی دەست بەکاربن.

چۆن عێراق دەتوانێت گرۆتینی داعش لەناوببات و دواتر شکست بە ڕێکخراوەکە بهێنێت بەبێ زیانی وێرانکەر، کە بەشێکی وەها گەورەی خاکەکەی داگیرکردبوو؟ وەڵامەکە بەزووی ئاشکرابوو، هێزی ئاسمانی.

سەرەڕای هەموو ئاستەنگە تەکنیکی و لۆجیستیکییەکان، هێزی ئاسمانیی عێراقی بەرپرسیارێتی خۆی وەرگرت لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە زەمینییەکانی عێراق. فڕۆکەکان پێداویستی مرۆییان دابین دەکرد، ئەرکی سیخوڕیی ئاسمانیان ئەنجام دەدا، بریندارە سەربازی و مەدەنییەکانیان دەگواستەوە، و هێرشیان دەکردە سەر مۆڵگە و ژێرخانی داعش.

هەموو ئەم چالاکیانە پرۆسەی لەناوبردنی یەکێکە لە هەرە دوژمنە هاوچەرخە بێ بەزەییەکان کە تا ئێستا دروستبوویێت بۆ چەوساندنەوەی شارستانییە دێرینەکەمان.

سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە پێکهاتبوون لە 29 وڵات، پاڵپشتیی سەربازیان پێشکەش دەکرد بە دابینکردنی هەواڵگری بەنرخ و هێرشی ئاسمانیی وورد. بەکورتی، عێراق بەبێ ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان نەیدەتوانی ناوچە لەدەستچووەکانی لە داعش وەربگرێتەوە.

هاوپەیمانانی عێراق، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکە جێگیر بوون، زانیاری، توانا و ئەزموونیان بە هێزی ئاسنانی عێراق بەخشی تا پێشڕەوی بکەن لە جەنگی ئاسمانیی دژ بە داعش.

هێزەکانی هاوپەیمانان بڕێکی ئێجگار زۆر لە پاڵپشتیی لۆجیستیکی و ئۆپراسیۆنیان بۆ هێزی ئاسمانیی عێراق دابین کرد، و فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانیی عێراقی لە بەهێزەوە بۆ بەهێزتر هەنگاویاننا لە پەرەپێدانی تواناکانیان.

**بەڕێوەبەرانی هێرشی تەکنیکی لە بنکەی ئاسمانی ئەسەد ڕاهێنان دەکەن. بە دابینکردنی بەئامانجگرتنی بنکەی زەمینی، هێزی ئاسمانیی عێراق توانای کرداری دەستەی فڕۆکەوانی بەرەوپێش دەبات.**

سەرۆك عەریفی دەستە جۆسێ ئە. تۆرێس/سوپای ئەمریکا





سەربازێکی عێراق لەگەڵ هاوبەشێکی ئەمریکی هەماهەنگی دەکات لە هێرشێکی ئاسمانیدا لەماوەی ڕاهێنانی سەربازی نزیك لە بەنداوی موسڵ لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2021.

چاودێر تریڤۆر فرانکلیم/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

تا ساڵی 2021، هێزی ئاسمانیی عێراقی بوو بە بناغەی هێزی هێرشبەری وڵاتەکە، کوشتن و لەناوبردنی پاشماوەکانی داعش و ئەو کەلەبەرانەی کە خۆیان تێدا حەشاردابوو.

## برەودان بە هێزی ئاسمانی

هێزی ئاسمانی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە جەنگی هاوچەرخدا؛ ئۆپراسیۆنی چڕی ئاسمانی شکتهێنانی دوژمن خێراتر دەکات. ئۆپراسیۆنی ئاسمانی یەکخراو - بە واتایەکی تر، یەکخستنی توانای هەموو هاوبەشەکان - زۆر گرنگە بک کەمکردنەوەی زیانەکان لە کاتیجەنگدا.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە هێزی ئاسمانیی عێراق بەردەوامبێت لە نوێگەری کردن و هەنگاونان شان بە شان لەگەڵ هەڕەشەکانی سەر ناوچەکە.

لە ڕوانگەی کردارییەوە، پێویستە عێراق فرۆکەی جەنگیی ئاست بەرز و سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی یەکخراو دەستەبەر بکات. پیویستە هێزی ئاسمانی بەشداری بکات لە مەشقی سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانان. ڕەنگە هەرە گرنگترین بریتی بێت لەوەی کە هێزی ئاسمانیی عێراق تواناکانی پوخت تر بکات لەڕێگەی ڕاهێنان و خولە پێشنیازکراوەکان لە لایەن وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانیی ناوچەیی و جیهانی.

هەندێك لە نوێگەرییەکانی ئەم دواییانە توانای کرداری هێزەکانمانی بەرەوپێش بردووە. یەکەم شت بریتییە لە پێکهێنانی "هۆبەی هەوایی" بە هەماهەنگی کردن لە چالاکییەکانی نێوان هێزی بەرگریی ئاسمانی، فرگەکانی سوپا و هێزی ئاسمانی.

بەڕێوەبەرانی هێرشی تەکنیکی عێراق یان ITAC، بریتین کە ئەفسەرانی یەکەی دژەتیرۆری عێراق کە ڕاهێنراون بۆ ئاڕاستەکردنی هێرشی ئاسمانی لە ڕۆژ و شەودا بە بەکارهێنانی ئامێری گفتوگۆی گەڕۆک. ئەم هێزە تابەتمەدانە - کە ژمارەیان لە هەشت بۆ 10 یەکەی هێزی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکانی عێراق - 10 هەفتەی مەشقکردنیان پێدەدرێت.

پێویستە کەمێك ڕوونکردنەوە بدەین لەسەر ئەوەی کە تا ئێستا دەیزانین، ئەیش ئەوەیە کە ئالەنگارییە مەترسیدارەکانی ئەمڕۆ تاڕادەیەک جیهانییە کە ئەمانە دەگرنەوە: پەتای کۆڕۆنا، قەیرانی کۆچبەران، ناجێگیری گۆڕانکاری ئابووری و ناکۆکی توندوتیژی توندڕەوە جیهانییەکان.

هەموو ئەم ئالەنگارییانە پێویستیان بە بەرژەوەندیی هاوبەشە لەنێوان هێزەکانی ئاسایش لە چالاکی هەماهەنگ و پێکەوەیی. ✦



# هێزی نوێی دەریایی نێودەوڵەتی جێبەجێکار بۆ باشترکردنی ئاسایشی دەریای سور

ناوەندی دەریای ئەمریکا بۆ کاروباری گشتی

**بۆ** پاراستنی دەریای سور لە تیرۆرستان و تاوانباران ئامانجی هێزێکی دەریایی نێودەوڵەتی نوێیە کە لە مانگی ئابی ساڵی 2022 دامەزرا وەکو بەشێك لە هێزە دەرياييە یەکگرتووەکانی (CMF) بەحرەین

لە ماوەی ڕێوڕەسمەکە لە بارەگای سەرەکی هێزی دەریای ئەمریکا لە بەحرەین، براد کووپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان، 5ـهەم کەشتیگەلی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزە دەرياييە یەکگرتووەکان (CMF)، هێزی ئەرکی تێکەڵی ڕاسپێردراوی (CTF 153).

"ئەمە نیشاندانی بەرجەستە و ماناداره بۆ پابەندبوونمان بە دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەریایی ناوچەکە لە ڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتییەوە،" کوپەر ئەمەی وت.

وەک چوارەمین هێزی ئەرکی CTF 153 ،CMF سەرنج دەخاتە سەر ئاسایشی دەریایی نێودەوڵەتی و هەوڵەکانی بنیاتنانی توانا لە دەریای سوور، باب ئەلمەندێب و کەنداوی عەدەن.

CMF گەورەترین هاوبەشی دەریایی فرەنەتەوەیی ئۆپەراسیۆنییە کە 34 وڵاتی تێدایە کە پابەندن بە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاساکان لە دەریادا. هێزەکانی تری ئەرکی ڕێکخراوەکە بریتین لە CTF 150 کە گرنگی بە ئاسایشی دەریایی لە کەنداوی عومان و زەریای هیندی دەدات؛ CTF 151، کە سەرکردایەتی هەوڵەکانی دژە دزیکردن لە ناوچەیی دەکات؛ و CTF 152 کە تایبەتە بە ئاسایشی دەریایی لە کەنداوی عەرەبی.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داینامیکی و مەزنە. هیچ هێزێکی دەریایی نییە کە بتوانێت کۆنترۆڵی ڕووبەرە ئاویەکانی دەوروبەری بکات بە تەنها" کۆپەر ئەمەی وت "ئێمە هەمیشە لەو پەڕی باشیداین کاتێك لەگەڵ هاوبەشەکانمان دەبین بە تیمێك."

کۆپەر کاپتنی هێزی دەریایی ڕۆبێرت فرانسێسی وەکو فەرماندەی یەکەمی CTF 153 دیاریکرد.

دەستەی هێزی جێبەجێکاربە ڕادەی 15 بەرپرسی سەربازیی ئەمریکی و نێودەوڵەتی لە وڵاتانی ئەندامی CMF لەخۆدەگرێت. تیمەکە سواری کەشتییەکی دوورەدەستی USS Mount Whitney بوون کە لە دەرەوەی بەندەری عەقەبەی ئەردەن کاردەکات. کاتێك لە دەریادا نین، بەرپرسانی CTF 153 لە نووسینگەکانی وشکانیدا کە بارەگا سەرەکییەکانی CMF کاردەکەن لە مەنامە لە بەحرەین.

CMF لە ساڵی 2001 لە بەحرەین لەلایەن ئەمریکا و 11 وڵاتی هاوبیرەوە دامەزرێنرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم، لەوانە یاساغکردنی چەکی نایاسایی و بەرهەمی ماددەی هۆشبەر لە کەشتییەکانی ئاوی دەرەوەدا. دواتر ئەم هاوپەیمانیە فراوانکرا بۆ لەخۆگرتنی ئۆپراسیۆنە دژە کەشتیوانییەکان و 34ـهەمین ئەندام لە ساڵی 2021 زیادکرا. ✦

**کەشتیی فەرماندەیی دوورەدەستی USS Mount Whitney لە شاری عەقەبەی ئەردەن بەستراوەتەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەرکێکی ئەمنی دەریاییدایە.**

عەریف دیندرێ داوکینز/هێزی دەریای ئەمریکا


20

# هاوبەشە تامەزرۆکان

## مەشقی سەربازیی ”شێری تامەزرۆ 22“ زیاتر لە 5,000 سەربازی بەرەو ئەردەن ئاڕاستەکرد بۆ نیشاندانی توانای سەربازی

دەستەی ”یونیپاس“



هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن لە هێلیکۆپتەرێکی جۆری UH-60 Blackhawk بە پەتی خێرا دابەزین دێنە خوارەوە لە کاتی مەشقکردن لەگەڵ کەتیبەیەکی هێزی دەریایی ئەمریکا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 2022 .

سەرۆك عەریف بنیجامین مەکدۆناڵد/ یەکەکانی هێزی دەریای ئەمریکا

**’شێری** تامەزرۆ 22‘ تایبەتمەندیی هێرشێکی چڕی ڕێکخراوی لە سەرانسەری بیابانی درێژبووەوەی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆگرتووە. دەبابە، تۆپهاوێژی قورس، هێلیکۆپتەری هێرشبردن و فڕۆکەی جەنگی مۆڵگەکانی دوژمنیان خاپورکرد لە بیابانەوە تا ئەوەی تەنها تۆزەکەیان مایەوە.

بەڵام نمایشی ڕێکخراوی هێزی چەکدار تەنها لایەنێکی ’شێری تامەزرۆ‘ بوو، کە ئاهەنگی دەیەمین دووبارەبوونەوەی لە ساڵی 2011ـوە گێڕا، بە شێوەیەکی زیاتر تیشکی لەسەر درۆنە ئاسمانییە کێش سوکەکان، گوێزەرەوەی بێ شۆفێری ژێر ئاو و ئەو هێرشی ئەلیکترۆنیانە بوو کە بە کرتەیەکی کۆمپیوتەر ئەمجامدراون.

سیناریۆکانی ’شێری تامەزرۆ‘ هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەگوزەرێت. لە تەکتیکە ئاساییەکانی بەرەکانی جەنگەوە بۆ شۆڕشی گوێزەوە بێ شۆفێرەکان، ’شێری تامەزرۆ‘ بەردەوام دەبێت لە جەختکردنەوە لە ئاوێتەکردن، ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و یەکێتیی لە ئامانج.

”ئێمە بە یەکگرتوویی هێزی سەربازی خۆمان نیشاندەدەین لە هەموو بارودۆخێکدا،“ لیوا ستیڤن دێ میلیانۆ، سەرۆکی پێشووی بەشیڕاهێنانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردە باڵاکان لە ’شێری تامەزرۆ 22‘ ئەمەی ڕاگەیاند.

بیست و هەشت وڵات بەشدارییان لە ’شێری تامەزرۆ‘ـدا کرد، کە لە 5 تا 15 مانگی ئەیلولی ساڵی 2022، لە کۆمەڵێك شوێنگە لە سەرانسەری ئەردەن، لەئەزرەق لە باکورەوە بەرەو عەقەبە لە باشوور بەردەوام بووو. لەگەڵ نزیکەی 2,200 لە سەربازی ئەردەنی و 1,600 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەوجە سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشوری ئاسیا و ئەوروپاوە گەیشتن.

بەحرەین، عێراق، کازاخستان، کوەیت، لوبنان، عومان، پاکستان و عەرەبستانی سعوودی هەموویان نوێنەرەکانیان نارد بۆ ’شێری تامەزرۆ‘.

ئەوەی جێگەر ئاماژەیە قەبارەی ئەو گروپەی لە سعوودیەوە هاتبوو، دەبابە و یەکەی پیادەی دابینکردبوو لە گەیشتن بە ئامانجی مەشقەکە کەبریتی بوو لە چالاکی تەقەی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی لیوای هێزی سعودیە عادل بن محەمەد بەلاوی، سەرۆکی دەستەی پەروەردە و ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکانی سعوودیە. وە هێزی دەریایی شاهانەی سعوودیە بە هەمان شێوە بەشدارییەکی سەرەکییان کرد لە ڕاهێنانی دەریایی لە بنکەی هێزی دەریایی ئەردەن لە عەقەبە.

بە هەمان شێوەی ’شێری تامەزرۆ‘ـی ساڵی 2011، مەشقی ساڵی 2022ـیش سەرنجەکانی خستبووە سەر هەڕەشەکان لە سەر ئاستی بوارەکانی زەمینی، ئاوی، ئاسمانی و هێرشی ئەلیکترۆنی کە پێویستی بە هەماهەنگی و چالاکی پێکەوەیی هەیە لە نێوان هێز فرەنەتەوەییەکان.

ئەم کارکردنە هاوبەشە نەك تەنها ئۆپراسیۆنی نێوان سوپای وڵاتە جیاوازەکان دەگرێتەوە بەڵکو بە هەمان شێوەش دەزگا سەربازی و مەدەنییەکانی ناو حکەمەتی ئەردەنیش دەگرێتەوە. بۆیە کاتێك هێزە فرەنەتەوەییەکان بەشداری دەکەن لە سیناریۆکانی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی بەلەمی خێرا لە کەنداوی عەقەبە و شوێنکەوتنی تیرۆرستان بەرەو ناو لادێیەك، ناوەندی نیشتمانی ئەردەن بۆ بەڕێوەبردنی ئاسایش و قەیران هاوکاری دەکرد لە هەموو وەڵامەکانی حکومەت لە بەرامبەر هێرشە بە نمایشییەکە بۆ سەر ئەردەن.

سەربازەکان هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی دوژمنە خەیاڵییەکەیان پوچەڵکردەوە، بەرگرییان لە سنورە ئاوی و زەمینییەکانیانکرد، بەرەنگاری درۆنەکانی دوژمن بوونەوە، بەرپەرچی هێرشێکی چەکی تیشکدەریان دایەوە و هاوکاری مرۆییان دابینکرد.

سیناریۆکانی ’شێری تامەزرۆ 22‘ لەسەر ژینگەی ستراتیژیی ئێستا و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ناو ئەو ژینگەیە دروستکرابوون، لە دۆخێکدا ئەگەر هەڕەشەی ئاسایی یان نا ئاسایی بن لە وڵاتانی کیشوەریەوە یاخود گروپە تیرۆرستیەکانەوە،“ عەمیدی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن موحەمەد بن سەمەدی ئەمەی ڕاگەیاند، کە سەرۆکی فەرمان و بەڕێوەبردنی بەشداربووانی ناوەندی مەشقەکە بوو.

”لە ڕێگەی ئەو سیناریۆیانەی کە بۆ ئەم مەبەستە داهێنرابوون، ئەم هەڕەشانە لە ئۆپراسیۆنێکی ژینگەی پێکەوەیی هاوبەشی چەندین وڵات و گروپی سەربازی بەرپەرچدرانەوە کە گوجاوبوون لەگەڵ بنەما سەربازییە بەکارهاتووەکان لەلایەن وڵاتانی بەشداربووەوە. هەندێك وڵات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چالاك بەشدارییان لە ئۆپراسیۆنەکاندا کرد، وەکو ئەردەن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سعوودیە و عێراق، لە کاتێکدا ئەوانی تر وەکو چاودێر بەشداریان کرد لە مەشقەکەدا کرد بۆ بەدەستخستنی ئەزموون لە بارودۆخی گشتیی مەشقەکە.“

لە ناوەڕاستی مەشقەکە، سەرکردەیەکی باڵای سیمینارەکە سەرنجی فەرماندە



**ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان کە نوێنەرایەتی هێزی ئەردەن، سعوودیە و ئەمریکا دەکەن، لە مانگی ئەیلولی ساڵی 2022دا بەشداری لە مانۆڕی سەربازی ’شێری تامەزرۆ‘دا دەکەن.** سەرۆك عەریف بنیجامین مەکدۆناڵد/ یەکەکانی هێزی دەریای ئەمریکا



فڕۆکەی فاڵکۆنی جەنگیی F-16 بڵێسە فڕێدەداتە دەرەوە لە میانەی مەشقە سەربازییەکە.
سەرۆك عەریف ئەنتۆنی وراتەرز/سوپای ئەمریکا



دەبابەکانی هێزی پیادەی شاهانەی سعوودیە و سوپای ئەمریکا ئامادە دەبن بۆ چالاکی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە مەشەقەکەدا.
سەرۆك عەریف تیتوس فێرمان/ سوپای ئەمریکا



ئەفسەرێك لە هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن فەرمان بە بەلەمەکانی چاودێریکردن دەکات پێکهاتەیەك دروست بکەن لە میانەی مەشقە سەربازیەکە.
سەرۆك عەریف بنیجامین مەکدۆناڵد/ یەکەکانی هێزی دەریای ئەمریکا



**سەربازانی ئەردەن لە یەکەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پارێزگاری لە دەریاچەیەک دەکەن لە عەقەبە.** سەرۆک عەریفی دەستە جۆسێ ڕێیس/سوپای ئەمریکا

باڵا بەشداربووەکانی لە دەیان وڵاتەوە بەلای خۆیدا ڕاکێشا. گفتوگۆکان سەرنجیان دەخستە سەر پرسە گرنگەکان لە سەنگەری پێشەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کوەیتییەکان سەرنجیان خستە سەر ئاوێتەکردنی بەرگری ئاسمانی و بەرگری موشەکی، سعودییەکانیش لەسەر وەستاندنی ئامێرەکانی بۆمبی چێنراو و موشەکە بالیستیکیەکان، و ئەردەنیەکانیش لەسەر بەرقەرارکردنی ئاسایشی سنور لە هەمبەر قاچاخچێتیی ماددەی هۆشبەر و هەڕەشەکانی تر بۆ سەر ئاسایشی وڵات.

لیوای هێزی دەریایی کێرت ڕێنشاو، بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکانی فەرماندەیی ناوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گفتوگۆیەکی بەڕێوەبرد لەسەر بەرگریکردن دژ بە سیستەمی ئاسمانی خودکار (UAS)، ساڵانە سەدان جۆر لەمانە بەرهەم دەهێنرێن.

خێرایی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژی لە بواری سیستەمی ئاسمانی خودکاردا ئەوە دەگەیەنێت کە سوپاکان ناتوانن گوێی خۆیانی لێ بخەوێنن لە هەمبەر بەرگریکردن لە دژیان، ئەمە قسەی ئەو بوو. نیگەرانییەکی دیاریکراو بریتییە لە درۆنە قورسە خێرا و بەرزفڕەکان کە دەتوانن باری کوشندە هەڵبگرن.

"سیستەمە ئاسمانییە خودکارەکان گرانبەها نین و دەکرێت بە خێرایی بڵاوببنەوە،" ڕێنشاو ئەمەی وت.

هێزی ئاسمانی کوەیت بەرەو دەدات بە دروستکردنی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی هاوبەش لە کەنداوی عەرەبدا. سیستەمێکی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی هاوبەش ڕوماڵێکی 360 پلەیی دابین دەکات بۆ بەرگریکردن نەک بە تەنها دژ بە درۆنەکان بەڵک بە هەمان شێوە موشەکە کروزی و بالیستیکییەکانیش.

وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) دەستیانکردووە بە پرۆسەی یەکخستنی سەربازی، عەمید شیران ئەمەی وت. ئەو ئاماژەی بە ئۆپراسیۆنە دەرياییە فرەنەتەوەییەکان کرد لە کەنداوی عەرەبیدا، وەکو بەشێك لە هێزە دەریاییە یەکخراوەکانی سەر بە بنکەی بەحرەین و هێزی قەڵغانی نیمچەدورگەی یەکگرتووی پەرەپێدراو لەلایەن ئەنجەمەنی هاوکاریی کەنداوەوە.

گفتوگۆکان سەبارەت بە تەقینەوەی چێندراوی نەتەقیوە و موشەکە بالیستیکییەکان لەو وانانەی لە شەڕی ناوخۆی یەمەنەوە فێربوون. بەرپرسانی سعوودیە ڕایانگەیاند کە 471 موشەکی بالیستی لەلایەن یاخیبووانی حوسسیەکانەوە لە یەمەنەوە هاوێژراون، سنوری ئاسمانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداویان بەزاندووە. زۆربەیان خراونەتە خوارەوە، بەڵام هەندێکیان بەر پاڵاوتگەکانی نەوت، فڕۆکەخانەکان و وێستگەکانی کارەبا کەوتوون.

بەرنامەیەکی پاککردنەوە لە مین لە وڵاتی یەمەن کە ناسراوە بە مەسام و سپۆنسەرکراوە لەلاین وڵاتی سعوودیەوە، زیاتر لە 345,000 بۆمبی نەتەقیوی هەڵگرتووەتەوە.

دەربارەی پرسەکانی ئاسایشی سنور و ڕێگریکردن لە گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر، فەرماندەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە ماددەی هۆشبەرلە سوودە داراییەکەی ئابووری تیرۆریستان دابین دەکات. عەمید دێ میلیانۆ داوای هۆشیاری هاوبەشی گشتیی کرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە ئاسایشی سنوردا کە قاچاخچییەکان بەکاریاندەهێنن.

فەریق موحەمەد وەسیم ئەشرەفی پاکستانی، جێگری سەرۆکی بارەگای سەرەکیی دەستەی هاوبەشی پاکستان ئاماژەی بەوەکرد کە وڵاتەکەی بەدروستکردنی پەرژینێکی سنوری 2,200 کیلۆمەتری لەسەر سنورەکانی ئەفغانستان و ئێران توانیویەتی بە ڕێژەی 83% جوڵەی فیزیکی نایاسایی لەسەر سنورەکان کەم بکاتەوە.

بەربەستەکە لەگەڵ بازگەکانی چاودێری لە هەر 2 کیلۆمەترێکدا، بە ڕادەیەکی زۆر قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر و چەکی کەمکردووەتەوە، لەوانە بۆمبی چێنراو IED کە بەرپرسیارە لە 70%ی قوربانییەکان لە نێو سەربازەکانیدا کە پارێزگاری کە سنوری باکوری ڕۆژئاوای وڵاتەکە دەکەن.

"ئەمە چیرۆکی سەرکەوتنە،" فەریق وەسیم ئەمەی وت.

زیاتر لە دەیەیەکە 'شێری تامەزرۆ' لە لایەن ئەردەنەوە بەڕێوەدەبرێت، بەردەوامە لە بەرەوپێشبردنی هاوکاری و ئامادەکاری لەنێوان هاوبەشە فرەنەتەوەکان لە هەردوو بواری کۆن و نوێدا: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئاسایشی سنور، درۆنەکان، هێرشی ئەلیکترۆنی و بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ.

"ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە ڕووبەڕووی هەڕەشەکان دەبینەوە کە دەتوانن بە سنور و کیشوەرەکاندا تێپەڕن، وەک ڤایرۆسێک لە جەستەدا بڵاودەبنەوە." عەمید قەیاد جەڕاد، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی پێشووی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، ئەمەی ڕاگەیاند. "هیچ وڵاتێک ناتوانێت خۆی لەم هەڕەشانە بەدووربگرێت." ✦



# دیمەنێک لە سەرەوە

## ئەو فەرماندەیەی ئەردەن کە 'شێری تامەزرۆ 22' ـی ڕێکخست، هەڕەشە ئاسایشییە هاوچەرخەکان بۆ سەر ناوچەکە تاوتوێ دەکات

عەمید قەیاد جەڕاد، بەڕێوەبەری پێشووی بەشی مەش و ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە سەرکەوتنی مەشقی سەربازیی 'شێری تامەزرۆ 22' کە لە ئەردەن لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 2022 بەڕێوەچوو. "یونیپاس" لەبارەی گرنگیی ڕاهێنانی سەربازی لە ئالەنگارییە ئاسایشییە هاوچەرخەکان چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرد:

**"یونیپاس":** ئایا مەشقی 'شێری تامەزرۆ' تا چەند گرنگە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** سەرەتا بەر لە هەر شتێك، سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەتنە. من دەمەوێت جەخت لەسەر قووڵیی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانی نێوان ئەردەن و ئەمریکا بکەمەوە، وە بە هەمان شێوە لەسەر دۆستایەتی قووڵی بەشداریکردنی هەردوو وڵات لە مەشقی ئەمساڵیش. بارودۆخی ستراتیژی گۆڕانکارییەکی خێرای بەخۆیەوە بینیوە کە بووەتە هۆی دەرکەوتنی بیروباوەڕی توندئاژۆ کە کاردەکەن سەر ئاشتیی سەقامگیری لە سەرانسەری جیهان. مەشقی شێری تامەزرۆ (ئامادەی) 2022 بریتییە لە خەباڵی بەڕاستکراوی ئەم گۆڕانکارییانە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی هاوبەشی سەربازی لە نێوان وڵاتاندا بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لەڕێگەی جێبەجێ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەسەر هەردوو ئاستی ستراتیژی و چالاکی.

**"یونیپاس":** چی شتێك مەشقی 'شێری تامەزرۆ'ی 2022 تایبەت کردووە؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** مەشقی 'شێری تامەزرۆ' بە چەندین تایبەمەندی دەناسرێتەوە: یەکەم، هەمەچەشنی و ژمارەی بەشداربووان، کە نزیکەی 26 وڵاتی دۆست و بران لەگەڵ هەر یەك لە ئەمریکا و ئەردەن، بەشدارییان لە مەشقەکەدا کرد. ئەمە کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبوو لە ڕوانگەی هەمەچەشنیی شارەزایەتی و چەندلایەنەکردنی شێوازەکان. دووەم بریتیە لە سروشت و کوالێتیی ئامانجەکان کە مەشقەکە ویستی بەدیهێنانیانی هەیە، بە دیاریکراوی چەنگ دژ بە تیرۆر و باشترکردنی کاریگەری ئاسایشی ئەلیکترۆنی و بەڕێوەبردنی زانیاری، وە بە هەمان شێوە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی چەکی کۆمەڵکوژ. سێیەم، و هەرە گرنگترینیان، کۆبوونەوە و سیمینارەکان کە سەرکردە سەربازییە باڵاکان، وەفد و شارەزایان بەیەك دەگەیەنێت بە ئامانجی تاوتوێ کردنی پرس و هەڕەشە جیهانییەکان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنیان لەسەر هەموو ئاستەکان.

**"یونیپاس":** مەشقی ساڵی 2022 یەکەم مەشقە لەدوای پەیای کۆڕۆنا. چۆن ئامادەکاری و هەماهەنگیت دەستەبەر کردووە لە کاتی کۆتوبەندەکانی پەتای کۆڕۆنا؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** ئەو ڕاستیەی کە لە بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا تارمایی خستبووە سەرهەموو جیهان نەك تەنها لە بواری هەماهەنگیی سەربازی و بەرگری بەڵکو کاریگەری گەورەی خستبووە سەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان. لەبەر ئەمە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب ئالەنگاری و ئاستەنگەکانی وەك هەلێك بۆ دەستەبەرکردنی بارودۆخەکە بەکارهێنا بەوپەڕی توانایی و کاریگەرییەوە. ئەوەی ئەم کارامەیی و بەڕێوەبردنە باشەی پێبەخشین بریتی بوو لەو مەشقانەی لە ڕابردوودا لەگەڵ نەتەوە برا و دۆستەکاندا ئەنجامیان دابوو، وەکو 'شێری تامەزرۆ' بە پێشینە لە دووبارە کردنەوەیدا. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لەگەڵ هەموو بارودۆخەکاندا ژیان بە درێژایی ماوەی بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا، کە توانای جموجۆڵی پێدان لە بوارە جیاجیاکاندا. سەرەڕای توانایان لە مسۆگەرکردن و یەکخستنی هەوڵەکان لەسەر ئاستی گشتی گەلدا، توانیان بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا بکەنە قۆناغێکی هەماهەنگی و ئامادەکاری بۆ ڕاهێنان.

**"یونیپاس":** هەڕەشە هەنووکەییەکانی سەر ناوچەکە چۆن نەخشەی مەشقە گەورەکان دادەڕێژێت؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر گۆڕانکاری و ئالەنگاری بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەر ئەمە ئەم ساڵ جەخت لەسەر ژمارەیەك ئامانج کرابووەوە بۆ بەدیهێنان کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهانی، بە دیاریکراوی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، وە هەروەها چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا. هەروەها هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان و زیادکردنی هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەنێوان دامەزراوە حکومییەکان و ناحکومییەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت و جیهاندا.

**"یونیپاس":** ئەردەن چۆنە لە ناوچەیەکی ناسەقامگیردا توانیویەتی سەقامگیری ڕابگرێت؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** ئێمە لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، باوەڕمان بە گرنگیی ژیانکردنە لە ژینگەیەکی ئارام و پارێزراودا. ئێمە بڕیار و هێز لە پایە بەرز، سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، پاشا عەبدوڵلای کوڕی حوسەینەوە وەردەگرین کە لە هەموو لێدوانە نێودەوڵەتییەکانی داوای مافی گەلان دەکات بۆ ژیان لە ژێر سایەی ئارامی و سەقامگیریدا.



**پیاوانی پاسەوانی دەریای ئەردەن لەگەڵ کەشتیوانانی ئەمریکادا وەستان لەکاتی مەشقێکی ژێر ئاودا.**

سەرۆك عەریف بنیجامین مەكدۆناڵد/ یەکەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا

لەبەرئەمەیە کە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن بۆ بنیاتنان و بەهێزکردنی ئاکارەکانی پشت بەیەك بەستن وهەماهەنگی بۆ گەیشتن بە ژینگەیەکی گونجاوی جیهانی بۆ هەماهەنگی ئەرێنی بنیاتنەری بەسوود. سەرەڕای تەنگ و چەڵەمە ناوچەییەکان کە باڵیان کێشاوە بەسەرماندا، ئێمە بەردەوامیین لە بەجێهێنانی ئەرکەکانمان و هەروەها لەدابینکردنی ئاشتی و ئارامیی جیهانی.

**”یونیپاس“:** سوپاکانی ئەردەن و ئەمریکا سەدەیەکی هاوبەش بەڕێ دەکەن. گرنگی ئەم هاوبەشییە چییە بۆ ئاشتی و ئارامیی ناوچەکە؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** مەشقەکانی ’شێری تامەزرۆ‘ کە لە ساڵی 2011 دا ئەنجامدرا و کە ئێستا دەیەم جارە، یەکێکە لە مەشقە هەرە گرنگەکان کە جێبەجێکراوە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە. ئەنجامدانی هەموو ئەم چالاکی مەشقانە لە سەر خاکی شانشینی هاشمیی ئەردەنی بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ پەیوەندییە قووڵ و ستراتیژیەکانی نێوان هەردوو وڵات. هەروەها ئەمە بەڵگەیە لەسەر گرنگیی ڕۆڵی ئەردەن لە ناوچەکە و جیهان بۆ دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیی بە بەشداری لەگەڵ هاوبەشێکی ستراتیژی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

**”یونیپاس“:** داعش بە ڕادەیەکی کەم چەکی کیمیایی کە عێراق سوریا بەکارهێنا. چۆن دەتوانیت ڕێگە بگرتت لە توندوتیژی توندڕەوەکان کە بەدەستهێنانی چەکی وێرانکەر؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** لە ژێر ڕۆشنایی زیادبوونی هەڕەشە باو و ناباوەکان و بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریان کەسەر ژیانی هاوڵاتیان و بەدەستهێنانی ئەوپەڕی هەماهەنگی و کارکردنی پێکەوەیی لە نێوان هێزە چەکدارەکان و ئاسایش و دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەت، ئێمە سیناریۆ و نواندنی دژوارمان بۆ مەشقپێکردنی بەشداربووان ئامادەکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشدەر و ئەتۆمی (CBRN)، هەروەها پلانی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاری تیرۆرستی، ئەمەش سەرەڕای جێبەجێکردنی پلانی نیشتمانی بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پیسبوونی ژینگە. ئەم سیناریۆیانەی کە ئەمجاممان داون بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی سەنتەری نیشتمانی بۆ ئارامی و بەڕێوەبردنی قەیران بە هاوبەشی لەگەڵ مەشقەکانی ’شێری تامەزرۆ‘ی ساڵی 2022 بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی چالاکیدا و بەدەستهێنان پیلانی ستراتیژی قووڵ و بەرزکردنەوەی توانای دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ئەم پلان و سیناریۆیانە لەسەر ئەو هەڕەشانەی کە دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکە ڕووبەڕووی ببوونەوە بنیات نرابوون، ئێمە لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، هەمیشە هەوڵ دەدەین پێشبکەوین لە ئامادەیی جەنگدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان وهەڕەشەکان لەسەر زەوی، دەریا و ئاسمان.

**”یونیپاس“:** چۆن ئاسایشی سنور لە نێوان عێراق و سوریا دەپارێزن لە یاخیبووە تیرۆریستەکان؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** بێگوومان هێزە چەکدارەکانی ئەردەن ڕووبەڕووی زۆر ئالەنگاری و هەڕەشە دەبنەوە لە سنوری باکوری ڕۆژهەڵات لەگەڵ سوریا و عێراق بەهۆی ئەو دەرەنجامانەی هاتوونەتە کایەوە لە ئەنجامی بارودۆخی ناوچەکە و سروشتی چەسپاوی پەرشبوون کە ئاکامی بریتی بوو لە دەرکەوتنی میلیشیا و ڕێکخراوی سەر بە وڵاتانی بیانی کە هەوڵی ناسەقامگیرکردنی شانشین و ناوچەکە دەدەن. ئەم میلیشیا و ڕێکخراوانە کاری باو ئەنجام نادەن، بەڵکو کاردەکەن لەسەر بەکارهێنانی ڕێگەی نوێی وەکو بەلاڕێدابردنی خەڵك، چالاکی بە ئامانجکراوی میدیایی و هێرشی ئەلیکترۆنی. سەرەڕای بەکارهێنانی ڕێگەی نوێی قاچاخچیەتی وەکو درۆن کە ئەمەش پێوویست بە بەردەوامی هەماهەنگی و پەیداکردنی تیمی گەڕۆکی ڕاهێنەری ئەمریکی هەیە بۆ مەشق پێکردنی هێزی پارێزەری سنور. هێزە چەکدارەکانمان بە گوێرەی سەیستەمێکی گشتگیر و ئامادەباشیەکی بەرز چالاکی ئەنجام دەدەن بۆ دابینکردنی ئاسایش، سەلامەتی و سەقامگیری لە شانشیندا بە تایبەتی و ناوچەکە بەگشتی، ئەوەیش بە ڕەچاوکردنی شوێنی جیۆستراتیژیی ئەردەن و ڕۆڵی وڵاتەکە وەك دەرەچەیەکی ئارامی ناوچەکە.

**”یونیپاس“:** چۆن ئەردەن هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات لە پێناو ئامادەکاری بۆ هەڕەشەی چەکی کۆمەڵکوژ؟

**عەمید قەیاد جەڕاد:** ئەردەن بە بەردەوامی هەوڵ دەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێت بە زۆنێکی خاڵی لە چەکی کۆمەڵکوژ و پەیوەست بکرێت بە پشتگیری پەیمانیی قەدەغەکردنی چەکی ناوەکی. وە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵدەدات بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوونی بە پەیمانەکە و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان. بەشداریکردنی ئەردەن لە کۆنگرەی ستۆکهۆڵم بۆ داماڵیمی چەکی ناوەکی و میوانداریکردنی لە دەستپێشخەریی کۆنفرانسی وەزیرانی ساڵی 2021 وبەشداری لە هەموو کۆبوونەوەکاندا بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ کاری بێ پەروای ئەردەن لەگەڵ ڕێکخراوە هاوشێوە جیهانییەکاندا. ✦



# پڕچەککردنی خراپەکاران

شێوەسازی ”یونیپاس“

# تاوانبارە نێونەتەوەییەکان سنورەکان تێدەپەڕێنن لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە

لیوای ئەردەنی (خانەنشین) عەودە شوزەیفات

**سەرەڕای** هەموو بەخشینەکانی کە مرۆڤایەتی بەهادار کردووە، تەکنەلۆژیا بریتییە لە شمشێرێکی دوو سەر، ژیان وێران دەکات ئەگەر بەوجۆرانە بەکاربهێنرێت کە بە هیچ جۆرێك یارمەتی مرۆڤ نەدات.

مرۆڤی خراپەکار تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتکردنی ئامانجە و مەبەستە خراپەکانی خۆی بەکاردەهێنێت. هەموو شتێك یاسایی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی کەسانی نائاسایی، توندڕەو، بازرگانانی ماددەی هۆشبەت، فێڵکەران وساختەکاران، و ئەو کەسانەی کە کاری تیرۆرستی دەکەن لە هەر شێوازێزدا بێت.

ئایا چەندێك لە تاوانەکان بە بەشداری درۆنەکان ئەنجامدراون، چەند کەسی گیانی لەدەستداوە، چەندێك خوێن ڕژاوە، شەرەفی چەندێك لەکەدار کراوە و چەندێك موڵك خاپورکراوە؟ تیرۆریزمی مەودا درێژ بووە بە جۆرێکی دەستپێکەیشتوو و هەرزان، کە لەلایەن ئەوانەی کە ئارەزووی خراپ بەکارهێنان وتێکشکان و ناسەقامگیرکردنی وڵاتان دەکەن بەکاردەهێنرێت. گەیشتووە بە خاڵێك کە درۆنەکان دەتوانن ماددەی هۆشبەر و تەقێنەرە بگوازنەوە، و ئێمە بە سەختی هەوڵ دەدەین ڕێگری بکەین و بەربەستییان بۆ دروست بکەین.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەندێك وڵاتی پێشکەوتوو لەڕووی تەکنەلۆژیاوە بوون بە پێشەوا لە بەرەوپێشبردنی توانا و ئەدای ئەو ڕێگەیانە بۆئەنجامدانی کاری خراپەکاری، بڵاوکردنەوەی بێسەروبەری و وێرانکردنی زیاتری ژیانی خەڵکی. ئەوان هێزەکانی ئەو وڵاتانە سەرقاڵ دەکەن کە دەیانکەن بە ئامانج، خۆشی وەردەگرن لە ئازاری ئەوای تر، و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و لەخشتەبردن لەڕێگەی گروپە چەکدارەکان، میلیشیاکان و پارێزەرانیان و بەرنامە دارێژەرەکانیان کە جەنگە شەڕانگێزیەکانیان بەشێوەی مەودادور لە وڵاتە جیاوازەکاندا بەڕێوە دەبەن. ئەوان سپۆنسەری ئەوانە دەکەن لە حاڵەتی زیان و وێرانکردن چاندن، بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بازرگانیی نایاسایی ئەنجام دەدەن، و هەموو ئامرازێکی پێویستیان بۆ بەدیهێنانی دید و ئامانجە خراپەکانیان هەیە

ئەگەر لەناوبردن و کوشتن کاری نەکرد، ئەوا هەوڵی وێرانکاریی مێشك، ڕەفتار و بنەماکانی ژیان، گرتنەبەری هەرشتێك کە کۆمەڵگاکان بەرەو ڕسوایی ببات، هانی هەموو نەنگیەك دەدەن بەهەموو شێوازێك کە پڕکرابێت لە بەلارێدابردن، ڕق و کینە و ئیرەیی.

تۆڕەکانی هاندان و پشێوی نانەوە بەکاردەهێنن کە دەنگۆ، درۆ، ناڕاستی، سوککردن و بێزارکردن بڵاودەکەنەوە کە لەگەڵ ئامانج و ویستەکانیان هاوتایە. درۆنەکان کە لەلایەن ئەو کەسانەوە بەکارهاتووە ئێستا بۆ گروپە تیرۆرستیەکان بەردەستن لەو ناوچانەی کە تیرۆر تێیدا بەربڵاوە، و ئەمانە لە لایەن منداڵانی کەسانی ئاوارەبووی ناوخۆ و داعشەوە بەکاردەهێنرێن، و لە لایەن ئەوانەی کە لە زیندانەکان هەڵاتوون و ڕاهێنراو. لەلایەن وڵاتان و میلیشیا و گروپی چەکدارەوە.

منداڵانی ئەو کەمپانە وەکو بۆمبی تەوقیتکراو وان لەناو وڵاتەکاندا و لەسەر سنوری وڵاتانی دراوسێ، لەگەڵ هەندێک لە پەنابەرانی نایاسایی دەرەوەی وڵات. ئەم چەکە یەکخراوە کە وڵاتان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، پاڵپشتی دەکەن و پابەندن پێی، ژەهری تیرۆر بڵاودەکەنەوە کە هیچ جیاوازیەک نابینێت لە نێوان ڕەنگ و ئاین و باوەڕ. ئامانجیان بریتیە لە ناسەقامگیری لە ناوچەکە، بەلارێدا بردنی هەر هەوڵێک، سەرقاڵکردنی سوپا، لاوازکردنی ئاسایشی وڵاتان و سنورەکان.

تیرۆرستان هیچ ڕێگا یان ئامرازێکیان فەرامۆش نەکردوە، هەموویان بەخراپی بەکاردەهێنن و دەیانکەن بە ئامرازی خزمەتکردنی پرۆژە وێرانکەرەکانیان.

سەرەرای بێشوماری سودەکانی بەرەوپێشچوونی بەردەوامی تەکنەلۆژیا لە ژیانی هاوچەرخی ئەمرۆمان، زۆر لایەنی خراپیشی هەیە، گرنگترینیان بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دواکەتووە لە کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆژیای تازە لەڕێگەی یاساکان و بەڕێوەبردنی بەکارهێنان و سزادانی ئەوانەی بە خراپی بەکاری دەهێنن، جا تاك، گروپ یان وڵاتێك بێت.

تیرۆرستەکان سودیان وورگرتووە لە نەبوونی بەرگریی نێودەوڵەتی - و پاڵپشتی هەندێ وڵات - بۆ قۆرخکردنی زانیاریی تەکنەلۆژی بۆ خزمەتکردن بە تاوانە ناوخۆیی و کیشوەر بەزێنەکانیان. ئەوان وەرگرتن و پاڵپشتی داراییان بۆ گروپە تریۆرستیەکان ڕیکخستووە کە ڕێگەی سەکۆکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی، مۆبایل، تەلەفۆنی مانگی دەستکرد، کۆمپیوتەر، تۆری وەهمیی تایبەت.

ئەوان هێرشیان کردووەتە سەر ئینتەرنێت، سیستەمی گشتیی کۆمپیوتەریان وەستاندووە، و تۆقاندن و دزەکردنیان لەڕێگەی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە ئەنجامداوە. بۆ وەستانی گوڕی تیرۆریزم، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە ڕازی بن بە بنبڕکردنی تاوانی ئەلیکترۆنی بە باشترکردنی یاساکان دژ بە هەر حکومەتێک یان دامەزراوەیەکی تایبەت کە بەشداریکردنیان سەلمێنراوە، هاندەر یان چاوپۆشیکەری لەم جۆرە تاوانانە دەکەن. شکست لە ئەنجامدانی کرداری سزادان لە دژی تاوانباران دەکرێت هاوتا بکرێت بە بەشداریکردن لە تاوان. ✦

# ڕێنماییە سەردەمییەکان بۆ
# مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسیە سەردەمییەکان



NESA-CENTER.ORG

# کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی فوئاد شەهابی لوبنان تەواوکەری ڕاهێنانی ئەفسەر دابیندەکەن بە سەردانکردن بۆ زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمریکا




LEBARMY.GOV.LB



ئەفسەرانی کۆلێژی فەرماندە و دەستەی فوئاد شەهاب سەردانی زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمریکا دەکەن لە ساڵی 2022.

دەستەی "یونیپاس"

**دامەزراوە** ئەکادیمییەکان پشت دەبەستن بە هاوبەشی کردنی ئەزموون و هاوکاری نێودامەزراوەیی بۆ بنیاتنانی بەرنامەیەکی بەهێز ودەستەیەکی پیشەیی شارەزا لە بنیاتنانی وڵاتدا. ڕەنگە ئەکادیمیا سەربازییەکان زیاتر پێویستیان بە هاوبەشی نێوان دامەزراوەکان هەبێت بەهۆی گۆڕانکارییە زۆرەکانی بواری زانستی سەربازی. بێگومان، ئەم دامەزراوانە هەوڵی تەواو دەدەن بۆ زانینی تاکتیکە نوێیەکان، بە تایبەتی ئامرازی جەنگیی ناهاوسەنگی ئەم دواییە، بەکارهێنانی درۆنە ئاسمانیەکان بۆ گۆڕەپانی جەنگ، و دروستبوونی بەرەی نوێ، بە تایبەتی مەیدانی ئەلیکترۆنی. لە دەرەنجامدا، ئێمە وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان دەبینین کە بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردن دروست دەکەن، خوێندکاران دەنێرنە دەرەوە بۆ وڵاتانی هاوبەش و لە بەرامبەردا خوێندکار وەردەگرن. لەم ڕووەوە کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی فوئاد شەهابیی لوبنان جیاوازتر نییە لە هەر کۆلێژ و زانکۆیەك لە تەواوی جیهاندا و لە هەمانکاتدا پەیوەندیی نزیکی بە ئەمەریکا، بەڕیتانیا و فەرەنسا هەیە. یەکێك لە هەرە گرنگترینەکان لەم بەرنامانە بریتییە لە بەرنامەی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکی ناوەندی نزیك بە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ توێژینەوە ستراتیژیەکان (NESA)، کە بە بەردەوامی پێشوازی دەکات لە قوتابیە سەربازییەکانی لوبنان. "یونیپاس" چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ عەمید حەسەن جۆونی فەرماندەی پێشووی کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی فوئاد شەهابی، کە باسی کۆلێژەکە و بەرنامەکانی کرد.

ئامانجی مەنهەجی خولی دەستە لە کۆلێژدا بریتییە لە پەرەپێدانی ئەفسەرانی فەرماندە و ئامادەکردنیان بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکە سەربازییە گەورەکان یان کارکردن وەکو ئەندامێکی دەستە. مەنهەجەکە هەموو تەکنیکەکان و میکانیزمەکانی بڕیاردانی سەربازی لە سەر ئاستی تەکتیکی و کرداری لەخۆگرتبوو وە لەلایەن فەرمانەدەوە بۆدانانی پلان و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە لە هەموو ئاست و پلەیەکدا بۆ ئەوەی بڕیارێکی گونجاو بدرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تەکنیکی یان کرداری، چارەسەکردنی ئالەنگارییەکانی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، یان بەڕێوەبردنی قەیرانە گەروەکان.




ئەفسەرانی لوبنانی لە کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی فواد شەهاب لە ساڵی 2022 لە وانەکانی زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمریکا بەشداری دەکەن.

**"یونیپاس": ئامانجەمانی سەردانی وەفدی ستافی کۆلێژ چییە بۆ ئەمریکا؟**

**عەمید جوونی:** گەشتی خولی ئەفسەرانی دەستە بۆ ئەمریکا، بە تایبەتی بۆ زانکۆی بەرگری نیشتمانی (NDU)، بەرنامەڕێژکراوە بۆ ئاشناکردنی ئەم ئەفسەرانە بەپرسە ستراتیژییە هاوچەرخەکان بە وتنەوەی چەندین وانە وەکو بەشێك لە وۆرکشۆپێك کە لەلایەن NESAـوە ڕێکخراوە. ئەوانەیش تەوەرە ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکییە هاوچەرخەکان دەگرنەوە کە لە لایەن ژمارەیەک وانەبێژ و پرۆفیسۆری زانکۆ لە چەندین وڵاتەوە دەوترێنەوە، ئەو فێرکەرانە پاشخان و زانیاریی هەمەڕەنگیان هەیە بۆ مژارکردنی ئەو تەوەرانە لە چەندین دیدگای جیاوازەوە. لە ئەنجامدانی ئەمە، ئێمە ئاسۆی زانیاریی ئەفسەرانی دەستە بەرزدەکەینەوە، بە تایبەتی لە بابەتە ستراتیژیە سەرەکییەکان، لەوانە فراوانکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پایە هەرە گرنگەکانی، بەتایبەتی لەم سەردەمەی سەرۆکایەتیدا، و نیشاندانی سەرەکیترین گۆڕانکارییەکان کە ڕوویان داوە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ئاڵوگۆری کلتوری و زانیاری ڕوودەدات لە نێوان وانەبێژان و ئەفسەراندا لەماوەی گفتوگۆکان و بەریەککەوتنەکان کە ڕوودەدەن وەکو بەشێك لە وانەکان.

**"یونیپاس": ئایا ئەمە یەکەم سەردانی ستافی کۆلێژی لوبنانییە بۆ NESA؟**

**عەمید جوونی:** نەخێر، بەر لە 10 ساڵ، سەردانکردن بۆ هەرە سەرکەوترین ئەفسەرانی دەستە لە هاوکاری لەگەڵ ناوەندی NESA بۆ توێژینەوە زانستییەکان ڕێکدەخرا و نووسینگەی هاوکاریی بەرگری ئەمریکا لە بەیروت، وە لەو کاتەوە ئەمە دوبارە دەکرێتەوە، جگە لە دوو ساڵی ڕابردوو نەبێت بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆناوە.

**"یونیپاس": ئایا چۆن ئاستی وانەکان هەڵدەسەنگێنیت کە وتراونەتەوە لەلایەن پرۆفیسۆرەکانی NESAـوە؟**

**عەمید جوونی:** بێگومان ئەمانە وانەگەلێکی بەنرخن لەسەر ئاستی زانیاری، توێژینەوە و تیۆری، بەڵام گرنگی ئەم وانانە لە هەمە چەشنایەتی بابەتەکان و هەمەچەشنایەتی لە خودی وانەبێژاندایە - پاشبنەمای کەسایەتی و سیاسییان - کە هۆکاری وتنەوەیەکی ڕەخنەگرانی بابەتە جیاوازەکانە. لەلایەکی ترەوە، تیشک خستنەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوود بە ئەفسەرەکان دەگەیەنێت بە فراوانکردنی تێڕوانینیان لە ڕوانگەی تێگەیشتن لەسیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ناوچەکە، بەتایبەتی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**"یونیپاس": ئایا دەتوانیت لەسەر هاوکاریەکانی نێوان لوبنان و ئەمریکا قسە بکەیت؟**

**عەمید جوونی:** ئەوەی کە من دەتوانم قسەی لەسەر بکەم بریتییە لەم هاوکاریە ئەکادیمیەی نێوان کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی فوهاد چەهابی لەگەڵ زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمەریکا لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی NESA، کە بووە بە هاوکارییەکی چالاك و سودبەخش لە بابەتی پەرەپێدانی کلتوریی ئەفسەرەکان لە بوارەکانی سترارتژی و جیۆپۆلەتیك. جگە لەمەش، ڕاوێژکارێکی ئەمریکا کار لەگەڵ سەرکردایەتی کۆلێژ دەکات بۆ یارمەتیدان لە پێشخستنی مەنهەجە فێرکاریەکەی. ئەو پسپۆڕە لە بواری پلاندامامی ستراتیژی و هاوکاری ئەکادیمی ڕێکدەخات لەنێوان کۆلێژەکە و دامەزراوە سەربازییەکانی ئەمریکا.

**"یونیپاس": ئایا کۆلێژی دەستەی لوبنان پرۆفیسۆری هەیە لە وڵاتانی ترەوە هاتبن؟**

**عەمید جوونی:** هەندێک جار کۆلێژەکە میوانداری ڕێکدەخات بۆ پرۆفیسۆری وڵاتانی هاوپەیمان کە کەسانێکی ئەکادیمین یاخود ئەفسەری خانەنشینبوون، بەڵام بەتەنها بۆ مەبەستی دیاریکراوی ناوبەناوە. هیچ پرۆفیسۆرێکی هەمیشەیی بوونی نییە. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە کۆلێژە ئەفسەرێکی فەرەنسی وەگرتووە لەلایەن سوپای فەرەنسا لە ڕێگەی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە لوبنان دیاریکرا. ئەو پسپۆڕێکی سەربازیە و ئەرکی هەماهەنگی پێدراوە لە نێوان سەرکردایەتی کۆلێژی دەستە و کۆلێژی جەنگ لە پاریس و بە هاوکاری چەند مەشقێکی پێکەوەیی و بەرنامەی ئاڵوگۆڕکراو.

**"یونیپاس": دەتوانیت باسی ڕوانگەی سەرەکیی کۆلێژی دەستەی لوبنان بکەیت؟**

**عەمید جوونی:** ئامانجی مەنهەجی خولی دەستە لە کۆلێژدا بریتییە لە پەرەپێدانی ئەفسەرانی فەرماندە و ئامادەکردنیان بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکە سەربازییە گەورەکان یان کارکردن وەکو ئەندامێکی دەستە. مەنهەجەکە هەموو تەکنیکەکان و میکانیزمەکانی بڕیاردانی سەربازی لە سەر ئاستی تەکتیکی و کرداری لەخۆگرتبوو وە لەلایەن فەرماندەوە بۆدانانی پلان و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە لە هەموو ئاست و پلەیەکدا بۆ ئەوەی بڕیارێکی گونجاو بدرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تەکنیکی یان کرداری، چارەسەکردنی ئاڵنگارییەکانی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، یان بەڕێوەبردنی قەیرانە گەروەکان. بە هەمان شێوە پلاندانانی تەکتیکی و مەشقی کرداری لەخۆدەگرێت کە لە ڕێگەی سیستەمی دیجیتاڵی واقیعی نمایشکراوە بۆخستنەڕووی ئەو مانۆڕانەی کە لەلایەن یەکەکانەوە پلانیان بۆ دانراوە. جەگە لەوەش، زۆر بابەتی تر دەکەونە ناو مەنهەجی "فەرماندە و دەستە"ـمانەوە، لەوانە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، گفتوگۆ، بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان، یاسای مرۆیی جیهانی، یاسای جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هەماهەنگی مەدەنی و سەربازی. لە سەر ئاستی ستراتیژی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم خولە بەرزترینە لە هێزە چەکدارەکانی لوبنان، ئەوە گرنگە کە لە ڕێگەی بەرنامەکان، سیمینارەکان و کەرەستە پەیوەنیدارەکانەوە بە بنەما ستراتیژیەکان و جیۆپۆلەتیکەکان ئاشنا بیت. لەگەڵ ئەوەشدا، داواکراوە لەسەر یەکەکان توێژینەوەی زانستی ئامادەبکەن لەسەر بابەتە ستراتیژیەکان وەکو مەرجی ناچاری بۆوەرگرتنی ناونیشانی ئەفسەری دەستە.

**"یونیپاس": چۆن سەرنجی خوێندکاری وڵاتانی دۆست ڕادەکێشن؟**

**عەمید جوونی:** فەرماندەی سوپا سەربازییەکی دۆستانە پێشنیاردەکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە میوانداری ئەفسەرە لوبنانیەکان دەکەن لە کۆلێژە سەربازییەکاندا، هەڵێك بۆ یەک یان چەند ئەفسەرێک بۆ چاودێریکردنی خولی دەستە لە میانەی ئەزموون، زانیاری و ئاڵوگۆڕی کلتووری لەنێوان سوپاکانی هاوڕێدا. وەکو دەرەنجام، کۆلێژی فەرماندە و دەستەی فوئاد شەهاب 10 بۆ 15 ئەفسەر لە وڵاتانی عەرەبیی دۆست و سوپا بیانیەکان وەردەگرێت، بەمەرجێک بە پاراوی عەرەبی بزانن، لەبەرئەوەی ڕێکارییەکان لە کۆلێژەکەدا بە زمانی عەرەبی دەبێت. ✦



# پێکهێنانی شێوەی نوێ لە
# هاوکاریی ئاسایش

**د. خالید بن موحەمەد عەتیە،** جێگری سەرۆك وەزیرانی قەتەڕ و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگری



یاریگای لوسەیل لە قەتەڕ شوێنی یەکەم یاریی جامی جیهانیی 2022 بوو. ڕۆیتەرز

سالّی 2022 ساڵێکی زۆر تایبەت بوو بۆ دەوڵەتی قەتەڕ، لەبەر ئەوەی خۆمان ئامادە دەکرد بۆ میوانداریکردنی جامی جیهانی ساڵی 2022. من هەمان قسەی خاوەن شکۆ ئەمیر شێخ تەمیم بن حەمەد دەکەمەوە کەوتی ئێمە زۆر شەرەفمەندین بە گەشەسەندنەکانی دەوڵەتی قەتەر و سوپاسی ئەو سەرنجە جیهانییە دەکەین جامی جیهانی پێمانیبەخشی کە هاندەر و بزوێنەری گەشەسەندنی قەتەر بوو لە چەندین ڕووەوە، بە تایبەتیش لە بواری ژێرخانی ئابووری و سیاسەتدا. وەرزش کاریگەریرکی ئێجگار مەزنی هەیە لەسەر مرۆڤ؛ کە دەتوانێت خەڵکانێکی هەمەچەشن بەجۆش بکات و کۆبکاتەوە. وەرزش لە باشترین شێوەی خۆیدا نمونەیەکە لە کاری پێکەوەیی و نیازپاکی، کە تێیدا هەوڵە باشەکانت پاداشتت بۆ بەدەستدەخەن، وکەموکوڕییەکانت لەلایەن یاریزانانی هاوتیپ پڕ دەکرێنەوە. لەم ڕووەوە، دەکرێت وەرزش ببێت بە ئیلهام بۆ هەرەوەزیی جیهانی.

وەك چۆن ئێمە چاودێریی کۆبوونەوەکانی هاوکاری ئاسایشی دەکەین، ئەوا پێویستە هەوڵ بۆ ئەو کۆبوونەوانەش بدەین کە وڵاتان یەکدەخات لەڕێگەی پێکهێنانی هێزی پێکەوەیی بە ئامانجی باشترکردن و پەرەپێدانی ئاسایش. ئاسایشی ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی کاری بەکۆمەڵەوە دێتە کایەوە. یاریی گەرمی کێبڕکێ گومانی نیە نەک تەنها داهێنانی لە کەرتی ئاسایشدا خێراتر کردووە، بەڵکو بە هەمان شێوەش زۆر کەسی وەک تەماشاکەر لەبەردەم داهێنانەکان یان قەتیسماو لە سنورەکانی خۆیاندا جێهێشت.

دەوڵەتی قەتەر بەبەختە بە هەبوونی سەرچاوەی زۆر، خەڵکی خۆڕاگر و ڕوانگەی سەرکردایەتییەکەی. بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی وڵاتەکەم بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی گەلەکەمانە لە ڕێگەی پەروەردە، توێژینەوە و گەشەسەندن و چاودێری تەندروستیی ئاستبەرزی جیهانی. لە بواری ئاسایشدا، قەتەر تیشک دەخاتە سەر بنیاتنانی هێزێکی باش ڕاهێنراو و پڕچەککراو بۆ پاراستنی سنورەکانمان بە سەرنجی 360 پلەی تەواو لەسەر ئاسایش. ئەمە هاوشانە لەگەڵ پێشخستنی شێوە نەریتییەکانی هاوکاریی ئاسایشی لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکان لە ئاڵوگۆڕی زانیاری، کارکردنی پێکەوەیی، دەسپێشخەریەکانی پاراستنی ئاشتی، مەشقکردن و پەروەردە.

لە تاقیکردنەوەی شێوازە نوێیەکانی هاوکاری ئاسایش، من هەنگاوێك دەگەڕێمە دواوە بۆ ڕامان لە ڕاستیی ئێستامان و چنگخستنی چەند وانەیەکی وەرگیراو لە ڕووداوە جیهانییەکانی ئێستا و ڕابردوو.

ئێمە دەزانین، پەراوێزخستن، وەک ئەوەی لە مێژوودا دەردەکەوێت، زیاتر هەستی خراپەکاری توختر و چەسپاوتر دەکات وەک لەوەی بڵێسەکانی شەڕانگێزی خامۆش بکات. دوای بە توندی ڕێگریکردن لە سەرپێچییەکان، ئەوانەی کە خۆیان وەکو شکستخواردوو دەبیننەوە دەگەڕێنەوە بۆ پێکهاتە جیهانییە دیپلۆماسییەکان، و ئاشتی بەرقەرار دەکرێت، و خۆشەگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەهێنرێتە کایەوە.

پاراستنی مافی دەوڵەتەکان لە ناو چوارچێوەی کاری پێکەوەیی، نەک لە یاریکردن بە یاسا بۆ خۆدەرخستن، متمانە بۆ ئەم دامەزراوانەدروست دەکات و ئەندامانی ناچار دەکات پێکهاتەکە بپارێزن.

لەمڕۆدا، ئێمە زیاتر لەسەر وەچەرخانی جیهانی و دووبارە هاوسەنگکردن گفتوگۆ دەکەین.

پێشنیار دەکەم بە فراوانکردنی ئامانجەکەمان و بەهێزکردنی سەکۆ جیهانییەکان کە لە پێناو بەڕێوەبردنی ئابووریی جیهان، چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکان دامەزراون. بە چەسپاندن و فراوانکردنی ئەندامێتی لەو کۆمەڵانەی کە تەنها بۆ ئەندامەکانی کراوەن، دەکرێت شێوازێکی گشتگیر و جێگیر بۆ گەشەکردن و هاوکاری بنیات بنرێت.

ئەگەر هەر ئومێدێك لە ئارادابێت بۆ دۆزینەوەی شێوازە داهێنراوەکان لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاسایشی جیهان و شێوازەکانی تری هاوکاری، ئەوا پێویستە سەرەتا سیستەمێکی دادپەروەرانەی هاوکاری بچەسپێندرێت.


زیاتر دەربارەی سیاسەتی هاوسەنگیی قەتەر پرسیارم لێدەکرێت. ئایا ئێمە چۆن دەتوانین پەیوەندیەکانی وەك بەرگری، سیاسی یاخود ئابووری بپارێزین لەگەڵ هاوبەشە فرەنەتەوەییەکانمان کە بەژەوەندیی جیاوازیان هەیە؟ من دەمەوێت زۆر ئاسان جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە قەتەر هیچ یاریەک ناکات. ئێمە دەزانین خۆمان کێین، کەموکوڕییەکانمان و هەموو شتێك دەزانین؛ باش دەزانین کە لە پێناوی چی دەجەنگین و نەخشەڕێگای تایبەت بە خۆمان پەیڕەو دەکەین لە 'دیدگای نیشتیمانیی قەتەریی 2030'. کەسایەتی ئێمە بۆ هەمووان ئاشنایە. کاتێك تۆ مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی قەتەڕدا دەکەیت، ئەوا تۆ بە راستی دەزانیت لەگەڵ کێدا مامەڵە دەکەیت: دۆستێکی ڕاستگۆ و متمانەپێکراو کە هەرگیز ڕاڕا نابێت لە وتنی ڕاستیەکان.



**سەربازان لەگەڵ یەکەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەربازیی قەتەڕ و یەکەی چەکی کۆمەڵکوژ لەگەڵ هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2022 ڕاهێنان دەکەن. قەتەر شانازی بە هاوبەشییە فرەنەتەوەییەکانی خۆیەوە دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان.** ئیدوین ڵ. ریتسۆن/پاسەوانی سوپانی نیشتامانیی ئەمریکا

هەوڵە ڕاستگۆیەکانی قەتەڕ لە زۆر کێشەی جیهانیدا بەڵگەن بۆخۆیان، لەوانە قەیرانی کۆچبەرانی ئەفغانستان و دووبارە بنیاتنانەوەی لوبنان. ئێمە لە ساتە سەختەکاندا کۆڵنادەین و سزای تاکەکان نادەین لەسەر هەڵوێست گۆڕینیان بەبێ ڕەچاوکردنی باشترین هەوڵەکانمان لە گەلەکەیانەوە. ڕەنگە هەندێک هەوڵی ئەوە بدەن هەوڵەکانی دەوڵەتی قەتەر وەک پاراستنی بەرژەوەندیی خۆمان وێنا بکەن. من بۆ ئەوە دەڵێم کە، چالاکییە جیهانییەکانمان بەهۆی خواستەکانمانەوە ئاڕاستە دەکرێن بۆ خزمەت گەیاندن بە ئاشتی و یەکگرتوویی جیهانی. ئێمە لەوە تێدەگەین کە شەرانگێزی تەنها خزمەت بە کۆمەڵێکی کەم دەکات، بەڵام ئاشتی و دەرئەنجامەکانی، خۆشگوزەرانیی ئابووری، خزمەت بە هەمووان دەکات.

هاوکاریی مێژوویی لە بواری ئاسایشدا زۆر جار کورتبیانەیە، بەرپەرچدەرەوەیە و دواجار وێرانکەرە. بۆ ئەوەی ئاسایش بەردەوام و سەقامگیر بێت، ئەوا پێویستە گشتگیر بێت. هەروەکو تۆپی پێ، پێویستە کەموکوڕییەکانی یاریزانێك لەلایەن هاوتیمەکانیەوە پڕبکرێتەوە ئەگەر هەر ئومێدێك بۆ سەرکەوتن بوونی هەبێت. ✦



# بەرپەرچدانەوە
# هەڕەشەکانی
# بەزاندنی سنور

## سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئاسیا لە میانەی مەشقی هاوکاریی ناوچەیی 22ی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

دەستەی "یونیپاس"



سوپای تاجاکستان لەگەڵ سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکا لەماوەی هاوکاری ناوچەیی 22.

ئەفسەر عەریفی پلە یەك تێرا گاتی/سوپای پاسەوانی نیشتمانی ئەمریکا

**کاتێك** بۆ دروستکردنی شەڕی ناوخۆ، دەوڵەتێک گرژی و ناکۆکیە نەژادییەکان دەوروژێنێت لە وڵاتێکی هاوسنووردا، هاوپەیمانییەکی سەربازی نێودەوڵەتی پێکدەهێنرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەوەی ململانێکە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە

هێزەکانی هاوپەیمانان پێکهاتبوون لە فەوجێکی پیادەی تاجاکستان، فەوجێکی ئۆپەراسیۆنی تایبەتیی پاکستان، فەوجێکی پیادەی کازاخستان، فەوجێکی پیادەی پڕچەککراوی ئۆزبەکستان، دوو کۆمپانیای ئۆپەراسیۆنی تایبەتی مەنگۆلی، فەوجێکی پیادەی پڕچەککراوی ئەمریکا و دوو فەوجێکی ناتۆ کە وەک هێزی ئاشتیپارێز جێگیرکراون.

بەکارهێنانی جەنگی ناهاوسەنگ لەلایەن دوژمنەوە - پڕوپاگەندەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، تەقاندنەوەی تیرۆریستی و تاکتیکی نائاسایی تر- مانای ئەوە بوو کە هێزەکانی هاوپەیمانان نەیاندەتوانی تەنها پشت بە هێز ببەستن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە واقیعییەکان. پێویستە زاڵبن بەسەر جیاوازییە کولتووری و زمانەوانییەکانیان بۆ ئەوەی پێکەوە وەکو تیمێکی کاریگەر کاربکەن.


CASTILLO
U.S. ARMY

ئەم ژینگەی خەیاڵییە کۆمپیوتەرییە بریتی بوو لە چالاکی سەرەکی لە هاوکاری ناوچەیی 22 (RC 22)، کە مەشقێکی سەربازی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بوو و لە 10 تا 21 مانگی ئابی ساڵی 2022 خایاند کە لە دوشانبێە، تاجاکستان بەڕێوەچوو. ئامانج لەم مەشقە کۆکردنەوەی هێزی فرەنەتەوەیی بوو لە ئەرکێکی هاوبەشدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی ئاشتی و دابینکردنی سەقامگیری بۆ ناوچەیەک کە جوگرافیاکەی نزیکبێت لە خاکی ئاسیای ناوەڕاست.

"ئاسایشی هەرێمی ئێمە دەرەنجامی هەوڵێکی پێکەوەییە؛ ئەو گرنگە بۆ ئێمە لەگەڵ سوپا ناوچەییەکاندا هەماهەنگی بکەین لە پێناو پاراستنی سنورە هاوبەشەکانمان و ڕێگریکردن لە هەر دزەکردنێکی تاوانباران یاخود گروپە تیرۆرستییەکان،" پسپۆڕی بەرگریی باڵوێزخانەی پاکستان لە تاجاکستان ئەمەی وت، کە یەکێك بوو لە بەشداربووانی چالاکییە هەرێمیەکیە. "پاکستان هەمیشە ئامادەباشە بۆ بەشداریکردن لە مەشقی سەربازیی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە سوود بە هەموو بەشداربووان بگەیەنێت."

زیاتر لە 300 ئەفسەری ڕاسپێردراو و نا ڕاسپێردراو لە سوپای وڵاتە بەشداربووەکان بەشداریان لە مەشقەکەدا کرد بە هاوبەشی لەگەڵ یەکەیەکی گەورە لە وڵاتی تاجاکستانی خانەخوێ، کە پێداویستییە لۆجیستیکیەکانی بۆ مەشقەکە دابین دەکرد. جگە لە تاجاکستان، چاودێرانی مەشقە پێکهاتبوون لە سوپاکانی کازاخستان، قرغستان، مەنگۆلیا، ئەمریکا و ئۆزبەکستان.

بەشێکی زۆری مەشقەکە پێکهاتبوو لە ڕاستیی خەیاڵیی کۆمپیوتەری کە پێویستی بەوە دەکرد بەشداربووان ڕۆڵی کارمەندی بارەگای سەرەکی لیوا بگێڕن بۆ سەرپەرشتیکردنی هێزە زەمینییە خەیاڵییەکان. ئەم مەشقی فەرماندەییە تیشکی خستە سەر بەرەودان بە هاوکاری وکارکردنی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی بەشداربوو و هەماهەنگی نێوان هێزە چەکدارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە چارەسەرکردنی پرسەکانی خەڵکی ئاوارە و هاوکاریی مرۆیی.

هەروەها لە پێناو بەرزکردنەوەی توانای تەکتیکیان، دەیان سەرباز برانە گۆڕەپانی سەربازی لە دەرەوەی دوشەنبە بۆ مەشقی کرداریی شەری مەودا نزیک، پاراستنی کاروانی سەربازی، دەرکردنی بریندارەکان و بەرەنگابوونەوەی تیرۆر.

سەربازانی تاجیکی لە کاتی ئاڵوگۆڕی زانیاریی پزیشکی لەگەڵ پاسەوانانی نیشتمانیی ئەمریکا لە ڤێرجینیا و ماساشوتسەوە، مەشق دەکەن لەسەر بەکارهێنانی پەستێنەر.
ئەفسەر عەریفی پلە یەك تێرا گاتی/ پاسەوانی سوپانی نیشتیمانیی ئەمریکا



ئەو ڕاهێنانانە سوپای تاجاکستان و یەکەکانی پاسەوانی نیشتمانی لە ویلایەتی جیاوازەوە وەکو بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشی وەزارەتی دەرەوە بەشاریی پێکرد.

ماوریزیۆ کالابرێسێ، عەمید لە هێزی ئاسمانی ئەمریکا، جێگری فەرماندەیی گشتیی بارەگاکانی 'دژەتیرۆری سەرو ئاسۆ' لە بنکەی ئاسمانی عەدید لە قەتەر، لە وتارەکەیدا لە میانەی مەشقەکە هاوکاریی ناوچەیی بەرزنرخاند و بە "هەوڵێکی بێ پایان بۆبەرزکردنەوە ئاستی ئاسایشی پێکەوەیی لە ناوچەکە" چواندی.

"ئێمە بە هەماهەنگی لە ڕێگەی پرۆسەکانی بەرەودان بە گەشەسەندنی زیاتر و هاوکاری نێوان سوپا و ڕێکخراوە مەدەنییەکان کارمان کرد لەڕێگەی بەکارهێنانی سیناریۆی ئالۆزەوە،" عەمید کالابرێس ئەمەی وت. "مەشقەکانمان تیشک دەخەنە سەر چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی ئاسایشی سنور، گەشەپێدانی تەکنیکی دژەتیرۆر، پاڵفتەکردنی ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و چالاکیی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە بەرامبەردا باشترکردنی کاریگەری ئەرکە گرنگەکانی تر بۆ پەرەپێدان بە ئاسایشی هاوبەشی خۆمان."

یەکێک لە لایەنە هەرە گرنگەکانی مەشقەکە پێویستبوونی بەرپەرچدانەوەی کارمەندانی بارەگای سەرەکیە لە بەرامبەر پلانگێڕی تیرۆرستان بۆ لەناوبردنی ئاشتی. سیناریۆکانی مەشقەکە هەوڵی تیرۆرستانی ناساندووە بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، وروژاندنی ناکۆکی نەژادی و قاچاخیکردن بە چەکەوە. هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان کشانەوە دوای بۆسەیەکی تیرۆرستان، کە ئەمە وایکرد هێزی هاوپەیمانی هاوکاری ناوچەیی 22 ئەم بۆشاییە ئاسایشیە پڕبکاتەوە.

تیرۆرستان و دەوڵەتانی ناحەز بواری ناهاوسەنگی جەنگ بەکاردەهێنن بۆ وروژاندنی ناکۆکیی نەژادی و خێڵەکی لە وڵاتانی دراوسێدا. لایەنە ناحەزەکان "سوپای ئەلیکترۆنی" بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەکانیان بۆ وروژاندنی ناکۆکی نەژادی و ئاینی. زانیاریی نادروست ترس دروست دەکات لەوەی کە ئەو کۆمەڵەیە قوربانی دەستی توندوژین. ئامانجی سەرەکی بریتییە لە دامەزراندنی تیرۆست یان دەوڵەتێکی خراپەکار. بە گشتی کوشتوبڕ و توندوتیژیی زیاتری بەدواودا دێت.

لە یەکێک لە سیناریۆکانی مەشقەکە، فرۆکەی هەواڵگر گروپێکی تیرۆرستیی بەدی کرد کە هەوڵی دزەکردنیان دەدا بۆ ناو کەمپی ئاوارەی ناوخۆ (IDP) بۆ دامەزراندنی گەنجان، کە ڕاپۆرتێکی پێشووتر پشتڕاستدەکاتەوە سەبارەت بە دابەشکردنی نامیلکەی پشتگیریی تیرۆریستی لەنێوان ئەو گروپانەدا. ئەمە وایکرد هێزەکانی هاوپەیمانان چاودێریکردنی خەڵکانی ئاوارە چڕتر بکەنەوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ تیرۆرستێك لە نێوانیاندا ناژێت. ئەزموونەکانی پێشوو ئەوەیان دەرخستووە کە کەمپەکانی خەڵکی ئاوارەی ناوخۆ سەرەکیترین زەمینەی دامەزراندن بۆ گروپە تیرۆریستیەکانە بە سود وەرگرتن لە هەستی نامۆبوون و بێهیوایی لەناو ئاوارەکاندا.

ڕاپۆرتێکی تری هەواڵگری ئەوە دەردەخات کە گروپە تیرۆرستییەکان هەوڵی دروستکردنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژیان دەدا بۆ ئەوەی ژێرخانە گرنگەکان لەناو ببەن. فرۆکەی هەواڵگری هێزەکانی هاوپەیمانان وێنەی تیرۆرستەکانیان گرتووەکە هەوڵی گرتنەبەری ڕێگەکانی قاچاخچێتی دەدەن کە دڵخوازترینن لەلای بازرگانانی ماددەی هۆشبەر.

ستافی فەرماندەیی هاوبەش بڕیاریدا بە بۆردومانی ئاسمانی ڕێڕەوی قاچاخچێتی لەناو ببات و ئەرکی هەڵکوتانە سەر حەشارگەی قاچاخچییەکانی لەو ناوچەیە سپارد بە هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە دەستگەیشتنی تیرۆرستان بە چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی.

عەقید کاخرەمان ئاچیلۆڤ، سەرۆکی وەفدی سەربازی ئۆزبەکستان کە پێکهاتبوو لە 17 سەرباز، ڕاسپێردرا بۆ ئەنجامدانی هاوکاریە ناوچەییەکە، کە گەواهی بەهای مەشقەکەی دەدا لە هاندانی بەشداربووان بۆ گەیشتن بە یەکرێزی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆرستی. ئەو ئۆزبەکستانی وەکو ئەندامێکی چالاك و گرنگ وەسفکرد لە پاڵپشتیکردنی سەقامگیریی ئاسایشی هەرێمەکە.



**هاوبەشە هاوپەیمانەکان لە زەوی دەکۆڵنەوە.**
ڕائید فیلێ بلانخارد/ پاسەوانی سوپای نیشتیمانی ئەمریکا

لە ماوەی خولی هاوکاریی ناوچەیی 22، ئێمە کارمان لەسەر کێشە پەیوەندیدارەکان بە زامنکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە کرد لە ڕێگەی کارکردن لە نزیکەوە سەبارەت بەسیناریۆ جیاوازەکانی دۆخە خێرا گۆڕاوەکانی جیهان،" ئەوە قسەی کۆلۆنێل ئەچیلۆڤ بوو "لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداربووانی مەشقەکە تواناکانیان پەرەی سەند لە ڕێکخستنی کاری پێکەوەیی لە تیمی کاتیی دروستکراو بۆ ئەو مەبەستە."

بریگەیت واڵکەر، جێگری سەرۆکی ئەرک لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاجیکستان، هاوپەیمانیی ناوچەیی کە لە ساڵی 2001 ەوە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە بەڕێوە دەبرێت وەکو نمونەیەکی سەرکەوتوو لە هاوکاریی ئاسایشی ناوچەکە بەرز نرخاند.

وا بڕیارە هاوکاری ناوچەیی دواتر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2023 لە مۆنتانا لە ئەمریکا بەڕێوەبچێت.

" ئەم مەشقە نمونەیەکە لە هاوکاری نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا، دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئاسیا، وە نیشاندانی پابەندبوونمان بە برەودان بە توانای هاوبەشەکانمان لە بەرگریکردن دژ بە میلیشیاکان و بنبڕکردنی بازرگانی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان،" هەمان بەرپرس ئەمەی ڕاگەیاند. ✦



# خزمەتکردنی
# یەمەن



سوپای یەمەن نمایشی سەربازی ئەنجام دەدەن لەشاری تایز لە جەژنی ڕێزلێنان لە دروستکردنی کۆماری یەمەن.

# فەرماندەی باڵای سەربازیی یەمەن لە پێناو ئاشتی و سەقامگیری لە وڵاتەکەیدا دەجەنگێت

**عەمید فەیسەڵ ئەلجەمال**، نوێنەری نیشتمانیی یەمەن لە فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا
وێنە لەلایەن گێتی ئیمەیجس

**فەریق . ساغیر مەحمود بن عەزیز** لە لوتکەی سوپای یەمەنی وەکو سەرۆکی دەستەی ئەرکان و سەرۆکی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان سوپا ڕاوەستاوە، خاوەن پیشەیەکی سەربازی کە لە قوتابخانەی ئامادەییەوە دەستیپێکرد لە ساڵی 1983، کاتێك کە دەستی بە ڕێچکەیەکی شکۆمەند کرد لەنێوان ژیانی سەربازی و مەدەنیدا لە حکومەتەکەی عەمران لە باکوری کۆماری یەمەن.

فەریق بن عەزیز ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتی سوفیان، یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی عەشیرەتی باکیل لە یەمەن. لە ساڵی 1967 لەدایکبووە، وە باوکی بن عەزیز شێخی یەکێک لە گەورەترین عەشیرەتە لاوەکییەکانی عەشیرەتی حرف سوفیان، وە یەکێك بووە لە شێخە سەرەکییەکانی هۆزی باکیل.

کاتێك کە ساغیر بن عەزیز لەبەر نەبوونی خویندنگەی گونجاو لە ناوچەکەی خۆی ناچاربوو بچێت بۆ سەنعای پایتەخت بۆ خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی، لە ساڵی 1983 پەیوەندیکرد بە سوپای یەمەنەوە و لە ساڵی 1990 پلەی بەرزکرایەوە بۆ نەقیبی دووەم. ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەشداریی شەڕی کرد لە پێناو یەکپارچەیی خاکی یەمەن.

لە هەڵبژاردنی ساڵی 1997 خۆی کاندیند کرد بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان لە پارتی کۆنگرەی گشتی گەلی خاوەن دەسەڵات و بازنەی دەنگدانی حەرف

**فەریق ساغیر حەمود بن عەزیز، سەرۆکی گشتیی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی یەمەن، لە ڕێورەسمی دەرچووانی نوێی خولی سەربازی لە مەریب لە مانگی حوزەیرانی 2022 قسەدەکات.**





سوفیانی بردەوە. بۆ جاری دووەم لە ساڵی 2003 خۆی کاندید کردەوە و دووبارە هەڵبژێردرایەوە بۆ پەرلەمان. لەو ماوەیەدا، ساغیر بن عەزیز لە کۆتایی ڕۆژەکەدا ژوورەکانی پەرلەمان بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بچێت بۆ قوتابخانە لە سەنعا لە پێناو فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

وەکو سەبازێك، ساغیر بن عەزیز سەرپەرشتیی چەندین ئەرکی کردوو و بە پەیژەی پلەی سەربازیدا سەرکەوت. ئەو چەندین پێکهاتەی سەربازی بەڕێوەبردووە و جێگری سەرۆکی ڕاهێنەر بووە لە کەمپی سەربازیی تارق بن زیادی پاسەوانی کۆماریی یەمەن.



لە مانگی ئەیلولی 2022، هێزەکانی ئاسایشی یەمەن بەشداری نمایشی سەربازی دەکەن لە شاری تەیز لە ساڵیادی شۆڕشی ساڵی 1962 کە تێیدا کۆماری یەمەن دامەزرێنرا.

ئەو وەکو سەرۆکی دەستەی چالاکیی کەمپی سەربازی تارق دەستنیشانکرا.

گرینگترین گۆڕاکانکاری لە ژیانی فەریق بن عەزیز لە ساڵی 2008 ڕوویدا، کاتێك یاخیبووانی حوسی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران بڕیاریاندا جەنگەکەیان بەرامبەر بە دەوڵەتی یەمەن لە سەعادەوە بەرەو هەرێمی حارف سوفیانی حکومەتەکەی عەمران بەرفراوان بکەن. ئا لەوێدا، بن عەزیز وەکو پەرلەمانتارێك، شێخێکی عەشیرەت، ئەفسەرێکی سوپای یەمەنی ڕووبەڕووی حوسییەکان بووەوە، وە هۆز و عەشیرەتەکانی لە پشت حکومەتدا یەکخست بۆ بەرەنگاربوونەیان. خۆی و پیاوانی عەشیرەتەکەی بەنەبەردی لە دژی حوسییەکان جەنگان، و دواتر حوسییەکان ماڵەکەیان تەقاندەوە، دەستیان بەسەر خانوەکەیدا گرت، و ژمارەیەکی زۆر هاوڕێکانی ئەندامانی هۆزەکەیان شەهید و بریندار کرد.

ئەم ئەزموونانە فەریق بن عەزیزیان کرد بە یەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی حوسییەکان. بوونی ئەو وەکو سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، و جارێکی تر چوونە مەیدانی جەنگ لەدوای کودەتای حوسییەکان و داگیرکانی پایتەختی یەمەن لە ساڵی 2014، نیشانەیی نەبەردییە.

لە ساڵی 2016، وەکو جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکان بۆ کاروباری مەشقکردن دەستنیشانکرا و پلەی بۆ فەریقی یەکەم بەرزکرایەوە. ساڵێك دواتر، بڕوانامەی ماستەری لە زانستی سەربازی بەدەستهێنا لە کۆماری سودانی هاوپەیمانمان، و لە ساڵی 2018 بڕوانامەی دواتری لە زانستە ستراتیژییەکان بەدەستهێنا لە کۆلێژی

خۆپیشاندەرانی یەمەنی داوا دەکەن گەمارۆی هەشت ساڵەی سەر تایز کۆتایی بێت کە لەلایەن یاخیبووە حوسییەکانەوە سەپێنراوە. فەرماندە ساغیر هەوڵی داوە هەلومەرجێکی گونجاوی ئاشتی لە یەمەندا دروست بکات.



بەرگریی نیشتمانی لە ئەکادیمیای باڵای سەربازی نیمێری لە سودان.

ئەو ڕۆڵی ڕاستەوخۆی خۆی لە کاروباری نیشتمانی یەمەندا بەدەستهێنایەوە لە دوای تەواوبوونی ڕێککەوتنامەی ستۆکهۆڵمی پاڵپشتیکراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە پارێزگای حودەیدە لەسەر دەریای سور، کاتێك وەکو سەرۆکی وەفدی حکومەت دەستنیشانکرا بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنامەکە و چاودێریکردنی پرۆسەی دووبارە جوڵەکردن.

لە ناوەڕاستی ساڵی 2019، سەرۆکی یەمەن عەبد ڕاببۆ مەنسور هادی، بن عەزیزی لیوای پێشووی بە فەرماندەی چالاکییە سەربازییەکان دەستنیشان کرد. ئەو گویزرایەوە بۆ پارێزگای مەڕیب، ناوچەی بارەگای سەرەکیی سوپای یەمەنی کە بەشێوەیەکی کاتی دامەزرابوو و بەشداری کرد لە جەنگێکی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانانی سعودی بۆ پشتیوانیکردن لە ڕەوایەتیی حکومەتی یەمەن.

لە مانگی شوباتی ساڵی 2020، سەرۆك هادی، لیوا بن عەزیزی وەکو سەرۆکی دەستەی ئەرکان دیاری کرد و پلەکەی بەرزکردەوە بۆ فەریق ، پلەیەك کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەفسەرە یەمەنییەکانەوە بەدەستهاتووە لە مێژووی وڵاتەکەدا. ئەو لەو کاتەوە، شان بە شانی سەربازەکانی لە بەرەکانی پێشەوەی گۆڕەپانی شەڕدا دژ بە میلیشیای حوسییەکانی سەر بە ئێران دەجەنگێت. لە کۆتایی دوو ساڵی ڕابردوودا ئامانجی ئەم شەڕانە بریتییە بووە لە پارێزگای ستراتیژیی مەڕیب.

فەریق بن عەزیز لە سەبازگەکان و بارەگا سەربازییە جێگیرکراوەکانی جەنگ نیشتەجێیە بۆ سەرکردایەتیکردنی جەنگەکە، و لە بەرامبەردا میلیشیای حوسییەکان بە موشەك و درۆنی بەرهەمهێنراو لەلایەن شارەزایانی ئێرانییەوە،کە بەتایبەت ئەم چالاکییانە بۆ حوسییەکان بەڕێوە دەبەن، هێرشی دەکەنە سەر. لە مانگی ئایاری 2020، کوڕەکەی بن عەزیز بە موشەکێکی بالیستیی حوسییەکان شەهیدکرا، هێرشێك کە بەهەمان شێوە حەوت لە هەڤاڵانی لیوای شەهیدکرد.


هەروەها حوسییەکان بە بەکارهێنانی سێ ساروخ ماڵەکەی فەریقیان لە باکوری شاری مەڕیب کردە ئامانج و لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2021 ڕوخاندیان، لەگەڵ ئەوەشدا بنکە سەرەکییەکانی ئەویان بۆ تا ماوەیەکی بەردەوام کردە ئامانج. ژمارەیەک لە خزم و هەڤاڵەکانی لە جەنگدا کووژران یان بە نیازی کوشتن بەئامانجگیران. سەرەڕای ئەوانەش، هەموو ئەم زیانانە تەنیا ئیرادە و بوێری فەرماندەکەیان لە بەرەکانی شەڕدا زیاد کردووە.

هەموو ئەوانەی کە فەریق بن عەزیز دەناسن بە کۆدەنگی گەواهی لەسەر ژیری ئەو پیاوە دەدەن و ئەو بەها کۆنانە دەناسێنن کە تایبەتمەندێتیی کەسیی ئەو دەردەخەن، بەهاگەلێک کە لە گۆشکردنە کۆمەڵایەتی و خێڵەکییەکە بۆی مابووەوە. بەهاکانی فەرماندە و مەشقە سەربازییەکانی ئەو پێکەوە کەسایەتییان کردووە بە پێکهاتەیەك لە سەرکەردەیەکی سادە و جەنگاوەرێکی نەبەرد.

ئامادەبوونی دڵنیاکەرەوەی فەریق بن عەزیز لە هێڵەکانی پێشەوە لەگەڵ سەربازەکاندا وەکو پاڵنەرێکی روحی دەمێنێتەوە بۆ ئەوانەی کە بۆ ئاشتیی یەمەن دەجەنگن. ✦

**فەریق ساغیر حەمود بن عەزیز (ڕیزی یەکەم، سێیەم لەلای راستەوە) و ئەفسەرانی تری یەمەنی پلە باڵا کە بەشداربوون لە بەشداری ڕێورەسمی دەرچوونی خولی سەربازی.**





# باشترکردنی شیکردنەوەی هەواڵگری

**ئاگادارکردنەوەی داڕێژەرانی سیاسەت لە هەڕەشە ئەگەرییەکان پێویستی بە وەرگرتنی تەکنیکەکانی هەواڵگریی هاوچەرخ هەیە**

**موقەدەم د. خالید محمد قەهتانی**، هێزی بەرگریی بەحرەین

شێوەسازی "یونیپاس"



**خاوەن پایە شا حەمەد بن عیسا خەلیفەی بەحرەین لە ساڵی 2022 سەردانی فەڕەنسای کرد.**
کریستیان لێوینگ/ABACAPRESS.COM

لە کاتی ڕەچاوکردنی بواری هەواڵگریدا، لێکۆڵینەوە دەروونییەکان ئەوە دەردەخەن کە مێشکی مرۆڤ لە خەباتدایە بۆ پێشکەشکردنی شیکارییەکی بەسوود و بێلایەن، مەگەر بە تەواوی گۆشکرابێت بە بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیکە پیشەییەکانی زیادکردنی زیرەکی.

ئەم ئامرازە بەرجەستە و مەعنەویانە لە کۆتاییدا کاریگەریی خۆیان دەسەلمێنن ئەگەر ئەنجامێکی ئاشکرا و دروست بەرهەم بهێنن کە بەهای هەبێت بۆ بەکارهێنەری ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان. ئەم سەردەمە نوێیە لە زانستی هەواڵگریدا پێویستی بە بیری کراوەیی هەیە بۆ زانیاری لە سەرچاوەی زیاتر. بیرکردنەوەی ڕەق - قبوڵکردنی تەنها ئەو ڕاستیانەی کە بە سەختی لەگەڵ زانیاریی پێشوخەتدا دەگونجێن - دەبێت بخرێتە لاوە. پێویستە شیکەرەوەکان خاوەنی جێگری دەروونی و سۆزدارییە بن بۆ گۆڕینی ڕێڕەو کاتێک بەڵگەیان بۆ بۆ فەراهەم دەکرێت کە دژایەتی گریمانە ئاسوودەکانیان دەکات. تەنیا بەم شێوەیە شیکارکەران دەتوانن ڕاپۆرتی هەواڵگری پوخت بکەنەوە کە خاوەن بڕیارەکان بیر ڕۆشن بکەنە لە میانەی بڕیردان لە چارەنووسی کۆمەڵگا و سیاسەت.

چاوەڕوان دەکرێت شیکارکەران هەواڵگری لە ئەرکی مرۆیی خۆیان تێبگەن و پابەندبن بەم بنەمایانەی خوارەوە:

- **سەرنجدان** لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکە بەگوێرەی سیاسەتی بەکارهێنانی میکانیزمی ورد لە شیکارییەکەدا. ئەمە لەگەڵ بزواندنی مێشک کە شیکارکەر بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی پرۆسەی شیکارییەکە دروست بێت.



پێویستە شیکەرەوەکانی هەواڵگری زانیاری جێمتمانە، هاوکات و بەسوود دابین بکەن بۆ سیاسەتمەداران.

**دابینکردنی هەواڵگری باش بۆ بڕیاردەرانی سیاسی و سەربازی پێکهاتەیەکی گرنگە لە بەرپاکردنی جەنگ و بەرپاکردنی ئاشتی.**

- **دروستکردنی** ڕاپۆرتی ئاسایشی کە پابەند بێت بە سیاسەتی ڕێکخراوەکە یان دەوڵەت پەسەندکردنی دەستبەجێ وەردەگرێت و شیکەرەوەکە پاداشتی گونجاوی پێدەدرێت. ئەو ڕاپۆرتە ئاسایشیانەی کە پێچەوانەی سیاسەتی داواکراون، پشتگوێ دەخرێن.
- **شیکارە داواکراوەکان** بگەیەنە بەکارهێنەر و باوەڕیان پێبهێنە کە ئەمە جێی متمانەتیە، و دڵنیابەرەوە لەوەی کە بەکارهێنەر بەپێی ئەوە کار دەکات.

هەروەها شیکەرەوەکانی هەواڵگری ڕووبەڕووی چەندین ئالەنگاری دەبنەوە، لەوانە:

- شیکەرەوەکان پێویستیان بە هەستێکی باشی کاتی هەیە لە پێشکەشکردنی شیکارییەکەدا.
- شیکارکەران نابێت هیچ کێشەیەکیان هەبێت لە بەرگریکردن لە ڕاپۆرتەکانیان و وەک ئەوەی پارێزەربن و بەرگری لە خاڵێکی یاسایی بکەن.
- پێویستە شیکارکەران سەرنجی داڕێژەرانی سیاسەت بەلای خۆیاندا ڕابکێشن بەبێ ئەوەی متمانەی خۆیان بکەنە قوربانی.
- بڕیاردەرانی سیاسی دەیانەوێت گوێبیستی پوختە و دەرەنجامگەلێکی ئاشکرابن کە لە کۆتاییدا خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن، شێواندنی شیکاری بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکی گشتی یان تایبەتدا بگونجێت، نائەخلاقی و ناپرۆفیشناڵە.
- ئەگەر شیکارکەرێك ئامانجی گۆڕینی بڕیارێکی سیاسی هەبوو سەبارەت بە ئاسایشی نیشتمانی، ئەوا دەبێت بەڵگەی بەرجەستەی متمانەپێکراو بخاتەڕوو. باشترین جۆری بەڵگە بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازە پیشەییەکانی هاوچەرخەکان.
- ڕاپۆرتەکان دەبێ پوخت بن - ڕەنگە یەک یان دوو لاپەڕە - بۆ ڕێزگرتن لە سەرقاڵیی داڕێژەرانی سیاسەت.
- باشتر وایە کێشە ئاڵۆزەکان دابەش بکرێن بۆ بەشی بچووکتر، تا بتوانرێت بە وردی و شارەزایانە تر شیکارییان بۆ بکرێت کە دەرەنجامەکەی دروستبوونی وێنەیەکی یەکگرتوو بێت.





**وەزیری دەرەوەی عێراق فواد حوسەین لە کۆنفرانسی دیالۆگی مەنامە بۆ ئاسایش قسەدەکات. بەحرەین پێگەی خۆی بەزردەکاتەوە بە میوانداریکردنی دیپلۆمات و وەزیرانی نێودەوڵەتی لە هەموو ساڵێکدا.**

AFP/گێتی ئیمەیجس

یەکێک لە گرنگترین کارەکانی شیکارکەر گەیاندنی خێرای ڕاپۆرتی نووسراو یان زارەکییە، کە پێویستە لەسەر بنەمای:

- هەستیاریی ئەو لایەنەی زانیاری وەردەگرێت. ئەوە زۆر گرنگە کە سەرۆکی دەستەیەکی حکومەت لەکاتی بڕیاردان کە کاریگەری لەسەر وەزارەتەکەی هەیە، نهێنی و مەترسیەکان بزانێت.
- پێویستە زانیاریەکان بە خێرایی و بەبێ هیچ بەربەستێکی ڕەسمییان بگەنە سەرکردایەتی.
- پێویستە زانیاریەکان ڕوون و دروست بن، دوور بکەونەوە لە زیادەڕەوی یان بەکەمزانین.
- لەبەر ئەوەی کات کەمە و سەرکردەکانی حکومەت بە گشتی سەرقاڵن، پێویستە شیکارکەرانی هەواڵگری هاوسەنگییەک دروست بکەن لە نێوان سەرکوتکردنی بڕیاردەرەکان بە زانیاری زۆر و پێدانی زۆر کەم.
- ئەوە گرنگە کە دڵنیا بین لەوەی ڕاپۆرتەکان دژیەك نین یان زانیاری دووبارەی ناپێویست پێشکەش ناکەن.
- بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێویستیانە، دەبێت دەزگای هەواڵگری و دەسەڵاتی حکومی کە پێویستی بە هەواڵگرییە، کەناڵە ڕوونەکانی پەیوەندی و هەماهەنگی بپارێزێت. پێویستە زانیاریەکان تا دەتوانرێت بە ئاسانی لەناو پێکهاتە و پلەبەندییە کارگێڕییەکاندا بڵاوبکرێنەوە.

بە بەکارهێنانی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم وتارەدا باسکراون، دەتوانرێت شیکاریی باشتر بکرێت بۆ وردبینیی زیاتر، سەرەڕای ئەو زانیارییانەی هەندێکجار ناڕوونن کە شیکەرەوەکانی هەواڵگری کاریان پێدەکەن. هەرچەندە شکستەکانی هەواڵگری هەرگیز بەتەواوەتی بنەبڕ نابن، بەڵام ئەم ڕێوشوێنانە ئەگەری ئەوە باشتر دەکەن کە بڕیاردەران بە باشی ئاگادار بکرێنەوە لەکاتی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام سیاسەت پەیڕەو بکەن. ✦



# فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا سواری ژێردەریایی وێست ڤێرجینیای ئەمریکی هەڵگری موشەکی بالیستی دەبێت

دەستەی "یونیپاس"

**لە** 19ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2022، فەریقی یەکەم کوڕیلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، سەردانێکی مەیدانیی ڕێکخست بۆ USS West Virginia، کە ژێردەریاییەکی هەڵگری موشەکی بالستیکی پلە دەریاوانیی ئۆهایۆیە لە شوێنێکی نهێنی لە سنورە ئاویە نێودەوڵەتیەکاندا لە دەریای عەرەبی.

کۆڕیلا بە هاوەڵیی جێگری لیوا چووە سەر USS West Virginia. براد کۆپەر، فەرماندەی کەشتیگەرلی دەریایی پێنجەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناوەندی هێزی دەریایی ئەمریکا. لەماوەی سەردانەکەیدا بۆ سەر ژێردەریاییەکە، فەریقی یەکەم کوڕیلا ژمارەیەکی زۆر لە تواناکانی ژێردەریاییەکی نیشاندرا، کە لە سەرانسەری جیهاندا لە ژێر لەژێر فەماندەی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USSTRATCOM) کاردەکات.

"من زۆر سەرسام بووم بە دەستەی USS West Virginia؛ ئەم کەشتوانانە نیشاندەری ئەوپەڕی شارەزایی پیشەیی، پسپۆڕی و فەرماندارین لە هەموو سوپای ئەمریکادا،" کێڵی ئەمەی وت. "ئەم ژێردەرياييانە خشڵی شاهانەی یەکەی ئەتۆمین، ڤێرجینیای ڕۆژئاوا پتەوی، بەرگەگرتن، ئامادەیی و توانای هێزەکانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا فەرماندەیی ستراتیژی ئەمریکا لە دەریادا نیشان دەدا."

هێزەکانی فەماندەی ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژانە 24 کاتژمێر چاودێری جیهان دەکەن، لە هەموو هەل و مەرجێکدا کاردەکەن، لەکاتێکدا پاڵپشتیی فەرماندەییەکانی تر دەکەن بۆ پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.


West Virginia یەکێکە لە شەش ژێردەریاییە موشەکیە بالیستیکیەکان کە جێگیر کراوە لە بنکەی ژێردەریایی گینگس بەی، لە جۆرجیا، وە لە توانایدایە هەتا 20 موشەکی بالیستیکی ژێردەریایی لەگەڵ چەندین کڵاوەی ئەتۆمیدا هەڵبگرێت. ✦

**"من زۆر سەرسام بووم بە دەستەی USS West Virginia؛ ئەم کەشتوانانە نیشاندەری ئەوپەڕی شارەزایی پیشەیی، پسپۆڕی و فەرماندارین لە هەموو سوپای ئەمریکادا."**

~ فەریقی یەکەم مایکڵ کوڕیلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا



فەریقی یەکەم کوریلا بە پێریسکۆپی سەر ژێردەریایی West Virginia دەڕوانێت.


شێوەسازی "یونیپاس"

# بەحرەین پابەندبوونی خۆی بە گەڕانی ئاشتیانەی بۆشایی ئاسمان دووپات دەکاتەوە

دەستەی "یونیپاس"

**چەندین** ساڵ لە دوای دامەزراندنی دەزگای نیشتمانیی بۆشایی ئاسمان (NSSA)، بەحرەین بوو بە دووەم وڵاتی عەرەبی کە ڕێککەوتنامەی ئارتیمیز واژۆ بکات، ڕێککەوتنامەیەك کە لەلایەن ئەمریکاوە ڕابەرایەتی دەکرێت بۆ پێکهێنانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ گەڕانەکانی دۆزینەوەی بۆشایی ئاسمان.

محەمەد ئەلعەسیری، سەرۆکی ئاژانسی بۆشایی ئاسمانی بەحرەین، لە میانی دانیشتنێکی وتووێژی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و بەحرەین لە مانگی ئازاری ساڵی 2022، ڕێککەوتنامەکەی واژۆکرد. لە مانگی شوباتی یەکەمی ساڵی 2022، وڵاتەکە یەکەم مانگی دەستکردی خۆی بەگەڕخست، کە پێی دەوترا Light-1. ئامانجی بەرنامە پاڵپشتکراوە دارایيە هاوبەشەکەی بەحرەین و ئیماڕات بریتی بوو لە پێوانەکردنی تیشکەکانی گامای بەرگەهەوا.

"من خۆشحاڵم بەوەی کە بەحرەین پابەندبوونی خۆی لە گەڕانی ئاشتیانەی بۆشایی ئاسماندا نیشاندا، ئەمەش بە واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی ئارتیمیز،" بەڕێوەبەری NASA بیڵ نێڵسۆن ڕایگەیاند. ئەم بڕیارە گربگەی بەحرەین دوای ئەوە هات کە وڵاتی ناوبراو کەشتیی ئاسمانی Light-1 بە سەرکەوتووی بەرە و بۆشایی ئاسمان ڕەوانەکرد، کە لەلایەن دەزگای نیشتمانی بەحرەین بۆ زانستی ئاسمانی گەشەی بە هاکاری وڵاتی ئیماڕات، واژۆکەرێکی تری ئارتیمز، پەرەی پێدرابوو.

NASA بە یەکەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕێککەوتنامەکانی ئارتایمزیان لە ساڵی 2020ڕاگەیاند، کە کاتەکەی هاودەمە لەگەڵ بەرنامەی بەگەڕخراو بۆ گەڕانەوەی کەشتیوانە ئاسمانییەکان بۆ سەر مانگ لە ساڵی 2024.

وواژۆکردنەکەی حکومەتی بەحرەین بریتی بوو لە بابەتی کۆبوونەوەکانی نێوان خاوە پایە شازادەی بەحرەین و سەرۆك وەزیران سەلمان بن حەمەد خەلیفە و سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەنتۆنی بلێنکن.

بەحرەین 17مین وڵات بوو بۆ بەشداریکردن لە ڕێککەوتنامەکە. هەرچەندە بەحرەین هیچ پلانێکی نییە بۆ بەشداریکردن لە دوايین هەوڵی گەڕانەوە بۆ سەر مانگ، بەڵام دەزگای بۆشایی ئاسمانی وڵاتەکە ئامانجەکانی خۆی دەستنیشان کردووە بۆ برەودان بە "زانستی بۆشایی ئاسمان و بنەما تەکنەلۆژییە پەیوەندیدارەکان."

هەروەها ساڵی 2022 وەکو ساڵی هەڵبژاردنی بەحرەین دەستنیشان دەکرێت بۆ بوون بە بەشێك لە بەرنامەی سەرپەرشتیکراو لەلایەن فەرمانگەی نەتەوە یەکرتووەکان بۆ کاروباری بۆشایی ئاسمان. دەزگای نیشتمانیی زانستیی بۆشایی ئاسمانی بەحرەین هەڵبژێردرا بۆ پەرەپێدان بە مانگێکی دەستکردی بازرگانی - کە پێی دەوترێت 'ئامان' - بۆ یارمەریدان لە دڵنیایی پەیوەندی لە نێوان مانگە دەستکردەکە و وێستگەیەکی زەمینی.. هەروەها ئیماراتی عەرەبیش لە بەرنامەکەدا بەشداره.

> "من خۆشحاڵم بەوەی کە بەحرەین پابەندبوونی خۆی لە گەڕانی ئاشتیانەی بۆشایی ئاسماندا نیشاندا، ئەمەش بە واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی ئارتیمیز، ئەم بڕیارە گربگەی بەحرەین دوای ئەوە هات کە وڵاتی ناوبراو کەشتیی ئاسمانی Light-1 بە سەرکەوتووی بەرە و بۆشایی ئاسمان ڕەوانەکرد، کە لەلایەن دەزگای نیشتمانی بەحرەین بۆ زانستی ئاسمانی گەشەی بە هاکاری وڵاتی ئیماڕات، واژۆکەرێکی تری ئارتایمز، پەرەی پێدرابوو."
>
> ~ بیڵ نێڵسۆن، بەڕێوەبەری ناسا

"ئامان بە یەکەم مانگی دەستکردی بازرگانی بەحرەین دادەنرێت کە بە تەواوی لەلایەن NSSAـوە دیزاینکراوە، دروستکراوە و تاقیکراوەتەوە،" ئەسیری ڕایگەیاند.

"ئەم هەڵە پێشتر هاوشێوەی نەبووە لە خواستمان بۆ بەشداریکردنێکی بەرچاو لە هەوڵی جیهانی بەرەو سەقامگیری، بەکارهێنانی سەلامەتیی بۆشایی ئاسمان و بنیاتنانی توانای نیشتمانی لە بواری بۆشایی ئاسماندا." ✦

سەرچاوەکان: NASA، سپەیس نیوز، ز نەشیۆناڵ



# ئۆزباکستان هاوبەشیی ستراتیژی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بەهێزدەکات

## کارکردنی پێکەوەیی قوڵ دەبێتە لە دوای زیاتر لە سێ دەیە لە پەیوەندیی دیپلۆماسیی گرنگ

**عەقید موزەفەر رەخمانەتوڵا**، پسپۆری سەربازیی باڵویزخانەی ئۆزبەکستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان

**ئێمە** لە ساڵی 2022، ئاهەنگی 31 ساڵەی سەربەخۆیی ئۆزبەکستانمان گێڕا، کە بەلای ئێمەوە پیرۆزە و ڕەهایەتیی هەیە. زیاتر لە هەر کاتێك، ئێمە سەربەستی، سەربەخۆیی و ئازادی خۆمان بەرزدەنرخێنین و نەوەی دامەزرێنەران هەمیشە لە بیرەوەریماندا دەمێننەوە کە ژیان و سەرمایە و شکۆی خۆیان بەخشی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتەکەمان.

ئەمە قسەی سەرۆکی ئۆزبەکستان شەڤکەت میزیۆیێڤ بوو: "ئۆزبەکستان لە قۆناغی بوژانەوەی نیشمانییەوە بەرەو قۆناغی خۆشگوزەرانیی نیشتمانی هەنگاو دەنێت."

ئێمە بە ڕاستی سوپاسگوزاری پاڵپشتییەکانی ئەمریکاین بۆ ئۆزبەکستان، بە دیاریکردنی هەنگاوێکی تر بەبۆنەی ساڵنامەی 30ی دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان لە نێوان ئۆزبەکستان و ئەمریکا. ئەم پەیوەندییە دوو لایەنە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا سوودی زۆری گەیاندووە بە وڵاتەکانمان و بە هەرێمەکە بەشێوەیەکی گشتی.

ئۆزبەکستان و ئەمریکا بۆ ماوەی 20 ساڵ هاوبەشییەکی ستراتیژیان پێکەوە هەبووە، هاوبەشییەك کە ئاسایش، سەقامگیری و بێشکەوتنی ئابووریی هەرێمەکە لە پێشینەی کارەکانیەتی. ڕاوێژکاری ساڵانەی سیاسی ناسراو بە 'گفوگۆی ستراتیژی هاوبەشەکان' هەلی نوێ دەرەخسێنێت بۆ نزیکبوونەوە و بەشداری بەهێزتری هاوکاری فرەلایەنە.

دەمەوێت سوپاسگوزاری خۆم نیشانبدەم بۆ هەموو هاوڕێکانمان لە سەرانسەری دەزگاکانی حکومەت بۆ کارە مەزنەکەیان. بەرفراوانکردنی هاوبەشی ستراتیژی نێوان ئۆزبەکستان و ئەمریکا بە ڕاستگۆیی و سوپاسگوزاریەوە پێکهات، ئەوەیش بەهۆی هەوڵەکانی دەستەی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی ئەمریکی ئۆزبەکی.

هاوکاریی سەربازی بناغەی هاوبەشییەکەمان بووە. من خۆشحاڵم بە دیاریکردنی سەرۆکی یەکەی پاسەوانی نیشتمانی فەریق مارك ساسیڤیلی و هاوڕێی کۆنم، سەرۆکی پاسەوانی نیشتمانی میسیسیپی لیوا جەیسەن بۆیڵێس. ساڵی 2022 دەبێتە دەیەمین ساڵیادی 'بەرنامەی هاوبەشیی دەوڵەت' لە نێوان وەزیری بەرگری ئۆزبەکستان و پاسەوانی نینیشتمانی میسیسیپی.

جێگەی خۆشحاڵییە ئاماژە بەوە بکەم کە لە ماوەی ئەم چەندین ساڵە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ میسیسیپی بەرفراوان بووە، تەنانەت بواره سەربازیەکەی تێپەڕاندووە. هەروەها دەمەوێت سوپاسی لیژنەی بەڕێوەبەری ئەمریکی-ئۆزبەکی و ئەندامەکانی بکەم بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکەیان.

ئۆزبەکستان و ئەمریکا لە خاڵێکی مێژوویدان کە دەکرێت زۆر شت بەدی بهێنرێت:

- ئێمە پشت دەبەستین بە پاڵپشتییە بەردەوامەکانی ئەمریکا لە سەربەخۆیی، سەروەری و سەلامەتیی ناوچەیی ڕەهای ئۆزبەکستان.
- ئەمریکا دەتوانێت لە ئاسیای ناوەڕاست سەرماگوزاری بکات بە پاڵپشتی کردن لە ڕێگاکانی گواستنەوە و وزە و برەودانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ناو ئابووریەکی یەکگرتووی بەهێزتر، و سووککردنی ئاڵنگارییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.
- دەکرێت بوونی ئەمریکا وەکو لایەنی ئابووری بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێت لەڕێگەی بەشداربوونی زیاتری کەرتی تایبەتی چالاك لەبوارەکانی تەکنەلۆژیا، داهێنان، بازرگانی دیجیتاڵی، وزەی خاوێن و نوێبووەوە، بازرگانی کشتوکاڵ، کوتاڵ، دارایی و بانکی.
- هەردوو وڵات دەتوانن کارکردنی پێکەوەییان بەهێزتر بکەن لە ناو C5+1 لە پێناو گەیشتن بە دەرەنجامە ویستراوەکان لە هاوبەشیەکەماندا. ئێمە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی کۆبوونەوەکان دەکەین لەسەر ئاستی وەزارەتەکان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. ✦

هێزەکانی ئۆپراسیۆنی تایبەتی ئۆزبەکستان و پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی مانۆڕی ئاسمانی ئەنجام دەدەن.

تێچ ئەفسەر جۆن ئەڵدەمان/پاسەوانی نیشتمانیی ئاسمانی ئەمریکا





سەربازێکی ئۆزبەکی تەقە لە ئامانجەکان دەکات لە میانەی پێشبڕکێی باشترین جەنگاوەری ساڵی 2022 ی پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی لە ناوەندی مەشقی پێکەوەیی هێزەکان لە کەمپی سەربازیی شێڵبی لە میسیسیپی.

ئەفسەر عەریفی پلە یەك شەین هاممان/پاسەوانی نیشتمانیی سوپای ئەمریکا

# دەیەیەک لە هاوبەشیي سەربازی

**بەرنامەی** هاوبەشی لەسەر ئاستی ویلایەت لە نێوان وەزارەتی بەرگری ئۆزبەکستان و پاسەوانی نیشتمانی میسیسیپی ئەنجامی مەزنی بەدەستهێناوە لە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵدا.

بەرنامەکە دەگونجێت لەگەڵ یەکەی پاسەوانی نیشتمانیی هەر ویلایەتێك لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش لە سەرانسەری جیهان بۆ پێکهێنانی کاری پێکەوەیی ئاسایش.

لە نێوان ساڵانی 2012 و 2022، میسیسیپی و ئۆزبەکستان بەشدارییان کردووە لە 198 بۆنە، 44 کۆبوونەوەی فەماندەیی باڵا، 51 کۆنفرانسی دوو لایەنە و چوار مەشقی چالاکی سەربازی جیاوازکردوە، لە وانە مەشقی فەرماندەی ناوەندی هاوکاریی هەرێمی ئەمریکا.

”من سوپاسی 10 ساڵەی هاوبەشیە نایابەکەمان لەگەڵ سەرکردە و ئەدامانی ئەنجومەنی خزمەتی ئۆزبەکستان دەکەم،“ ژەنەڕاڵی یاریدەدەری پاسەوانی نیشتیمانیی میسیسیپی جەیسەن مۆیلێس ئەمەی ڕاگەیاند. ”هەوڵە هاوبەشەکانمان لە ڕێگەی تێگەیشتن و پاڵپشتی لە ئامانجەکانی بەرگری ئاسایش، هاوبەشییەکەمانی بەهێزتر کردووە و بناغەی سەکۆی متمانە و کارکردنی پێکەوەیی داڕشتووە.“

ئەمانە هەندێك زانیاریی گرنگن:

- لە ساڵی 2015، پێنج پاسەوانی باڵای نیشتمانی میسیسیپی سەردانی ناڤۆلیان کرد لە ئۆزبەکستان، بە ئامانجی مەشق پێکردنە هاوبەشەکانمان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی خودڕەوی دژە کەمینی مینی ئەمەریکی (MRAP).
- لە ساڵانی 2018 و 2019 نوێنەرانی سیاسیی ئۆزبەکستان و میسیسیپی بەشداریان کرد لە کۆبوونەوەی وەفدی بازرگانی بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی ئابووریی لەنێوان هەردوو وڵاتدا.
- لە ساڵی 2020، لیوا بۆیلێس میوانداری کەسانی خاوەن پلەی باڵای کرد، لەوانە باڵوێزی ئۆزبەکستان لە ئەمریکا جاڤلۆن ڤاخەبۆڤ، باڵوێزی ئەمریکا لە ئۆزبەکستان دانییڵ ڕۆسبڵەم، جێگری بەڕێوەبەری فەرماندەی ناوەندی ئەمریکا بۆ پلاندانان عەمید دویك پیراك و حاکمی ویلایەتی میسیسیپی. تەیت ڕییڤ حاکم، ڕیڤس ئێوارە خوانێکی لە کۆشکی حاکمدا بۆ وەفدەکە ڕێکخست.
- لە مانگی ئابی ساڵی 2021، 24 سەربازی ئۆزبەکی بەشداریان لە مانۆڕێکی ئاسمانیدا کرد لەگەڵ سەربازانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت (SOF) و پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی. ئەمە یەکەمجار بوو ئۆزبەکستان و هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی میسیسیپی بە هاوبەشی مانۆڕێکی ئاسمانی ئەنجام بدەن.
- لە ساڵی 2021، تیمی 20ـهەمی هێزە چەکدارەکانی سەر بە کەتیبەی 2ی پیادەی پاسەوانی نیشتمانی میسیسیپی چوار ڕاهێنەریان دابینکرد بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی ئۆپراسیۆنی تایبەتی ئۆزبەکستان لە خوێندنگەی فەرماندەیی فرۆکەی بچوکی هێزە دەریاییەکان هەمان ئەو ڕاهێنەرانە بەردەوامییاندا بە مەشقپێکردنی هاوبەشە سەربازییەکان لە ئۆزبەکستان بۆ ماوەی شەش هەفتە.
- پێنج سەربازی پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تەشکێنت خزمەتیان کردووە. ✦



سەربازێکی ئۆزبەکی خولێکی بەربەستی سەربازی بە هاوبەشی لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی میسیسپی لە میانەی پێشبڕکێی باشترین جەنگاوەری ساڵی 2022.

ئەفسەر عەریفی پلە یەک شەین هاممان/پاسەوانی نیشتمانیی سوپای ئەمریکا

# هاوبەشێک لە چاودێریدا

## لیوای هێزی دەریایی محەمەد یوسف عسام، فەرماندەی هێزەی دەریای شاهانەی بەحرەین، بزوێنەری هاوپەیمانی دەریایی ناوچەکەیە

دەستەی ”یونیپاس“



**ليواى** هێزى دەريايى محمد لە ساڵى 1979 وەكو كانديدى ئەفسەر پەيوەندى كردووە نە هێزى بەرگرى بەحرەينەوە و نێردراوە بۆ ئەكاديمياى دەريايى پاكستان كاراچى، كە لەوێدا بە پلەى ناياب بەكالۆريۆسى لە زانستى دەرياوانيدا بەدەستهێناوە. لە چەندين پلەدا لەناو بەلەمە موشەكييە دەرياييەكاندا وەك ئەفسەرى كەشتيوانى و ئەفسەرى ئۆپەراسيۆنەكان بەرەوپشچوو تا لە ساڵى 1993 فەرماندەيى يەكەم كەشتيى خۆى گرتە ئەستۆ لەگەڵ دامەزراندنى بۆ بەلەمى موشەكى ئەلجابرى.

پۆستە فەرماندەييەكانى كەشتييەكانى تر چاوەڕێى ئەميان دەكرد، لەوانە سەر فڕۆكەى سابا - هەتا ئەو كاتەى لە ساڵى 2009 دا سەرپەرشتى گروپى تايبەتى دەريايى بەحرەينى كرد. دواى دوو ساڵ پۆستى بەرپرسى بەشى مەشق و ڕاهێنانى وەرگرت. ساڵى 2012 وەك جێگرى فەرماندەى هێزى دەريايى شاهانەى بەحرەين دەستنيشانكرا. لە ساڵى 2017 - پلەكەى گۆڕدرا بۆ پۆستى بەرزتر- فەرماندەى هێزى دەريايى.

ليواى هێزى دەريايى محەمەد ئەزموونى دەريايى خۆى تەواو كرد لەگەڵ كاروبارى خول لە ئەكاديمييە دەرياييە ديارەكان لە سەرانسەرى جيهاندا. ديارترينيان كۆرسێك بوون لە پەيوەندييە نێودەوڵەتييەكان لە شانشينى يەكگرتوو لە ساڵى 1986، كۆرسێكى فەرماندەيى و ستاف لە شانشينى يەكگرتوو لە ساڵى 1990، بڕوانامەى دبلۆمى باڵا لە ياساى دەريايى لە يۆنان لە ساڵى 1997، هەروەها كۆرسێكى جەنگى دەريايى لە زانكۆى جەنگى دەريايى ئەمەريكا لە ساڵى 2008.

كاروانى سەربازييەكەى بە ڕێزلێنان پۆشراوە: مەدالياى پلەى يەكەمى بەحرەين، ميدالياى پلەى دووەمى بەحرەين، ميدالياى پلەى يەكەمى ديالۆگ، فەرمانى شايستەيى سەربازى، فەرمانى هێز، مەدالياى خزمەتى مەيدانى، فەرمانى گالانترى، فەرمانى پێگەيشتن و مەدالياى خزمەتكردنى درێژخايەن

ليواى هێزى دەريايى محەمەد ڕازەمەندى خۆى نيشاندا بۆ چاوپێكەوين لەگەڵ "يونيپاس" دەربارەى ڕۆڵى هێزى دەريايى شاهانەى بەحرەين لە بەدەستهێنانى ئاسايش لە ناوچەكە:

**"يونيپاس": ئايا بەرپرسياريەتى هێزى دەريايى شاهانەى بەحرەين چييە؟**

**ليواى هێزى دەريايى محمد:** بەرپرسيارێتى هێزى دەريايى شاهانەى بەحرەين دەكەوێتە نێو سيستەمى هێزى بەرگرى بەحرەين كە لەلايەن خاوەن شكۆ پاشاى حەمەد بن عيسا خەليفە، پاشاى وڵات و فەرماندەى باڵاى خۆشەويست دامەزراوە، خوا بيپارێزێت. تێڕوانينى ستراتيژى پاشا ئەوە بوو كە شانشينى بەحرەين هێزێكى دەريايى هاوچەرخى هەبێت لەپێناو پاراستنى دەستكەوتەكانى نەتەوەكە و ئەو شۆڕشەى لە نيوەى دووەمى سەدەى 20 بينيبووى. ئەركى سەرەكى هێزى دەريايى بريتييە لە بەرگريكردن لە ڕێگا ئاوييە ناوچەيى و ئابوورييەكانى شانشين و پاراستنى سەقامگيرى و سەروەرييەكەى و بەرەنگاربوونەوەى ئەگەرى هێرشكردن.



ليواى هێزى دەريايى موحەمەد يوسم عەسام، سەردانى كەشيى فڕۆكە هەڵگرى سيۆدۆر ڕۆسڤێڵى ويلايەتە يەكگرتووەكان دەكات. ليواى هێزە دەرياييەكە پاڵپشتێكى سەرسەختى هێزە فرەنەتەوەييەكان بووە كە بەرگرى لە كەنداوى عەرەبى دەكەن.

ئەفسەى پلە نزم ئاستى 3 ئەلێكس ڕێڵمان/هێزى دەريايى ئەمريكا

**"يونيپاس": چۆن شانشينى بەحرەين دەستيكرد بە نوێگەرى لە هێزە دەرياييەكانى؟**

**ليواى هێزى دەريايى محمد:** سەركردايەتى ژيرانەى ئێمە گرنگى بە پەرەپێدانى هێزى بەرگرى بەحرەين دەدات، كە هێزى دەريايى بە بەشێكى گرنگ دادەنرێت. بە بەردەوامى لەگەڵ هێزە زەمينى و ئاسمانييەكان كار دەكات بۆ بەدەستهێنانى سيستەمێكى بەرگريى يەكگرتوو. ئەمڕۆ، لە سەدەى 21، دەبينين كە پێويستە هێزە سەربازييەكان لە كۆمەڵێك سيستەم پێكبهێنرێن - كەشتى دەريايى، هێزى فڕۆكەوانى، هێزى مرۆيى - بۆ جێبەجێكردنى ئەو ئەركانەى پێيان سپێردراوە. لە بوارى دەريايى و لەسەر بنەماى ستراتيژى سەربازيى ئاست بەرز، هێزى دەريايى



**كەشتييەكى بێفڕۆكەوانى سەر ڕووى زەوى شانبەشانى كەشتى هێرشبەرى خێراى هێزى دەريايى شاهانەى بەحرەين عەبدولڕەحمان فەدێل كاردەكات لەكاتى مەشقى 'ئاسۆى نوێ' لە تشرينى يەكەمى ساڵى 2022.** ئەفسەى پلە نزم ئاستى 2 داوسۆن ڕوس/هێزى دەريايى ئەمريكا

شاهانەی بەحرەین ڕێگایەکی گەشەپێدانی بەردەوامی گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم ئاستەنگانەدا هەنگاو بنێت. ستراتیژی هاوچەرخبوون و گەشەپێدانی هێزی دەریایی شاهانەی بەحرەین لەسەر چەند پایەیەکی سەرەکی دامەزراوە، کە گرنگترین و دیارترینیان توخمی مرۆڤە. کڕینی کەشتییە دەریاییە هاوچەرخەکان و گۆڕانکاریی لەکەشتییەکانی ئێستا بە نوێترین سیستەم دڵنیایی دەدات کە هێزی دەریایی دەتوانێت شان بە شان بەردەوام بێت لەگەڵ هێزە دەریاییە هاوچەرخەکان لە ناوچەکەدا. سیستەمە هاوچەرخەکانی تر کە پاڵپشتی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان دەکەن بریتین لە سیستەمی ڕادار و هەستەوەرەکان و سیستەمی ئاگادارکردنەوەی خێرا، هەروەها فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و بەلەم کە هێزی مرۆیی و چاودێری بۆ تەواوی جیهانی دەریایی دابین دەکەن.

**"یونیپاس": بۆچی بەحرەین بەشداری لە هێزە دەریاییە یەکخراوەکان دەکات(CMF)؟**

**لیوای هێزی دەریایی محەد:** جوگرافیای شانشینی بەحرەین کە کۆمەڵە دوورگەیەکە لە ناوەڕاستی کەنداوی عەرەبی و پەیوەندییە مێژووییەکەی لەگەڵ زەریا و بازرگانی جیهانیدا، بەحرەینی کردووەتە ناوەندێکی دەریایی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بازرگانی جیهانی ڕاکێشاوە. لە سەدەی ڕابردووەوە بەحرەین پشتیوانی لۆجستی و ئیداری بۆ زۆرێک لە کەشتییەکانی ناوچەکە دابین کردووە، ئەمەش بەحرەین دەکاتە ناوەندێکی دەریایی گونجاو بۆ هێزە دەریاییەکانی هاوپەیمانان. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ سیاسەتی شانشینی بەحرەین بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بۆ خزمەتکردنی گەشەی ئابووری. لەبەر ئەوەی بازرگانی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە دەریا و زەریاکان دەبەستێت - 80%ی بازرگانی جیهانی دەریاییە - شتێکی سروشتی بوو بۆ وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان کە داوا لە شانشینی بەحرەین بکەن ببێتە ناوەندێکی لۆجستی و پشتیوانی دەریایی بۆ ئەو کەشتیانە دابین بکات. دوای ئەو ئەزموونەی کە ناوچەکە بەسەریدا

**لیوای هێزی دەریایی بەحرەین ئامرازەکانی گواستنەوەی سەربازی بەشداربووی ئەردەن، سعوودیە و ئەمریکا نیشاندەدەن لە مەشقی سەربازیی 'شێری تامەزرۆ' لە مانگی شوباتی ساڵی 2022.**
ئەفسەی پلە نزم ئاستی 1 مارك مەحمود/ هێزی دەریایی ئەمریکا



تێپەڕیوە، هەموو جیهان تێدەگات کە پێویستە وڵاتان یەکگرتوو بن بۆ پاراستنی ڕێڕەوە نێودەوڵەتییەکانی گواستنەوە و ڕێگا ئاوییە ستراتیژییەکان. هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێت بەبێ هاوپەیمانی و هاوکاری نێودەوڵەتی ئاسایش مسۆگەری بکات.

**"یونیپاس": ڕاهێنانی نێوان هێزی دەریایی شاهانەی بەحرەین و هێزی دەریایی ئەمریکا چەندە گرنگە؟**

**لیوای هێزی دەریایی مجد:** ئامانجە گشتییەکانی شانشینی بەحرەین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بریتین لە پاراستنی ئاسایشی دەریایی ناوچەکە و بەردەوامبوونی تەوژمی بازرگانیی جیهانی لە ڕێگەی ڕێگا ئاوییە ستراتیژییەکانەوە. هەروەها هێزە دەریاییەکانی بەحرەین و ئەمەریکا لە ناوچە ئاوییە نێودەوڵەتییەکاندا کاردەکەن و لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتر هەماهەنگی دەکەن. هاوئاهەنگی لە نێوان هێزی دەریاییدا گرنگە و ڕاهێنانی بەردەوام ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە یەکخستنی چەمکەکان. ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە ئاستی ڕاهێنانەکان لە نێوان هێزی دەریاییدا بە درێژایی ساڵ زۆر کارا و بەردەوامە. ئێمە بووین بە هاوبەش لە کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی دەریایی ناوچەیی. هێزی دەریایی شاهانەی بەحرەین پاڵپشتی سەرەکی هێزە دەریاییە یەکخراوەکان دەکات وەک وڵاتێکی میوانداری هاوپەیمانی دەریایی و ئەمڕۆ ئۆپەراسیۆنی ڕاستەقینە ئەنجام دەدەین و تەنها بە ئەنجامدانی مانۆڕ سنووردار نین. ئێمە کەشتیمان هەیە لە دەریادا کە بەشدارن لە پاسەوانیی هاوبەش لەگەڵ هێزی جۆراوجۆری ئۆپەراسیۆنەکان، لەوانە هێزی ئەرکی کۆکراوەی سێنتینێل، و ئێمە پشتگیری هەموو ئەو فەرمانانە دەکەین بە هێزی مرۆیی کە ئەفسەر و دەریاوان دابین دەکات. ئێمە هاوبەشی ئاسایشی دەریایی ناوچەیین و هێزی دەریایی شاهانەی بەحرەین لە کەنداوی عەرەبییەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دەریای سوور.

لیوای هێزی دەریایی محەمەد یوسف عەسام، لە لای ڕاستەوە، بەشداریی لە نمایشێکی گوێزەرەوەی ژێرئاوی بێ سەرنشین دەکات هاوشێوەی ئەو گوێزەوانەی کە ویستی هەیە لەسەریان بۆ یارمەتیدانی بەرگریکردن لە ئاوە نیشتمانییەکان. لای ڕاستی جێگری لیوای ئەمریکی براد کوپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا، یەکەی 5ـەمین، ئەم هێزە دەریاییەکانی یەکخست.

ئەفسەی پلە نزم ئاستی 2 داوسۆن ڕوس/ هێزی دەریایی ئەمریکا



# کازاخستان بە درۆنی نوێ سنورەکانی خۆی دەپارێزێت

دەستەی "یونیپاس"

لە مانگی ئازاری 2022، باڵوێزخانەی ئەمریکا ڕاگەیاند کە کازاخستان فڕۆکەی هەوایی بێ فڕۆکەوانی بەگەڕخراو بە کۆنترۆڵی دەستی (UAVs) بەدەست گەیشت بۆ چاودێریکردنی سنورەکانی لە چالاکی تاوان و تیرۆرستیدا، سیستەمی فڕۆکەی هەوایی بێ فڕۆکەوانی بەگەڕخراو بە کۆنترۆڵی دەستی ناسراو بە "قەلەڕەش" بە شێوەیەکی بەرفراوان لە تەواوی جیهاندا لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە بەکاردێت. کێشی هەر فڕۆکەیەك 1.9 کیلۆگرامە، لەگەڵ کەمیی کێشیان، درۆنەکان ئاسانن بۆ بەکارهێنان و گونجاون بۆ چاودێریکردنی شەو و ڕۆژ و ئەنجامدانی ئەرکە سیخوڕییەکان لە فڕینی ئاسۆیی نزمدا.

درۆنە "قەلەڕەشەکان" وێنەی ڕەنگدار و/یان ژێر سور لەکاتی ڕاستەوخۆ دەگوازنەوە بۆ وێستگەکانی بەڕێوەبردنی زەمینی و وێستگە دوورەکانی چاودێریکردن. ژمارەی ئەو درۆنانەی کە حکومەتی ئەمریکا بۆ کازاخستانی دابینکردووە، ڕانەگەیەنراوە.

دوابەدوای گەیشتنی فڕۆکەی هەوایی بێ فڕۆکەوانی بەگەڕخراو بە کۆنترۆڵی دەستی بە کازاخستان، بەشی هاوکاری سەربازی و ئاسایشی باڵوێزخانەکە سەرپەرشتی مەشقپێکردنی هێزی پاسەوانی سنوری کازاخستانی کرد لە چۆنیەتی کارپێکردنی درۆنەکان. مەشقەکە لە چوارچێوەی بەشی 333 ـی بەرنامەی گەشەپێدانی توانای وڵاتانی هاوبەش ڕێکخرا.

کازاخستان بە هەمان شێوە توانیویەتی درۆن لە کۆمپانیای توساس (TUSAS) بکڕێت، کە کۆمپانیایەکی تورکیی بەرهەمهێنەری درۆنە. ڕێککەوتنامەی مۆڵەتپێدانی واژۆکراوی مانگی ئایاری ساڵی 2022 ڕێگەی بە کازاخستاندا دۆرنەکانی ئانکا (ANKA) کۆمپانیاکە لە ناوخۆی وڵاتدا بەرهەمبهێنێت.

ئەمە یەکەم جار نییە کازاخستان هەوڵی بەرهەمهێنانی درۆن دەدات لە ناوخۆی وڵاتدا. ساڵی ڕابردوو، کازاخستان درۆنی هەواڵگری "شاگەلا" (نەورەس)ـی بەگەر خست، کە لەلایەن زانکۆی بەرگریی نیشتمانی کازاخستانەوە بەرهەمهێنرابوو.

لەگەڵ ئەوەی کازاخستان شارەزایی تەکنیکی بۆ بەرهەمهێنان چڕتر کردووەتەوە، حکومەت ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەرهەمێهانی درۆنی سەربازی بە ڕێژەیەکی زۆر.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی فێرگانا، ئێرۆڤیرۆمێنت، پەڕەی تۆویتەری باڵوێزخانەی ئەمریکا لە کازاخستان، ئیۆراسیا نێت، بڵاوکراوەی بەشی بەرگری



سەربازێکی هێزی ئاسمانیي ئەمریکا درۆنی "قەلەڕەش"ـی لە بنکەی ئاسمانیي ئەڵعەدید لە قەتەڕ بەگەڕخست.

ئەفسەری باڵای هێزی ئاسمانی، ئاشڵی پێردیو/ هێزی ئاسمانی ئەمریکا

# ڕێککەوتنی نێوان میسر و کۆریای باشور بەدەستخستنی چەك هەمەچەشن دەکات

دەستەی "یونیپاس"

**لە** ڕێککەوتنێکی چەکدا بە بەهای زیاتر لە 1.6 ملیار دۆلاری ئەمریکی، بڕیارە میسر کەرەستەی سەربازی کۆریای باشور هاوردە بکات تا بتوانێت بەردەوامی بدات بە جەنگی دژ بە تیرۆری ناوخۆیی و جیهانی.

کۆبوونەوەیەکی لوتکە لە نێوان موون جەی ئین سەرۆکی کۆریای باشور و عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر لە قاهیرە بەسترا، کە تێیدا ڕایانگەیاند میسر هەڵدەستێت بە کڕینی تانکی دەبابەی جۆری K9 Thunderـی 155 ملمی خۆبزوێن لە کۆمپانیای هانوای بەرگری (Hanwha Defense Co) کۆریای باشور.

ڕێککەوتنامەکە کە لە مانگی شوباتی ساڵی 2022 واژۆکرا، بە لەخۆگرتنی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا بۆ ئەوەی توانا بە میسر ببەخشێت هەندێك لە تۆپهاوێژەکان بەرهەمبهێنێت لە ڕێگەی وەزارەتی بەرگری و بەرهەمهێنانی سەربازی میسرەوە.

"ئەمە دەستکەوتێکە لە ڕێگەی زنجیرەیەك لە هاوکاری تەکنەلۆژی، هەماهەنگی لە رووی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و پشتگیری تەواوی سێکتەرە حکومیەکان بەدەست هاتووە، کە ئاستی پەیوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو وڵات تێدەپەڕێنێت." بەڕێوبەری کارگێڕی بەرنامەی جڵەوگیری بەرگری کۆریای باشور، کانگ ئون هۆ ڕایگەیاند.

لە چوارچێوەی پلانی بەهێزکردنی سوپاکەی، حکومەتی میسر بنکەی ئاسمانی نوێ دروست دەکات، هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی فراوانتر دەکات و چەکی پێشکەوتوو هاوردە دەکات. جگە لە بەرهەمهێنانی چەك و تەقەمەنی لە ناوخۆدا، حکومەتی میسر ڕێککەوتنی گەورەی لەگەڵ وڵاتانی وەکو ئەمریکا، شانشینی بەریتانیا و ئیتاڵیا ئەنجامداوە.

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2021، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا فرۆشتنی چەکی بە بەهای 2.5 ملیار دۆلاری ئەمریکی بە میسر ڕاگەیاند، کە زۆربەیان پارەکەی لەلایەن بەرنامەی دابینکردنی دارایی سوپای بیانیی ئەمریکاوە دابینکرا. ڕێککەوتنەکە 12 فرۆکەی گوێزەرەوەی جۆری Super Hercules C-130 و ئامێری پەیوەندیدار و بەهەمان شێوە سیستەمە ڕادارییەکانی بەرگری ئاسمانی لەخۆدەگرێت.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی یۆنهاپ، ئەلئەهرام

# عومان ناونیشانی نێوەندگیرێکی متمانەپێکراو بەدەستدەهێنێت

دەستەی "یونیپاس"

لە وەڵامی داواکاری حکومەتەکانی شانشینی بەریتانیا، ئیندونیسیا، هندستان و فلیپین، سوڵتانی عومان لە مانگی نیسانی ساڵی 2022، ئاسانکاری کرد بۆ ئازادکردنی 14 هاوڵاتی بە بارمتەگیراوی بیانی لە یەمەن.

هاوڵاتییە ئازادکراوەکان بریتی بوون لە حەوت هاوڵاتی هیندی، سێ بەریتانی، فیلیپینییەك، ئیندونیسیەك و هاوڵاتییەکی میانماری. هەندێکیان بارمتەکان لە زیندانی تاکەکەسی بەندکرابوون، ئازاردرابوون و قەدەغەکرابوو سەردانیان بکرێت لەلایەن کەس و کاریانەوە.

"دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ شانشینی سعودیە بۆ ئاسانکاری لە دەرکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان، کەسە ئازادکراوەکان بە فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی شانشینی عومان لە سەنعاوە گوێزرانەوە بۆ مەسقەت،" دەزگای هەواڵی عومان ڕایگەیاند.

لوك سایمۆنس، کە یەکێك بوو لە بارمتە بەریتانییەکان، بە شێوەیەکی نایاسایی و بەبێ هیچ تۆمەتێك یاخود دادگاییکردنێك لە ساڵی 2017 وە دەستگیرکرابوو.

"من ستایشی هاوپەیمانە سعودی و عومانییەکانمان و تیمەکانی خۆمان دەکەم بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی بەندکراوەکە،" لیز ترەس ئەمەی ڕاگەیاند، دواتر وەزیری دەرەوە و کاروباری گەشەپێدانی شانشینی بەریتانیا و لاتانی کۆمۆن وێڵس ئەمەی دوپاتکردەوە.

عومان زۆر جار لە دانوستانەکانی بارمتە و دیبیلۆماسی ناوچەکە وەکو نیوەندگیر کاردەکات. نێوەندگیرییەکانی عومان بە تەنها سنوردار نەبوو بە قەیرانە گەورەکانی وەك پەرەسەندنی ئەتۆمی ئێران و ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداوی عەرەبی، بەڵکو قەیرانی بچووکتریشی لەخۆگرتبوو.

بۆ نمونە، سەڵتەنەت ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ئازادکردنی ئیزابێل پرایمی کارمەندی یارمەتیی فەرەنسی لە مانگی ئابی ساڵی 2015، ئەمە لە کاتێکدا کە چەندین مانگ پێشتر لە سەنعا ڕفێنرابوو.

هەروەها عومان بە هەمان شێوە لە مانگی شوباتی ساڵی 2022، دانوستانی لەگەڵ حوسیەکاندا کرد بۆ ئازادکردنی چوار ڕۆژنامەنووسی یەمەنی کە سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنرابوو لەلایەن میلیشیاکەوە، لەم بارەیەوە وەزیری زانیاری و کلتور و گەشتیاری یەمەن موعەمەر ئەلئیریانی وتی:

"میلیشیا حوسیەکان بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە بەردەوامی ڕۆژنامەنووس عەبدولخالق عومران، تۆفیق مەنسوری، هەیس حەمید، و ئەکرەم وەلیدیان لە هەلومەرجێکی سەختی دەستبەسەرکردن و زەوتکردنی مافەکان و نەبوونی چاودێری تەندروستی حەشاردابوو. وە دوای ئەوەی بە چەندین ئازاری دەروونی و جەستەی دەدرێن، بە تۆمەتی ساختە سزای مردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت."

سەرچاوەکان: ڕۆیتەرز، سی ئێن ئێن، ئەلجەزیرە



**وەزیری کاروباری دەرەوەی عومان سەید بەدر ئبن حەمەد بن حەمود بوسەیدی، لە ناوەڕاست، پێشوازی لە هاوتا یەمەنییەکەی ئەحمەد عەواد بن موبارەک، لە لای چەپ، دەکات لە مەسقەت لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2021.** AFP/گێتی ئیمەیجس





# فڕۆکەوانە پاکستانیەکان لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکانیان مەشق دەکەن

دەستەی "یونیپاس"

دوای سێ ساڵ هەڵپەساردن، هێزی ئاسمانی پاکستان یەکەم ڕاهێنانی مەشقی فرەلایەنی لەگەڵ هێزی ئاسمانی ئەمریکادا دەستپیکرد لە ماوەی چالاکی فالکۆن تەیڵەن (Falcon Talon) لە 28ی شوباتی ساڵی 2022 تا 4ی ئازاری ساڵی 2022.

فڕینی نمایشی، مانۆڕی ئاسمانی، خۆهەڵدان بە پەڕەشوت و هەڵکوتانەسەری کۆماندۆیی لەلایەن یەکە زەمینییەکانی هێزی ئاسمانی لە نێوان ئەو سیناریۆیانەدابوون کە لەلایەن هێزە مەشقکەرەکانەوە ئەنجامدەدران.

ڕاهێنەران جەختیان لەسەر "جێبەجێکردنیی گورجوگۆڵییجەنگی" لە نێوان سەربازانی هێزی ئاسمانی پاکستانی و ئەمریکی دەکردەوە، بۆ ئەوەی بتوانن توانا سەربازییەکانیان لە دەرەوەی پسپۆڕیە سنوردارەکاندا پەرەپێبدەن. بە ناوی ڕووداوی ڕاستەقینەوە، یەکە زەمینییەکان فەرمانیان پێکرا بە خێرایی ئەو فڕۆکانە پڕ چەك و پڕ سوتەمەنی بکەنەوە لە کاتێکدا کە هێشتا بزوێنەرەکانیان کاریان دەکردن.

فالکۆن تەیڵەن (Falcon Talon) یەکەم چالاکیی ڕاهێنانی دوولایەنە بوو کە لە ساڵی 2019ـوە ئەنجامدرا لەلایەن هێزی ئاسمانی پاکستان (PAF) و یەکەی نۆیەمی هێزی ئاسمانی ئەمریکا/ناوەندی هێزە ئاسمانییەکان (AFCENT) هێزی ئاسمانیی پاکستان مەشقێکی ئاسمانی فرەنەتەوەیی دوو هەفتەیی لە ساڵی2021 بەڕێوەبرد، بە ناوی ئەیسس مییت (ACES MEET)، کە تێیدا ئەفسەرانی حکومەتی ئەمریکا و سعودیە لەگەڵ ئەفسەرانی حکومەتەکانی بەحرەین و ئەردەن و میسرِ وەکو چاودێر بەشدارییان تێداکرد.

"بە بۆنەی 75ـهەمین ساڵیادی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و پاکستان، سوپاکانمان دڵخۆش بوون بە زیادکردنی چالاکی پێکەوەیی و توانای هاوبەشمان لە میانەی فالکۆن تەیڵەن (Falcon Talon)،" عەمیدی گشتیی سوپا جەیمس سیندڵ کە پێشتر هاوکاری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووکان بوو لە پاکستان، ئەمەی ڕاگەیاند.

"ئەنجامدانی چالاکییەکانی وەکو فڕینی ڕاستەوخۆ بە فرۆکە جەنگییە فاڵکۆنییە F-16 ـەکانی PAF و هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، وە هەروەها ئاڵوگۆڕکردنەکان لەگەڵ پسپۆڕانی پاراستن و هێزەکانی ئاسایش، دڵنیایی دەدات بەوەی کە سوپاکانمان ئامادەن لە ئەمڕۆدا بۆ سەرکەوتن بجەنگن و داهاتوودا کاریگەریی خۆیان نیشان بدەن."

مەشقەکە لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی 2022 بە ناردنی فڕۆکە جەگییەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە بنکەی چالاکی ئاسمانی لە پاکستان، دەستی پێکرد. بەڕێوەبەرانی مەشقەکە ڕونیان کردەوە کە چالاکیی فالکۆن تەیڵەن (Falcon Talon) جەخت دەکاتەوە لەسەر "سیناریۆی ڕوداوی سەردەمیی ڕاستەقینە" بۆ هەر ئەگەرێکی مەترسی سەربازی لە ناوچەکەدا.

لە قسەکردن لەگەڵ دەستەی جەنگیی هەردوو هیزە ئاسمانییەکە، فەریقی هێزی ئاسمانی پاکستان محمد زەید مەحمود پیرۆزبایی لە بەشداربووان کرد بۆ تەواوکردنی مەشقەکە بە سەرکەوتوویی. ئەفسەرانی ئەمریکی و پاکستای ستایشی لێهاتوویی پیشەیی دەستە ئاسمانی و زەمینییەکانیان کرد. وەکو نیشانەیەکی برایەتی، فڕۆکەوانانی پاکستانی و ئەمریکی لە کۆتایی فالکۆن تەیڵەندا (Falcon Talon) نیشانەی پلەی سەربازییان ئاڵوگۆڕکرد.

**کارمەندانی هێزی ئاسمانی پاکستانی و ئەمریکی لە بەردەم فڕۆکەی فالکۆنی جەنگی F-16ی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە ماوەی چالاکی فالکۆن تەیڵەن (Falcon Talon) لە مانگی شوباتی ساڵی 2022.**

عەریفی باڵا کریستۆڤەر پاڕ/ هێزی ئاسمانی ئەمریکا

# قیرغستان بە ئۆنلاین تیرۆریزم دەکاتە ئامانج

دەستەی "یونیپاس"

**هێزەکانی** ئاسایشی قرغستان سوودیان لە بەرنامەی هاوکاریکردنی بەرگاربوونەوەی دژ بە تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (CTAS) وەرگرت بۆ پەرەپێدانی توانا کردارییەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی چالاکی تیرۆریستی ئینتەرنێتیدا.

لە 1ی مانگی نیسانی ساڵی 2022، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە قرغستان مەشقپێکردنی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆی قرغستانی تەواو کرد بە ناوی "تەکنیکە ئاست بەرزەکانی لێکۆڵینەوە." مەشقە پێنج ڕۆژییەکە تیشکی خستە سەر چۆنیەتی ڕێگریکردن لەو تیرۆریستانەی کە سەکۆی هێرشی ئەلیکترۆنی وەکو تۆڕی کۆمەڵایەتی، مۆبایلی زیرەك و جی پی ئێس بەکاردەهێنن.

بە هەمان شێوە پەیڕەوەکە بابەتی ڕێگریکردن لە هێرشی ئەلیکترۆنی، شیکاری زانیاری و بەکارهێنانی ستراتیژی بەشداریی کۆمەڵایەتی پشت بەستوو بە مافەکانی مرۆڤی لەخۆگرتبوو لە پێناو کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی پەیامە توندوتیژەکان.

وۆرکشۆپەکەی مانگی نیسان لە دوای مەشقپێکردنێکی هاوشێوە هات کە لە مانگی شوباتی ساڵی 2022 لەلایەن باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ هێزەکانی چەسپاندنی یاسای قرغستان دابینکرابوو.

"حکومەتی ئەمریکا و کۆماری قرغستان پێکەوە کاردەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ڕوداوێکی تیرۆریستی لە هەر شوێنێك، و هەوڵ بۆ چڕکردنەوەی کارکردنە پێکەوەییەکان دەدەن لە داهاتوودا،" ئەفسەری ئاسایشی ناوچەکە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا ئێریك ئۆلرێد لە کۆتایی ڕێوڕەسمی مەشقەکە ڕایگەیاند.

CTAS کە لە ساڵی 1983 پێکهێنرا، بریتییە لە شێوازی سەرەکی حکومەتی ئەمریکا لە مەشقپێکردن و پرچەك کردنی دەزگاکانی چەسپاندنی یاسا لە سەرانسەری جیهاندا لە بەرەنگاربوونەوەیان دژ بە تیرۆر.

سەرچاوەکان: ڤێچێرنی بیشکێك، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە قرغستان

## تاجاکستان داوای یارمەتی لە حکومەتی ئەمریکا دەکات بۆ وەستاندنی ماددەی هۆشبەری نایاسایی

دەستەی "یونیپاس"

لە ژێر ڕۆشنایی زیادبوونی بازرگانیی ماددەی هۆشبەر لە سەرانسەری سنورەکانی، دەزگای کۆنترۆڵکردنی ماددەی هۆشبەری تاجاکستان (DCA) داوای هاوکاری کردووە لە ئیدارەی بەگژداچوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

"بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە بارودۆخی سیاسی ئەفغانستان، دووبارە سەرهەڵدانەوەی دەستە تاوانکارییە ڕێکخراوەییەکان لە ناوچەکە، و زیادبوونی بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگەی تاجاکستانەوە، دەسەڵاتدارانی تاجاکستان و ئەمریکا ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە بۆ بەهێزکردنی چالاکییە هاوبەشەکانیان لە ڕاگرتنی بازرگانیی ماددەی هۆشبەر،" دەزگای کۆنترۆڵکردنی ماددەی هۆشبەری تاجاکستان لە مانگی ئازاری ساڵی 2022 ئەمەی ڕاگەیاند.

بەگوێرەی ئامارەکانی دەزگای کۆنترۆڵکردنی ماددەی هۆشبەری تاجاکستان، دەزگاکانی چەسپاندنی یاسای حکومەتی تاجاکستان دەستیان گرت بەسەر زیاتر لە چوار تەن لە ماددەی هۆشبەری نایاسایی لە ساڵی 2021، واتە زیاتر لە 68.4% لە ڕێژەی ماددەی دەستبەسەردا گیراو لە ساڵی 2020 چێکەی ئاماژەیە ڕێژەی دەستبەسەرداگیراوی هێرۆین و حەشیش لە ساڵی 2021 زیاتر لە دوو ئەوەندەی ساڵی 2020 بوو.

ئەمریکا هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ یارمەتیدانی تاجاکستان لە کۆنترۆڵکردنی سنورەکانی لە چەکداری نایاسایی، بازرگانیی ماددەی هۆشبەر، وە بە هەمان شێوە کۆچکردنی نایاسایی. لە 5ی مانگی ئازاری ساڵی 2022، بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە دوشانبە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی سنور پرۆژەیەکی سێ ساڵیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

باڵوێزخانەی ئەمریکا پلانی بۆ خەرجکردنی 900,000 دۆلار بۆ ئەم پرۆژەیە دانا، کە مەشقکردنی پاسەوانی سنوری تاجاکستان و باشترکردنی ژێرخانی لەسەر سنوری نێوان ئەفغنستان و تاجاکستان لەخۆدەگرێت.

"لە ساڵی 2002ەوە حکومەتی ئەمریکا پرۆژەی جیاوازی جێبەجێکردووە بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی سنور لە ڕێگەی نۆژەنکردنەوە و بنیاتنانەوەی بنکە سنورییەکان، خاڵە دامەزراوەکانی پەڕینەوە لە سنور و سێ ناوەندی مەشقکردن. وە بە هەمان شێوە بەرنامەی هاوکاریشی دابینکراوە، لەوانە نوێکردنەوەی ئامێرەکان و مەشقپێکردن بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوخۆی تاجاکستان،" لە مانگی ئازاری ساڵی 2022 باڵوێزخانە ئەمەی ڕاگەیاند.

لە مانگی ئازاری ساڵی 2022، سەرۆکی دەزگای کۆنترۆڵکردنی ماددەی هۆشبەری تاجاکستان خەبیبوڵڵا ڤۆهیدزۆدا داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵتی کرد کە هاوکاری وڵاتەکەی بکەن لە بەرامبەر زیادبوونی هەڕەشەکان لەلایەن ئەفغنستانەوە، لەوانە بازارگانی ماددەی هۆشبەر و چەك و مرۆڤ، چالاکییە تیرۆرستی و توندوتیژییەکان، و تاوانی نێودەوڵەتیی تر.

سەرچاوەکان: یۆراسیا دەیلی، ڕەیدیۆ فری یۆروپ؛ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاجاکستان، ئازەر نیوز







ئەمیری قەتەڕ، خاوەن شکۆ شیخ تەمیم بن حەمەد سانی، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2022 سەردانی کۆشکی سپی کرد. ڕۆیتەرز

# هاوپەیمانێتیی ئەمریکا و قەتەڕ گەیشتە ئاستێکی باڵاتر

دەستەی "یونیپاس"

بەشێوەیەکی فەرمی حکومەتی ئەمریکا قەتەڕی وەکو هاوپەیمانێکی سەرەکی نائەندامی ناتۆ (MNNA) ناساند، نیشانەیەکی ڕوون لە نزیکبوونەوە لە بوارە جیاوازەکاندا.

لە مانگی ئازاری ساڵی 2022، جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا بە جێبەجێ کردنی بەڵێنێکی پێشتر بە ئەمیری قەتەڕ شێخ تەمیم بن حەمەد سانی، پەیامێکی سەرۆکایەتی بڵاوکردەوە کە تێیدا بەهێزکردنی هاوپەیمانیەتی نێوان هەردوو وڵاتی ڕاگەیاند. جارنامەی هاوپەیمانیەتیی سەرەکی نائەندامی ناتۆ پێگەیەکی تایبەتی ئابوری و سەربازی بە قەتەڕ بەخشی.

بە شوێنکەوتنی هەمان ڕێچکەی کوەیت و بەحرەین، ئێستا قەتەڕ سێیەم وڵاتی کەنداوی عەرەبییە بۆ بوون بە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکا لەو وڵاتانەی کە ئەندامی ناتۆ نین. تەنها 16 وڵاتی تر لەلایەن سەرۆکەکانی ئەمریکاوە ئەم ڕێزلێنانەیان پێبەخشراوە: ئوسترالیا، میسر، ئیسرائیل، ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئوردن، نیوزلەندا، تایلەند، کوەیت، مەغریب، پاکستان، بەحرەین، فلیپین، ئەرجەنتین، ئەفغانستان و تونس.

سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنامەی هاوپەیمانێتیی سەرەکی نائەندامی ناتۆ برگەی بەرگریی هاوبەش لەخۆناگرێت وەك ئەوەی لە نێوان ئەندامانی ناتۆدا بوونی هەیە، بەڵام سوودی سەربازی و ئابووری دەبەخشێت بە وڵاتی ناسێنراو کە بە ئەو وڵاتانەی دیکە نابەخشرێن کە خاوەنی ئەو ڕێزلێنانە نین.

وڵاتانی هاوشێوە دەتوان داواکاری بەدەستهێنانی کەرەستە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن، بەشداری مەشقی هاوبەشی سەربازی بکەن و بەڕێوەی ببەن، وە شارەزایی بەرگری ئاڵوگۆڕ بکەن. کۆمپانیا تایبەتەکان لەم وڵاتانەدا دەتوانن گرێبەست پێشکەش بکەن بۆ پاراستن یان چاککردنەوەی کەلوپەلە سەربازییەکانی ئەمریکا.

"ئەمە بوارێکی تەواو نوێ لە دەرفەت فەراهەم دەکات: مەشقکردن، چالاکی و، دەزانیت، ڕەنگە، بەهەمان ... شێوە بەدەستگەیشتنی تواناش،" سکرتێری ڕۆژنامەوانی پنتاگۆن جۆن کێرب. کێربی سەبارەت بە دەستنیشانکردنی قەتەڕ وتی.

جگە لە پیشوازیکردن لە فەرماندی ناوەندی ئەمریکا لە بنکەی سەرەکی ئەلعودەیدی ئاسمانی، قەتەڕ ئاسانکاری کرد لە دانوستانی نێوان حکومەتی ئەمریکا و تاڵیبان. دواتر قەتەر ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە ڕێخۆشکردن بۆ هەڵهاتنی دەیان هەزار ئەفغانی کاتێک تاڵیبان دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی بەسەر ئەفغانستاندا گرتەوە.

سەرچاوەکان: ئەلجەزیرە، نیویۆرك تایمز، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، سی ئێن ئێن

# ئۆزباگستان بەرەو دەدات بە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆری ئاسیای ناوەڕاست

دەستەی "یونیپاس"

**هەوڵەکانی** ئۆزباگستان بۆ چڕکردنەوەی سەرنجی جیهان لەسەر پرسەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕۆڵی وڵاتەکەی لە ڕابەرایەتیکردندا بەرزکردووەتەوە لە ناوچەکە.

لە سەتای مانگی ئازاری ساڵی 2022، تاشکێنت کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی باڵای بەڕێوەبرد، کە تایبەتکرابوو بە جێبەجێکردنی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری جیهانیی نەتەوە یەکگتووەکان. کۆنفرانسەکە سەرکردەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، باشوری ئاسیا و ئەوروپای بەیەکگەیاند و هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بەهێزکردنی کارکردنی پێکەوەیی ناوچەیی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ساتە گرنگەکەی کۆنفرانسەکە کاتێك بوو کە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕست ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە بەرەنگاربوونەی تیرۆر بە پابەندبوون بە ڕێککەوتنامەی تاشکێنت و پلانی کاری هاوبەش. واژۆکاران وەفدی کازاخستان، قرغستان، تاجاکستان، تورکمانستان و ئۆزبەگستانی لەخۆدەگرت.

ئەم بەڵگەنامانە ئەو هەنگاوانە دەخەنەڕوو کە پێویستن بۆ لەناوبردنی تیرۆریزم و هەڕەشە جدیبەکان لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەنتۆنیۆ گوتێریس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێگەی ڤیدیۆوە بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد، پابەندبوونی وڵاتانی ئاسای ناوەڕاستی بۆ جیهانێکی سەلامەت بەرز نرخاند.

هەفتەیەک دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا لە تورکیا، عەبدولعەزیز کامیلۆڤ وەزیری دەرەوەی ئۆزبەکستان و هێلگا شمید سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا (OSCE) جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی ڕۆڵی ئاسیای ناوەڕاست لە جێبەجێکردنی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان. لایەنێکی گفتوگۆکان لە تورکیا بریتی بوو لە ناسەقامگیریی ئەفغانستان.

کۆنفرانسی تاشکێنت لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئۆزبەکستان، ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا، ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا، ناوەندی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیپلۆماسیی خۆپارێزی لە ئاسیای ناوەڕاست و فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخرا.

سەرچاوەکان: ئۆزدەیلی، ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا، دەزگای هەواڵی فێرگانا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکمانستان

# ئەردەن ژمارەی دامەزراندنی سەربازانی ژن زیاد دەکات

دەستەی "یونیپاس"

لە مانگی نیسانی ساڵی 2022، ناوەندی مەشقی سەربازیی ژنان لە ئوردن ئاهەنگی دەرچوونی خولی ژمارە 2022/1 بۆ ئەفسەرانی پلەدار و بێپلەداری ژن ڕێکخست. دەرچووان پەیوەندی دەکەن بە یەکە تایبەتەکانی ئاسایش.

خولە شەش هەفتەییەکە توانای جەستەیی، فریاگوزاریی سەرەتایی، نیشانەگرتن، لێهاتوویی جەنگ، شەڕی مەودا نزیك، و لێهاتوویی شاخەوانی لەخۆدەگرت بۆ ئەو ئەرکانەی لە ناوچە نارێکەکاندا ئەنجام دەدرێن.

"هێزە چەکدارەکان هەوڵی برەودان بە سەربازی ژن و فراوانکردنی توانا سەربازییەکانیان دەدەن لە ڕێگەی خولی تایبەتمەندکراوەکان بۆ ئەوەی بیانگەیەننە ئاستێکی بەرزی پیشەیی تا بتوانن ئەرکەکانیان بە کارامەیی و لێهاتوویی جێبەجێبکەن،" موقەدەم سەلمان عەکالیك، فەرماندەی ناوەندی مەشقپێکردنی ژنان، ئەمەی لە وتاری دەستپێکردنی ئاهەنگەکەدا وت.

لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، پاشای کۆچکردوو حوسەین بن تەلاڵ هانی ژنانی دا بۆ بەشداریکردنی سەربازی، بە لەبەرچاوگرتنی باوەڕی پتەوی خۆی بە بنەمای یەکسانیی دەرفەت لە نێوان ژن و پیاودا.

سەرەڕای ئەمەش، ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن/سوپای عەرەب خزمەتیان دەکرد زۆر کەم بوو هەتاوەکو دامەزراندنی کۆلێژی پەرستیاریی شازادە مونا لە ساڵی 1962، کە لەوێوە یەکەم دەستەی خوێندکارانی سەربازی ژن لە ساڵی 1965 بە پلەی سەربازی مولازمی پلە دوو دەرچوون.

بەشداربوونی ژنان بەردەوام بوو لە زیادکردن، وە ئەم زیادبوونە بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی سەربازی ژنان لەلایەن حکومەتی ئەردەنەوە لە ساڵی 1995، بە تەواو گەشەی سەند. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەرپرسیاریەتیی هەموو کاروباری ژنانی لە هێزە چەکدارەکاندا خرایە ئەستۆ. بەڕێوەبەرایەتییەکە بەدواداچوون دەکات بۆ یاسا سەربازییە کارپێکراوەکان بۆ ژنان و هەموارکردنەوەیان بەگوێرەی پێویستی، شێوازی وانەوتنەوە و بەرنامەکانی مەشقکردن برەو پێدەدات، هانی دامەزراوانی نوێ دەدات و دەرفەت بۆ ژنان دەڕەخسێنێت تا پەیوەندی بکەن بە ئەو لقە سەربازییانەی لە پێشتردا بۆ پیاوان سنووردار کرابوون.

سەرچاوەکان: هێزە چەکدارەکانی ئەردەن/سوپای عەرەب



ژنانی سەربازیی ئەردەن بەشداری دەکەن لە پێشانگای هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە بنکەی ئاسمانی شا عەبدوڵڵای دووەم لە عەممان. ڕۆیتەرز

# ئەمریکا پابەندبوونی خۆی بە ئاسایشی عێراق دووپات دەکاتەوە

دەستەی "یونیپاس"

بۆ پیشاندانی پابەندبوونی حکومەتی ئەمریکا بە ئاسایش و گەشەسەندنی عێراق، فەرماندەی فەرمانگەی ناوەندیی ئەمریکا فەریقی یەکەم مایکڵ ئی. کوڕیلا سەردانێکی دوو ڕۆژەی بۆ عێراق لە مانگی ئابی ساڵی 2022 ئەنجام دا.

لە میانەی سەردانەکەیدا، فەریقی یەکەم کوڕیلا لەگەڵ سەرکردە سەربازی و مەدەنییەکانی عێراق کۆبووەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق موستەفا کازمی. بە پێی ڕاگەیەنراوێك لە نوسینگەی کازمی، دەوترێت کە هەردوو بەرپرس پرسەکانی هاوکاری لە بوارەکانی ئاسایش و سەربازی، جەنگی بەردەوامی دژ بە تیرۆر، و دوایین چالاکییەکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق دژ بە پاشماوەکانی داعشیان تاوتوێ کردووە.

کازمی جەختی کردەوە لەسەر گرنگیی بەردەوامیدان بە زەبری کوشندە لە جەنگی دژ بە تیرۆر و ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی شانەکانی داعش.

"دوای ئەوەی ئەرکی هاوپەیمانیەتی جیهانی دژ بە تیرۆر گۆڕا بۆ مەشقکردن، ڕاوێژکاری، هاوکاری و بنیاتنانی تواناکانی سوپای عێراق، ئێستا پێویستە ئێمە بەردەوامی بدەین بە هەوڵەکانمان و کۆتایی هێنان بە پاشماوەکانی داعش،" کازمی ڕایگەیاند.

لای خۆیەوە فەریقی یەکەم کوڕیلا لێهاتوویی هێزەکانی ئاسایشی عێڕاق و توانایان بۆ ئەنجامدانی چالاکی مەیدانی بە سوودوەرگرتنی تەواوەتی لە هێزی ئاسمانیی عێراقی بەرز نرخاند.

لە پێناو بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئەمنییە گشتییەکانی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی عێراق، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2008 هەردوو وڵات ڕێککەوتنامەیەکی ستراتیژیی چوارچێوەی کاریان بۆ پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری (SFA) واژۆکرد.

ڕێککەوتنامەی ستراتیژیی چوارچێوەی کار بۆ یارمەتیدانی خەڵی عێراق بنیاتنراوە تا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، سەربەستی خاکی عێراق پارێزراوتر بکەن، پەیوەندییە سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئەمنییە گشتییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق ئاسایی ببێتەوە و ببێت بە بناغەیەك بۆ پەیوەندیی دوو لایەنەی درێژخایەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

بۆ ڕێزگرتن ە پابەندبوونی بە ئاسایش و سەقامگیری عێراق بە بانگهێشتی حکومەتی عێراق، ئەمریکا لە 10ی مانگی ئەیلولی ساڵی 2014، دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیی فراوانی ڕاگەیاند کە پێکهاتبوو لە نزیکەی 80 وڵات، بۆ کۆتاییهێنان بە داعش و ئازادکردنی ئەو ناوچانەی عێراق کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2014 داگیرکرابوون لەلایەن داعشەوە.

لە دەرەنجامی ئەمەدا، حکومەتی عێراق لە مانگی یەکەمی ساڵی 2017 دا سەرکەوتنی خۆی بەسەر حوکمی "خەلافەت"دا ڕاگەیاند، دوای ئەوەی توانی هەموو شارەکانی لە داعش پاکبکاتەوە. و لە مانگی ئازاری ساڵی 2019، داعش کۆتا ناوچەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی باغوز لە سوریا لەدەستدا، و حەوت مانگ دواتر پێشەواکەیان ئەبو بەکر بەغدادی لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە کوژرا.

**سەرچاوەکان: شەرق ئەلئەوسەت، جەزیرە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، باڵوێزخانەی ئەمریکا، بەغداد**



# کوەیت چاکسازی لە پەیڕەوکردنی دادپەوەریدا دەکات

دەستەی "یونیپاس"

**دیمەنێك لەسەر کۆشکی دادی کوەیت، دادگای سەرەکیی وڵات**

ڕۆیتەرز

بۆ باشتر دەستگەیشتن بە دادپەروەری و پێڕاگەیشتن بەهۆی دواکەتنەکان کە لە ئەنجامی کۆڤید-19 ەوە ڕوویاندا، حکومەتی کوەیت لە مانگی نیسانی ساڵی 2022، سیستەمێکی پەیوەندیکردنی کۆنفڕانسی ڤیدیۆیی لە زیندانی ناوەندی دا دامەزراند بۆ بەئەنجامگەیاندنی دادگاییەکان لە هۆڵی دادگای ئەلیکترۆنیدا.

ئەنجومەنی باڵای دادوەریی کوەیت جەختی کردووە لەسەر گرنگیی بەردەوامیدان بە کارەکانی دادگا و پێویستی ئەنجامدانی دانیشتنەکانی دادگا بۆ ئەو دۆسیانەی کە ناکرێت دوابخرێن، لەوانە ئەو دۆسیانەی کە پەیوەستن بە کێشەکانی خێزانەوە.

یاریدەدەری  سکرتێری وەزیری داد بۆ زانیاریی تەکنەلۆژی، حەکیم قەڵاف ئاماژەی بە ئەوە کرد کە خزمەتگوزاریی دادگەری بەدیجیتاڵ و بە تەلەفزیۆن کردوە لە پێناو چەسپاندنی دادپەروەری و ئاسانکاری بەرەوپیشچوونەکانی دادگا بۆ هاوڵاتییان.

ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر زۆر بواری تر هەبووە وەك بە تەنها لەسەر زیندانی ناوەند و هۆڵەکانی دادگایی کردنی کۆشکی دادپەروەری. "چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا، خزمەتگوزاریی پێدانی کەفالەتی ئۆنلاین، ئۆنلاین و تۆمارکردنی داواکاری سەرەتایی و جاڕنامەی ئەلیکترۆنی بە شێوەی ئەلیکترۆنی بەگەڕخرا،" یاریدەدەری سکرتێر ئەمەی ڕاگەیاند.

کۆڤید-19 - کە یاساکانی کەرەنتین بوونە هۆی دواکەوتنی پرۆسە دادوەرییەکانیان - فشارێکی بەهێزی دروستکرد لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دووری لە سیستەمی دادوەریدا.

سیستەمی دادوەری کوەیت پێکهاتەیەکە لە یاسای گشتیی بەریتانی، یاسای مەدەنیی فەرەنسی، یاسای مەدەنیی میسری و یاسای ئیسلامی. وڵاتەکە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی جیهان دادەنرێت و شانازی بە ئاستی نزمی تاوان دەکات.

**سەرچاوەکان: ئەلئەنبا، ئەلجەریدە**




# سعودیە چاوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەسازیی ناوخۆیی دروستکردنی فڕۆکەیە

دەستەی "یونیپاس"

**لە** پێناو دامەزراندنی پیشەسازیەکی هاوبەش بۆ چاککردنەوەی هێلیکۆپتەرەکان لە شانشینەکەدا، دەستەی پیشەسازییە سەربازییەکانی سعودیە (SAMI) ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ کۆمپانیای بۆینگی ئەمریکی بەرهەمهێنەری فڕۆکە واژۆکرد.

بە وتەی وەلید ئەبو خالید، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای دەستەی پیشەسازییە سەربازییەکانی سعودیە، سندوقی وەبەرهێنانی گشتی کە بە تەواوی لەلایەن سعودیەوە خاوەندارێتی دەکرێت، لەم دواییانەدا ڕێککەوتنی هاوبەشی لەگەڵ 14 کۆمپانیا کە سێ لەوانە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهانن، لە میانەی پێشانگای بەرگری جیهانی واژۆکرد.

”سیانەی هێلیکۆپتەری پەروانە سووڕاوە کە لە شانشینیدا لەلایەن هێزە جیاوازەکانەوە کاریان پێدەکرێت، دەرفەتێکی گەورەیە بۆ بەخۆماڵیکردن و پەرەپێدانی شارەزایی نوێی بەردەوام،“ ئەبو خالد وەهای گوت.

لە چوارچێوەی هەوڵە بەگەڕخراوەکان بۆ بەخۆماڵیکردنی دەسکەوتەکانی بەرگری لە ’ڕوانگەی 2030‘، سعودیە لە مانگی ئازاری ساڵی 2022 بە بەشداری زیاتر لە 800 کۆمپانیا و 15 یەکەی نێودەوڵەتی میوانداریی پێشانگای جیهانیی بەرگریی کرد لە ڕیاز.

”ئەم کارە هاوبەشە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بەرگری زیاتر لە سعودیە ئەنجام بدرێت، ئەمەش دڵنیایی دەدات لەسەر هەلی کار و خۆشگوزەرانیی زیاتر لە شانشینی سعودیە،“ ئەحمەد خەتیب، بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی پیشەسازییە سەربازییەکانی سعودیە لە میانەی ڕێککەوتنی بۆوینگ ئەمەی ڕاگەیاند.

ڕێککەوتنی بۆینگ ڕێگە بە سعودیە دەدات لە ناوخۆدا هەلیکۆپتەرەکانی سیانە بکات و چاکبکاتەوە و چاکسازی بکات. ”ئێمە شانازی بەو پەیوەندییە درێژخایەنە 77 ساڵیەوە دەکەین کە کۆمپانیای بۆینگ لەگەڵ شانشینی سعودیەدا هەیەتی،“ تۆربۆرن شۆگرێن، جێگری سەرۆکی بۆوینگ بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی حکومی و دەزگاکانی بەرگری ئەمەی ڕاگەیاند.

حکومەتی سعودیە درك بە پێویستیی بەهێزکردنی

**بەشداربووانی پیشانگە ئامێرەکان نیشان دەدەن لە نمایشی جیهانیی بەرگری لە ڕیاز، لە مانگی ئازاری ساڵی 2022.**

ڕۆیتەرز

زیاتری هاوبەشییە پتەوەکەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەکات نەك بە تەنها بۆبەرەنگاربوونەوەی تیرۆری جیهانی بەڵکو بە هەمان شێوە بۆ پاڵپشتیکردنی لایەنی ئابووریی وڵاتەکەی بە ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ دانیشتووانە گەشەسەندووەکەی و بەخۆماڵیکردنی دەستەبەرکردنی کەرەستەی سەربازی.

بەم جۆرە، ’ڕوانگەی سعودیە بۆ 2030‘ پلانێك لەخۆدەگرێت بۆ بەخۆماڵیکردنی نیوەی کڕینە سەربازییەکان هەتا ساڵی 2030، بەبەکارهێنانی دەستەی پیشەسازییە سەربازییەکانی سعودیە وەکو بزوێنەری سەرەکی لە پەرەسەندنی پیشەسازیی بەرگریی سەربازی. دەستەی پیشەسازییە سەربازییەکانی سعودیە نزیکەی 2,400 کارمەند و 500 ئەندازیاری دامەزراندووە.

**سەرچاوەکان: ئەلعەرەبیە، ڕیاز دەیلی**



# ئیمارات هەوڵە دیپلۆماسیەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ باشترکردنی ئاسایشی ناوچەکە

دەستەی "یونیپاس"

**لووتکەیەکی** سێلایەنە بە سەرپەرشتیی هاوبەشی شازادەی ئەبوزەبی خاوەن پایە شێخ موحەمەد بن زاید ناهیان، خاوەن شکۆ شا عەبدوڵا بن حوسەینی ئەردەن و سەرۆکی کۆماری میسر عەبدولفەتاح سیسی لە مانگی ئابی ساڵی 2022 بەسترا بۆ تاوتوێکردنی ئاستەنگیەکانی بەردەم ئاسایشی ناوچەکە.

بابەتەکانی کۆبوونەوەی لوتکەی قاهیرە تیشکیان دەخستە سەر بەرپەرچدانەوەی هاوبەشی عەرەبی بۆ قەیرانەکانی هەرێمەکە و بە هەروەها ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی ئاسایشی خۆراک و وزە.

کۆبوونەوەکەی قاهیرە لە دوای کۆبوونەوەی شەش وڵات هات لە مانگی ئازاری ساڵی 2022، لە باشوری ئیسرائیل کە وەزیرانی دەرەوەی میسر، ئیمارات، مەغریب، بەحرەین، ئیسرائیل و ئەمریکای بەیەك گەیاند.

ئەوان گفتوگۆیان لەسەر ڕێککەوتنامەی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کرد، بەهەمان شێوە داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕوسیاوە، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و گۆڕانکارییەکانی دانوستانەکانی ڤییەنا. ژمارەیەکی زۆر لە شارەزا سیاسیەکانی میسر جەختیان کردووە لەسەر بەرژەوەندییە ناوچەییەکان بە ڕێگریکردن لە ئێران لە بەکارهێنانی بریکارە سەربازیەکان لە ناوچەکانی وەکو سوریا بۆ هاندانی توندوتیژی و ناتەبایی.

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتەکان ڕێککەوتن لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندیەکان و دروستکردنی دیداریکی هەمیشەیی بۆ بەشداریکردنی وڵاتان و هێشتنەوەی ئەندامێتی بە کراوەیی بۆ ئەو وڵاتانەی کە ویستی بەشداربوونیان هەیە.

ئیمرات لەلایەن شێخ محەمەد بن زاید ناهیانەوە نوێنەرایەتی کرا کە بە هەمان شێوە بەشداری کۆبوونەوەی لوتکەی چوار لایەنەی عەقەبەی کرد لە ئەردەن، لە مانگی ئازاری ساڵی 2022. بەشداربووە سەرەکییەکان بریتی بوون لە شا عەبدوڵا، سیسی سەرۆکی میسر و سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق موستەفا کازمی.

سەرچاوەکان: ئەلخەلیج ئۆنلاین، ئێلاف

# تورکمانستان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران دەدات

دەستەی "یونیپاس"

سیمینارێکی نێودەوڵەتی لە تورکمانستان لە مانگی ئازاری ساڵی 2022 دەربارەی هاوکاریی مرۆیی بۆ پەنابەران، کۆچبەران و کەسانی ئاوارەی ناوخۆ - هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکانی تر بە دەستبەسەرداگرتنی تاڵیبان بەسەر ئەفغانستاندا - چوار وڵاتی ناوەڕاستی ئاسیای پێکەوە کۆکردەوە.

ڕێکخراوی هاوکاری و کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا (OSCE) دەیان بەرپرسی لە سەرانسەری ناوچەکە بانگهێشت کرد بۆ عەشقابادی پایتەختی تورکمانستان. سەرەڕای ئامادەبووانی دامەزراوەکانی سنوری نیشتمانی لە تورکمانستان، کازاخستان، ئۆزبەکستان، قرغستانەوە، بەشداربووان لە ڕێکخراوی هاوکاری و کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا، نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکوومیەکان، و بەرنامەی سەرپەرشتیکردنی سنور لە ناوەڕاستی ئاسیا، کە کۆمەکی دارایی کراوە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە، هاتبوون.

جۆن مەککرێگەر، سەرۆکی ناوەندیی ڕێکخراوی هاوکاری و کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا لە عەشقاباد، جەختی کردەوە لەسەر گرنگیی مامەڵەی هەمەلایەنەی کۆچکردن لە سەر ئاستی ناوچەکە.

"لە سەرانسەری جیهانەوە، لە نێوانیانیشدا لە ناوچەی ڕێکخراوی هاوکاری و کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا، ملیۆنان خەڵک لە دەرەنجامی شڵەژانی ژینگەیی یان دەستکردی مرۆڤەوە لە کۆچدان، لە زۆربەی دۆخەکانیشدا ئەم کۆچکردنە ناچارییە. هەر لەبەر ئەمەش، برەودان بە سیاسەتێکی کاریگەری کۆچکردن بوارێکی گرنگی ستراتیژییە بۆ سەقامگیری و گەشەی ئابووری" مەککرێگەر ڕایگەیاند.

بەرپرسانی وڵاتانی کازاخستان، قرغستان، تورکمانستان و ئۆزباگستان باشترین چالاکی کرداری وڵاتەکەیان لە بەڕێوەبردنی کۆچبەراندا خستەڕوو. ئامادەبووان تیشکیان خستە سەر کارکردنی پێکەوەیی نێوحکومی و نێورێکخراوەیی لە بەڕێوەبردنی قەیرانی کۆچکردن، بە ئاماژەدان بەوەی کە تێپەڕاندنی سنورەکان لەلایەن مرۆڤەوە بریتییە لە تایبەتمەندیی سەرەکیی سەدەی 21 و بەجۆرێك لە داهاتوشدا ئەمە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بە سەرپەرشتیکردن لەلایەن حکومەتی نەرویجەوە، سیمینارەکە بەشێك بوو لە پرۆژەیەکی ڕێکخراوی هاوکاری و کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا کە پێی دەوترا "بەهێزکردنی توانای خزمەتگوزاریی سنوری تورکمانستان."

سەرچاوە: ڕێکخراوی هاوکاری و کارکردنی پێکەوەیی لە ئەوروپا

# هێزەکانی ئاسایشی لوبنان بەرەنگاری بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان دەبنەوە

دەستەی "یونیپاس"

هێزەکانی ئاسایشی لوبنان چالاکیەکی گەورەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەریان پەکخست لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر ماڵی بازرگانی خاوەن ماددەی هۆشبەر بە ئۆپراسیۆنێکی لەناکاو لە ناوچەی مەتن، پارێزگای چیای لوبنان، و هەرێمی کەسەروان، پارێزگای کەسرەوان- جبێل.

بڕێکی زۆر پارە، کەرەستەی پێچانەوە و بڕێکی زۆر لە کۆکاینی هاوردەکراو لە هەڵمەتی گەڕانەکەدا لە ماڵی بازرگانی خاوەن ماددەی هۆشبەر دەستیان بەسەردا گیران.

هێزەکانی ئاسایشی لوبنان مێژوویەکی درێژیان هەیە لە دەستگیرکردنی بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و جوتیارانی بەروبومی نایاسایی. لە ماوەی ناسەقامگیری و گێژاو بەهۆی شەری ناوخۆ لە ساڵانی 1975 بۆ 1990، میلیشیاکان بە ڕادەیەکی زۆر فرۆشتنی ماددەی هۆشبەریان بەکاردەهێنا بۆ زیادکردنی هێز و هەژموونیان.

لە ماوەی ئەو ساڵانەی گێژاوی سیاسی، دۆڵی بەقاعی لوبنان ساڵانە 1,000 تەن لە حشیش و 50 تەن لە ئۆپیۆم بۆ دروستکردنی هێرۆین بەرهەمدەهێنا.

سەرەڕای سەرکەوتنی لوبنان لە ڕاگرتنی بازرگانی نایاسایی لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆ، بەڵام سەرهەڵدانی جەنگ لە سوریا لە ساڵی 2011 بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان. لە هەرێمەکانی سەر سنوری سوریا، تاوانباران چالاکییەکانیان لەسەر مەودای پیشەسازیکردن دەستپێکرد. خاکی بەپیت و ژینگەی گونجاو وای لە دۆڵی بەقاع کردووە ببێتە شوێنێکی نمونەیی بەپیت بۆ چاندنی حەشیش.

هێزەکانی ئاسایشی لوبنان جارێکی تر بەرپەرچیان دایەوە. هەرە بەرچاوترین دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر بریتی بوو لە دۆزینەوەکەی ساڵی 2020 کە 25 تەن حەشیش دەگوێزرایەوە بۆبەندەری بەیروت بۆ هەناردەکردن بەرەو ئەفریقا.

لە ساڵی 2018، هێزی ئاسایش عەلی زەید ئیسماعیل، بازرگانی خاوەن ماددەی هۆشبەری بەدناو، و حەوت کەسی تریان لە ڕوداوێکی تەقەکردن لەگەڵ یەکەیەکی سوپای لوبنان لە شارۆچکەی حەمودییە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی لوبنان کوشت.

**سەرچاوەکان: ئەلعەرەبیە، ئەلجەزیرە**

**کرێکاران لە کێڵگەیەک لە گوندی یەمونە لە دۆڵی بەقاع لە ڕۆژهەڵاتی لوبنان دەچێنن.** AFP/گێتی ئیمەیجس





# هاوبەشپێکردنی زانیاری

”یونیپاس“ گۆڤارێکە بەخۆڕایی بۆ ئەو ئەفسەرانە دابین دەکرێت کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

## بیبەخشە بە ”یونیپاس“

هەر بیرۆکەی چیرۆکێك، نامە بۆ سەرنووسەر، وتاری هزری، وێنە و ناوەڕۆکی تر بنێرە بۆ دەستەی سەرنووسەرانی ”یونیپاس“ لە CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

## ئامۆژگاریی پێشکەشکردن

- وا پەسەندترە بابەتی پێشکەشکراو بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت. ”یونیپاس“ خۆی وەرگێڕان دابیندەکات.
- نابێت وتار لە 1,500 وشە زیاتربێت.
- تکایە با هەر پێشکەش کردنیك ژیاننامەیەکی کورت و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لەخۆبگرێت.
- پێویستە قەبارەی فایلی وێنە بە لایەنی کەمەوە 1 مێگابایت بێت.

## مافەکان

نووسەرەکان خاوەنی هەموو مافەکانی کەرەستە ڕەسەنەکانی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان هەیە بە وتارەکاندا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شێواز و پانتاییان تێدا بەرجەستە ببێت. پێشکەشکردنی وتار زامنی بڵاوکردنەوەی ناکات. بە بەشداریکردن لە ”یونیپاس“، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕازیت بەو مەرجانە.

**بۆ بەشداریکردنی بێبەرامبەر ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بۆ CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL**

:یاخود نامەمان بۆ بنێرە بۆ
Unipath
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

تکایە با ئەمە ناوی خۆت، پیپشەکەت، ناونیشان و پلەکەت، ناونیشانی پۆستە و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت لەخۆبگرێت.

HTTPS://UNIPATH-MAGAZINE.COM/KU